





# کورد لە دۆزەخی پەیماننامەکاندا

## ئامادەکردنی: زاهیر سەدیق

-------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# كورد له دۆزەخی پەیماننامەكاندا




ئامادەكردنی: زاهیر سدیق

## پێشەكی

## پەیمانی ئەماسیا

دابەشكردنی كوردستان پرۆژەیەكی درێژخایەن بووە داگیركەرانی نیشتمانی كورد خۆیان پێوە ماندووكردوە، بەدرێژیی مێژوو خاكی كوردستان بووە بەگۆڕەپانی ململانێی زلهێزەكان جگە لەماڵ وێرانی ونەهامەتی و بەدبەختی وكوشتارو دابەشبوون هیچی تری بۆ كورد نەهێناوە، یەكەم پەیمانی فەرمی كە لەنێوان سەفەوی و عوسمانیدا بەسترا و تێیدا هێڵە سنوورییەكان كەوتنە ناو خاكی كوردستانەوە، پەیمانی ئەماسییابوو لەڕێكەوتی ٢٩ی مایسی ١٥٥٥ لەشاری ئەماسیا لەناوەڕاستی ئەنادۆڵ، یەكەمین ڕێكەوتننامەی ئاشتی نێوان عوسمانی و سەفەوییەكان لەنێوان سوڵتان سولەیمانی عوسمانییەكان و شا تەهماسبی سەفەوی مۆركرا، لەسەرچاوە دیرۆكییەكانەوە باسكراوە بەپێی ئەم ڕێكەوتنە ویلایەتەكانی ئازربایجان و ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات و گورجستانی ڕۆژهەڵات بۆ سەفەوی و گورجستانی ڕۆژئاوا و نێوان دوو ڕووباری عێراق درایە عوسمانی، بەپێی ئەم ڕێكەوتننامەیە شاری قارس بەناوچەی بێلایەن دانرا،

**ڕێكەوتننامەی ئەماسیا پێی لەسەر چوار خاڵ داگرت كە بریتی بوون لە:**



سەرچاوە
Serchawe

١- گێڕانەوەی ویلایەتی قارس و قەڵای قارس کە لەژێر دەستی سەفەوییەکاندا بوو بۆ ژێر دەستەڵاتی عوسمانی.

٢- دیاری کردنی سنووری ویلایەتی شارەزوور کە کێشە وهەرایەکی زۆری لەسەر بوو لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی سەفەوی دا.

٣- دابینکردنی سەلامەتی حاجی و گەشتیارە ئێرانییەکان لە لایەن عوسمانیەکانەوە کە دەچوون بۆ زیارەتی ئیمامەکانی شیعە لەعێراق

٤- لەم ڕێکەوتنەدا هەردوولا هەڵهاتوانی یەکتری نەگرنە خۆیان.

## عوسمانیەکان پانتاییەکی زۆر فراوانی کوردوستانیان بەرکەوتووە

**مامۆستا هەستیار محەمەد:** زیانەکانی پەیماننامەی ئەماسیا زۆرخاڵ ئەگرێتە خۆی، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە یەکەم پەیماننامەیە سنووری کوردی تێدا دیاریکراوە، سنووری کوردستانی تێدا بەشکراوە لەنێوان هەردوو دەستەڵاتی سەفەوی و عوسمانی، ڕاستە سەفەوییەکان بەشێکی کەمتری کوردستانیان بەرکەوتووە، بەڵام عوسمانییەکان پانتاییەکی فراوانی کوردستانیان بەرکەوتووە.

## سنوری کوردستانیان دابەش کرد

**د. حەسیب مەحمود:** لەبەر ئەوەی سوڵتانی عوسمانی بەفراوانخوازیەکانی ناوچەکانی ئەوروپاوە سەرقاڵ بوو، گەرەکی نەبوو بەلای کێشەی دەوڵەتی سەفەوی دا بچێت، بۆیە پێی باش بوو ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بێت ڕێکەوتنێک لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی دا بکات. هەر ئەوە بوو ئیتر لەشاری ئەماسیا لەساڵی ١٥٥٥ لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی دا ڕێکەوتنێک بکات لەسەر دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت و زیاتر ناوچەکانی سنووری شارەزوور لەگەڵ ئەرزەرۆم و قارس، لەو ناوچانەدا سنوری کوردستانیان دابەش کرد، بۆیە ئەکرێت بڵێین پەیماننامەی ئەماسیا یەکەم پەیماننامەیە کە بەشێوەیەکی فەرمی لەسەر کاغەز سنوری کوردوستانی دیاری کردووە.

## لەرێگەی ئاینەوە شەڕی خۆیان بەخەڵک کرد

**مامۆستا هەستیار محەمەد:** خواستێکی سیاسی و سەربازی و خواستێکی زۆر گەورەی ئابووری لەگەڵدا بووە، بەڵام زیاتر لەرێگەی ئاینەوە خەڵکیان بۆ بازنەی شەڕەکانی خۆیان ڕاکێشاوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بەو شێوازە ئاڕاستەیان بکەن، ئایا بۆ

بەرزکردنەوەی لایەنی ئابووری خۆیانە؟ بۆ فراوانکردنی پانتایی رووبەری خۆیانە؟ بۆیە مەلا ئیدریسی بەدلیسی هەڵسا بەڕازی کردنی ژمارەیەکی زۆر لەکورد، لەو کاتەدا کورد هەندێ بەرژەوەندی بۆ دەستەبەرکراوە، راستە ئەوە تا ئەندازەیەک پێی ئەوترا سەربەخۆیی، واتە دەستەڵاتی میرایەتی، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمین جارە کورد ئەکرێتە ناو تۆمارەکانی عوسمانییەوە، یەکەمین ویلایەتی کوردی لەدوای جەنگی چاڵدێرانەوە لەساڵی ١٥٢٧ وە دروست ئەکرێ، ئەمەش لەدوای جەنگی چاڵدێرانەوە بەئاراستەکردنی ئەو کەسایەتییە کە نێوەندگیری عوسمانی و میرەکوردەکان بوو، توانای هەبووە ئەم کارە بکات، یەکەم ویلایەتی کوردی بەناوی ویلایەتی دیاربەکرەوە یان ئامەد ئەکەوێتە ناو تۆمارەکانی عوسمانییەوە. لەساڵی ١٥٢٠ ناوی دیاربەکر لەتۆمارەکانی عوسمانیدا وەک ناوچەیەکی کوردی دانراوە، دواتر لەساڵی ١٥٢٧ دا ئەم ویلایەتە بەهەموو ناوچەکانی دەوروبەرییەوە یەکلایی بووەوە، لەماوەی جەنگەکەشدا پێش بەستنی پەیمانی ئەماسیا لەساڵی ١٥٣٤ تا١٥٤٧ چوار ویلایەتی تری کوردی دروست ئەکرێ کە یەکەمین جارە بکەوێتە سنووری عوسمانییەوە، ئەم ناوچانە تا ڕادەیەکی زۆر نیمچە سەربەخۆبوون، چونکە عوسمانیەکان ئاراستەی فراوانخوازییان بۆ ئەو ناوچانە نەبردووە، ویلایەتی ئەرزەرۆم، ویلایەتی وان، ویلایەتێکی دیکەمان بۆ دروست ئەکرێ بەناوی ویلایەتی موسڵ وە، ویلایەتی شارەزوور، ویلایەتی شارەزوور سنوری پێ یەکلایی کراوەتەوە، جا ئەمەش وای لەکورد کرد مەیلی بۆ عوسمانی هەبێ هەم لەڕووی سەربازییەوە و هەم لەڕووی ئابوورییەوە.

### شا ئیسماعیل لەگەڵ ئەماراتە کوردیەکاندا زۆر توندوتیژ بوو

**د. حەسیب مەحمود**: پێش پەیماننامەی ئەماسیا شەڕەکە لەسەر خاکی کوردستان بوو، لەڕووی ستراتیژییەوە یاخود جوگرافییەوە سنووری ئەم دوو دەوڵەتە گەورەیە دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەکانی کوردستاندا بەریەک ئەکەوتن، واتە عوسمانییەکان بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیان بەدەستەوەبووە تا عێراقی ئەمڕۆ و ناوچەکانی باشوور. دەوڵەتی سەفەویش بەهەمان شێوە سنوورەکانیان لەناوچەکانی کوردستان بەریەک ئەکەوتن، ئەگەر بێین لایەنێکی تری ئەمە لەیەکبدەینەوە لەبەر ئەوەی پێش پەیماننامەی ئەماسیا کۆمەڵێک ئەمارەتی سەربەخۆ لەناوچە کوردییەکاندا هەبوون، سەرۆک هۆزەکان سەرۆکایەتیان ئەکرد بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ کاروباری خۆیان بەڕێوە ئەبرد، بەڵام کە دەوڵەتی سەفەوی هات و شا ئیسماعیل لەگەڵ ئەماراتە کوردیەکاندا زۆر توندوتیژ بوو، بەردەوام هێرشی دەکردە سەریان لەبەر ئەوە ئەمارەتە کوردییەکان نارەزایەتییەکی زۆریان لە شا ئیسماعیلی سەفەوی هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر لەڕووە ئاینیەکەوە لەیەکدانەوەی بۆ بکەین زۆربەی کوردەکان سوننە مەزهەبن و هەرچی دەوڵەتی سەفەوییە شیعە مەزهەبن، ئەمەش هۆکارێکی تربوو. ئەمارەتە کوردییەکان بۆ هەلێک یاخود بۆ لایەنێکی تری هاوپەیمان ئەگەڕان دژی دەوڵەتی سەفەوی بێت، دەوڵەتی عوسمانیش ئەو هەلەی قۆستەوە کە دەوڵەتۆکە کوردییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ئەمەش لەڕێگەی مەلا ئیدریسی بەدلیسیەوە لەساڵی ١٥١٥ واتە ساڵێک لەدوای شەڕی چاڵدێران مەلا ئیدریسی بەدلیسی بەنوێنەرایەتی سوڵتانی عوسمانی لەگەڵ ئەمارەتە کوردییەکاندا رێکدەکەوێت، لەبەندەکانی ڕێکەوتننامەکەشدا باسی ئەوە دەکات ئەگەر شەڕ ڕوویدات پێویستە کوردەکان پشتیوانی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، لەبەر ئەوە لەو بەندەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی ئەمارەتە کوردییەکان و سەرۆک هۆزەکان لەشەڕەکاندا پشتگیری دەوڵەتی عوسمانیان کردوە.

## وەک کارتی فشار دیلی یەکتریان بەکار ئەهێنا

**مامۆستا هەستیار محەمەد**: بەپێی پەیماننامەی ئەماسیا یەکێک لەخاڵەکانی کە زۆر جەختی لەسەر ئەکرێتەوە، ئەوەیە نەعوسمانیەکان نەسەفەویەکان نابێ پەنابەرەکانی یەکتری بگرنە خۆیان، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند شتێک یەکێک لەوانە هۆکاری پێش ڕوودانی پەیمانی ئەماسیا هەڵهاتنی کەسی زۆر گەورەکان چ لەبەرەی عوسمانی و چ لەبەرەی سەفەوییەکان پەنادراون و وەکو کارتی فشار بەرامبەر یەکتری بەکار هێنراون، یەک لەوانە براکەی(شا تەهماسب)بوو، هانیاندا ناوچەی شیروانە کۆنترۆڵ بکات، کاتێکیش شا تەهماسب کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە ئەکات، براکەی دنە ئەدرێت بچێتە ئەو ناوچەیە، دوای ئەوەی ئەچێتە ناوچەکە داوای دەستەڵات ئەکات، یەک لەوانەی کە زۆر دنەی ئەدات سوڵتان سولەیمانی قانونی بووە، بەهەمان شێوازی سیاسی شا تەهماسبیش ئەیەوێ هەمان کاردانەوەی هەبێت لەسەر سوڵتان سولەیمانی قانونی بەتایبەتی لەسەر سانمرای کەلای ئەو وەکو دینێک وایە، وەک کارتی فشار بەکارئەهێنرێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو بەندە دائەنرێ تاوکو ئیتر نەتوانن وەکو کارتی فشار دیلی یەکتری بەکاربهێنن، لەلایەکی دیکەوە بۆ ڕاگرتنی ئاسایشی ناوچەکە، ویلایەتی شارەزوور وەک سنوورێک لەنێوانیان دانراوە، بۆ ئەوەی ئاسایشی ئەو ناوچەیە بپارێزن و جموجوڵ لەوێدا ڕوونەدات و هەرکاتێک خەڵکی ئەم لایە لەو سنورەی کە خۆیان دەستنیشانیان کردووە هی عوسمانییەکان بچێتە لای سەفەوییەکان یا هی سەفەوییەکان بچێتە لای عوسمانییەکان ئەوە بەخاڵی هەڵوەشانەوەی ئاشتی دائەنرێت.

## ڕێکەوتننامە بۆ دابەشکردنی خاکی کورد

**د. حەسیب مەحمود**: کێشەکە لەوەوە سەرهەڵئەدا کاتێ ئەو دوو دەوڵەتە سنووری نێوان خۆیان دیاری ئەکەن لەئەنجامی شەڕو شۆڕی نێوان خۆیاندا لەسەر حسابی میللەتێکی تر سنوور دیاری ئەکەن، دیاریکردنی سنوور و لەسەر مەسەلەی شارەزوور کورد زەرەرمەندی یەکەم بووە، ئەمە وای کرد ئەو خەونەی کوردەکان هەیان بوو بۆ دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ نەیاتەدی، ڕێکەوتننامەی ئەماسیا و دابەشکردنی سنوور لەناوچەی شارەزوور بووە هۆی ئەوەی چەند ڕێکەوتنێکی تر بەدوای



سەرچاوە
Serchawe

خۆیدا بهێنێت کە زیاتر جەختکردنەوە بوو لەسەر دابەشکردنی کوردستان.

## فراوان کردنی رووبەری عوسمانی بەئاڕاستەی سەفەویدا

**مامۆستا هەستیار محەمەد**: دیاریکردنی سنووری ویلایەتی شارەزوور کە جەخت لەسەر چی ئەکاتەوە؟ بڵێین پانتایی سنووری سەفەوی تا کوێ ئەڕوا لەئاڕاستەی ڕۆژئاوای دەوڵەتی سەفەوی دا کە دەکاتە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی واتە دیاریکردنی ویلایەتی شارەزوور، ئەم ڕووبەرە چەندی بەر سەفەوی بکەوێت ئەوەندە پانتایی ئیمبراتۆریەتی سەفەوی دیاری ئەکرێت، پانتایی سەفەوی تا ئەو سنوورەیە، تا چەند زیاتری بەر عوسمانی بکەوێت پانتایی عوسمانی لەلای سەفەوی لەم خاڵەدا کۆتایی دێت. واتە فراوان کردنی رووبەری عوسمانی بەئاڕاستەی سەفەویدا، سنوری ویلایەتی شارەزوور بەو شێوازە دیاری ئەکرێت و ئەبێ چەند شتێکی تێدا بپارێزن یەک لەوانە ئاشتی دەبێ لەئەماندابێ و پارێزگاریی لێ بکرێت، چونکە حاجییەکانی سەفەوی بەو ناوچانەدا تێدەپەڕین، ئیتر بۆ ناوچەکانی نەجەف وکەربەلا ئەچن کە حەجی شیعەکانە؟ یان ئەچن بۆ ناوچەکانی حیجاز؟ لەبەر ئەوە جەختیان لەپارێزراوی ناوچەکە کردووەتەوە، بەشێوازێک کە ئەگەر هاتوو کەسێکی سەفەوی یا کەسێک لەلای سەفەویەکانەوە بەرەو ناوچەکانی عوسمانی هات ئەوە ئەرکی سەرشانی عوسمانییەکانە کە تەندروستی یاخود هەموو بارودۆخێکی ئەو کەسایەتیانە وەکو بازرگانێک یا وەکو حەجاجێک لەناوچەکەدا بپارێزرێت.

## لەئەمارەتە کوردییەکان دەترسان

**د. حەسیب مەحمود**: ڕاستە هەر دوولا دوژمنی یەکتری بوون وشەڕو شۆڕەکانیان لەسەر خاکی کوردستان ماوەیەکی زۆری خایاندووە، لەدەستەڵاتی ئەمارەتە کوردییەکان زۆر دەترسان بەتایبەت لەو کاتانەدا کۆمەڵێ ئەمارەتی کورد هەبوون حوکمی ناوچەکانی خۆیان بە سەربەخۆیی ئەکرد، ئەو سەرۆک هۆز و ئەمیرە کوردانە شۆڕش بکەن و جەنگ دژی لایەنەکەی تر یاخود بەپێچەوانەوە، یان ئەوانەی دەوڵەتی سەفەوی پاڵ بدەن بەدەوڵەتی عوسمانییەوە سەر ئێشە و شەڕو شۆڕ بۆ دەوڵەتی سەفەوی دروست بکەن، ئەوانەی دیکەش بۆ دەوڵەتی عوسمانی، لەبەر ئەوە مەبەستیان بوو بەهەموو شێوەیەک دەنگی نارەزایی ئەماراتە کوردییەکان کپ بکەن، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر خەونی کوردەکان بۆ سەربەخۆی هەبوو.

## پەیمانی زەهاو

شەڕ و ململانێ لەنێوان هێزەکانی عوسمانی و سەفەویدا بەردەوام بوو خاکی شەڕەکەش سەر زەمینی کوردستان بووە، لەگوند

و شارەکانی کوردوستاندا خاپوورکردن وپێشێلکاری ڕوویدا، هەر دوو زلهێزەکە بۆ فراوانکردنی سنووری دەستەڵاتیان مافی گەلی کورد وکوردستانیان فەرامۆش کردبوو، ئەم شەڕ و کاولکارییەی نێوان هەردوو هێزەکە نە لەسەرخاکی خۆیان بوو نە بۆ وەرگرتنەوەی خاکی خۆیان بوو. بەڵکو بۆ داگیرکاری بوو. پاش شەڕی چاڵدێران لەساڵی ١٦٣٣دا دانوستان ڕوویدا لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی بەئامادەبوونی شا عەباسی یەکەم و دەوڵەتی عوسمانی بەئامادەبوونی سوڵتان مورادی چوارەم پەیمانی زەهاو یاخود پەیمانی گولستان مۆرکرا، ئەم پەیمانە شوومە بە وەرچەرخانێکی پڕ مەترسی دێتە ئەژمار، ئەم پەیمانە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانی کرد بەدوو بەشەوە، کورد وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی حکومەتی ناوەندی هەردولا بەکار ئەهێنرا، بەپێی بەندەکانی پەیماننامەی زەهاو زەوییەکانی هۆزی کەلهوڕ و خۆرهەڵاتی ناوچەی شارەزوور لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی بمێنێتەوە زەوییەکانی هۆزی موکری لەسەر هێڵی سنووری نوێ بکرێت بەدوو بەشەوە.

**یەکەم:** ناوچەی شارەزوور لەژێر دەستەڵاتی عوسمانی بمێنێتەوە.

**دووەم:** ناوچەکانی سەقزو سەردەشت و بانەو زەهاو تا باشووری کرماشان چارەنووسی بۆ پەیمانی داهاتوو بمێنێتەوە، شوێنەکانی نزیک بەم ناوچانە لەڕووی کارگێڕییەوە وەک خۆی بمێنێتەوە، هیچ لایەنێک یارمەتی هۆز وتیرە یاخیبووەکان کە مەبەست لەکوردەکانە نەدەن و نەیانکەن بەگژ یەکتریدا، شای سەفەوی بەڵێن بدات پەلاماری قەڵاکانی ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەدا، بەپێی ئەم پەیماننامەیە کوردستان کرا بەدوو بەشەوە بەشی خۆرهەڵاتی خرایە سەر دەوڵەتی سەفەوی و بەشەکانی تری لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا مایەوەو لەڕووی کارگێڕی گشتیەوە بەسترانەوە بەئەستەنبوڵ.

## کورد لەنێوان دۆزەخی ڕێکەوتننامەکاندا

**د.پشکۆ حەمە تایەر ناخجەلەری:** کوردستان بەدرێژایی مێژوو بەتایبەتی دوای دروست بوونی دەوڵەتی سەفەوی لەساڵی ١٥٠١ بووە ناوچەی ململانێی نێوان دوو ئیمبراتۆریەتە، ئەویش سەفەوی و عوسمانی بوو. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی شوێنی کوردستان کە نزیکەی سەد میلی سنووری عوسمانی و سەفەوی پێک دێنێ، بەپێی ئەم پەیماننامەیە وەک دەزانرێ لەساڵی ١٧ مایسی ١٦٣٩ دا بەسترا هۆکاری بەستنی ئەم پەیماننامەیە دەگەڕایەوە بۆ ئەو شەڕانەی لەنێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەدا دروستبوو، پاش ئەوەی هەردوو لایان لەشەڕکردن هیلاک بوون، هەرچەند پێشتریش لەچەند هودنەیەکی سەربازی کە هەندێ جار ناوی ڕێکەوتننامەشی لێنراوە، وەک ئەماسیا، وەک نەورۆز، وەک سەراو، وەک هودنەکانی (٦١١) و(٦١٣) هیچیان نەیانتوانی بوو پەیماننامەیەکی وا لەسەر سنوور بهێننەکایەوە، بۆیە لەو کاتەی سوڵتان مورادی چوارەم لەساڵی ١٦٣٨ دا هێرشی کردە سەر بەغدا و داگیرکرد، سەفەوییەکان بەرەو لاوازی چوون نوێنەری

خۆیان ناردە لای عوسمانییەکان تا بتوانن سوود لەکات وەربگرن، جا لەو حاڵەتانەشدا عوسمانییەکان بەئاسانی ڕازی نەبوون. ئەوە بوو چەند نوێنەرێکی سەفەوی چوونە لای سەدری ئەعزەمی ئەو کاتەی ویلایەتی بەغدا و دواتر سوڵتانی عوسمانی ڕازیبوو، ئەم ڕێکەوتننامەیە لەنێوانیاندا ببەسترێت، بەڵام بەر لەوەی ڕێکەوتننامەکە ببەسترێت چەند مەرجێکیان هەبوو دەیانوت دەبێ مەرجەکانمان قبوڵ بکەن، ئەگەرنا ئێمە ئامادەنین ڕێکەوتنتان لەگەڵدا ببەستین، ئەوە بوو ساروخان کە خۆی ناوی (سالم میرزایە) لەو کاتەدا شای سەفەوییەکان بوو، لەگەڵ سوڵتان موورادی چوارەم لە زەهاو لە١٧ مایسی ١٦٣٩ پەیماننامەی زەهاب یاخود زەهاو هاتە کایەوە، زەهاب یەکێکە لەناوچە گرنگەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی لەکاتی بەستنی ڕێکەوتننامەکەدا سوڵتانی عوسمانی لەوێ دانیشتووە هەر لەبەر ئەوەش بوو ڕێکەوتننامەکە ناونرا زەهاب، یاخود زەهاو.

## زەهاو بووە بە بەشێک لەمێژوو

**د. کەیوان ئازاد:** کوردستان تا پێش ١٦٣٩ لەنێوان سەفەوی و عوسمانیدا دابەشکرابوو، بەشێکیشی بەر ڕوسیای قەیسەری کەوتبوو، بەڵام لەواقیعدا ئەم دابەشکردنە دابەش کردنێکی رووکاریی بوو، واتە یاسای لەپشتەوە نەبوو، بۆچی لە٢٣ئابی ١٥١٤ شەڕی چاڵدێران روویدا؟ لەشەڕی چاڵدێراندا عوسمانییەکان سەرکەوتن سەفەویەکان تێکشکان دوای شەڕی چاڵدێران سوڵتان سەلیمی یەکەم کوردستانی باشوور و خۆرئاوای ئەگرت و باکووریشی بۆ خۆی برد، کوردستانی خۆرهەڵات کەوتنە ژێر قەڵەمڕەوی سەفەوییەوە، بەڵام هەر بەناوبوو، لەواقیعدا دەستی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان نەگەیشتە کوردستانەکەی ئێمە بەواقیعی کورد خۆی بەڕێوەی دەبرد، بەڵام ئەم خۆبەڕێوەبەرەییەی کورد سەر بەدەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بوو، جا پەیمانی زەهاو بەفەرمی بەڕێکەوتننامەیەکی گەورەی عوسمانی و سەفەوی بوو واژۆیان کرد، کە بەفەرمی سنوورەکان لەیەکتر جیابکرێتەوە، زەهاو یەکەمین ڕێکەوتننامەیە بەفەرمی دوو دەستەڵاتداری گەورە لەسەر چەند خاڵێک ڕێک ئەکەون بۆ جیاکردنەوەی دەستورەکانی نێوانیان، واتە بەردی بناغەی دابەشکردنی کوردستانیان دارشت، زەهاو قۆناغێکی تازەی هێنایە ئاراوە بەکورتی سنورەکانی نێوانی دەوڵەتەکەی بەهێزترو قایمترکرد، بۆیە وەڵانانی زەهاو کارێکی قورسە، بۆچی قورسە؟ لەڕاستیدا لەرووی سیاسیەوە پیرۆز نییە، سنوورەکان هەموی دەستکردن، دوو دەوڵەت کۆبونەتەوە و سنووریان جیاکردۆتەوە، دوو دەوڵەت کە ئێستا هیچیان نەماون، نەعوسمانی نەسەفەوی، بۆیە ئەم سنوورە دواجار ئەگۆڕێ بەسنووری تر، بەڵام زەهاو بووە بە بەشێک لەمێژوو، بناغەیەکی تازەی کوردستانی دارشت، بمانەوێ فەرامۆشی بکەین، فەرامۆش ناکرێ، چونکە ڕێکەوتننامەی تری بەدوادا هاتووە.

## لەکاتی شەڕدا کوردستان ناوچەی شەڕبووە

**د.پشکۆ حەمە تایەر ئاخجەلەری:** وەک دەزانرێت چ لەکاتی شەڕدا چ لەکاتی ئاشتیدا لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا کە هەمیشە کاریگەریی بەسەر کوردستانەوە هەبووە، لەکاتی شەڕدا ناوچەکانی کوردستان بۆ هەر دووکیان ناوچەی شەڕبووە، زەوی وزارە و خاکی کوردستان سوتێنراوە، هەروەها هێزی سەربازی جەنگاوەری کورد هەم لەنێو عوسمانیدا هەبووە هەم لەنێو سەفەویدا، ئەمەش زیانێکی تر بوو لەکورد کەوتووە، شەڕ هیچ خێرو بێرێکی بۆ ئەم میللەتانە نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەش لەکاتی ئاشتیشدا ئەم دوو دەستەڵاتە هەم عوسمانی وهەم سەفەوی هەوڵیان داوە زۆرترین قازانج لەناوچەکانی کوردستان بۆ خۆیان ببەن، ئێمە کاتێک سەیری بەندەکانی ڕێکەوتننامەی زەهاو دەکەین دەبینین کاریگەری یەکجار خراپی لەسەر ناوچە کوردیەکان بەجێهێشتووە، بووە بەهۆی بەشکردنی هێزە کوردییەکان لەنێو خۆیاندا، بۆ نموونە هۆزێکی گەورەی وەک جاف دەبینین لەڕێکەوتننامەی زەهاودا بوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان کەوتنە لای سەفەوییەکان و بەشێکەی تریان کەوتنە لای عوسمانییەکان، واتە دابڕانی کۆمەڵایەتی دروستبووە. ئەم ڕێکەوتننامەیە یەکێکە لەو ڕێکەوتننامانەی بۆ یەکەمجار ئاوی کوردستانی دابەشکرد، ئەو ئاوانەی کە لەکوردستاندا هەبوون بۆ یەکەم جار لەنێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا دابەشکران، بێگومان ئەمەش بە یەکێک لەخاڵە نیگەتیڤەکانی ڕێکەوتننامەی زەهاوە، خاڵێکی دیکە دەتوانین بڵێین بووە هۆی دروستکردنی کێشە و ئاژاوە لەنێو هۆزە کوردییەکاندا، چونکە وەک وتمان بەشێکی کورد کەوتە لای عوسمانی و بەشەکەی تریان کەوتە لای سەفەویەکان دیارە ئەوانەی کەوتنە لای عوسمانییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە هاندران بۆ ئەوەی زۆرترین ناوچەی کوردی بۆ خۆیان پاوەن بکەن، دوای پەیماننامەکە سەفەوییەکانیش بەهەمان شێوە، ئیتر شەڕی ناوخۆ دروستبوو، شەڕێکی خۆکوژی بوو لەنێوان کوردەکاندا، بەڵام بەفەرمانی عوسمانی و سەفەوییەکان.

## ئەم ڕێکەوتننامەیە کوردی سەرکوتکرد

**د. سۆزان کەریم:** سەبارەت بە پابەندبوونی کورد بەم پەیماننامەیەوە ئەتوانم بڵێم ئەم پەیماننامەیە تا ڕادەیەکی زۆر شێوازێکی سەرکوتکەرانەبوو بۆ کورد، واتە کوردی لەزۆر ڕووەوە سەرکوت کرد، چونکە یەک ئەم پەیماننامەیە بووە هۆی یەکەم دابەشبوونی خاکی کوردستان لەڕووی پراکتیکییەوە، کوردی دابەشکرد بۆ دوو پارچەی سەرەکی، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە میللەتی کوردی دابەشکرد، ئەم دابڕان و دابەشبوونەی کورد وای کرد لەیەکترازانێک لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بێت، بەتایبەتی لەنێوان هۆزو عەشیرەتەکاندا، بۆ نموونە هۆزێکی وەک جاف کرا بەدوو لەتەوە پارچەیەکی بەر دەوڵەتی سەفەوی کەوت و پارچەیەکی بەر دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە تارادەیەک بووە هۆی لێکترازانی کورد چ لەڕووی

یەكێتی بوونەوە، چ لەڕووی هێز وتواناو دەستەڵاتەوە، بۆیە ئەم پەیماننامەیە شێوازی سەركوتكەرانەوە و كپ كردنەوەی دەنگی كوردی بوو، لەبەر ئەوە كورد بەناچاری لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا هەڵی كرد، توانی هەشتا ساڵ جەنگ لەنێوان عوسمانی و سەفەویدا ڕابگرێت، بەڵام سەربارى ئەمەش دەتوانین بڵێین هۆزو عەشیرەتەكانی كورد هەمیشە هەوڵی خۆ ڕزگاركردنیان ئەدا لەژێر دەستەیی، ناتوانین بڵێین شۆڕشێك یا ڕاپەرینێكی جەماوەری كوردی گەورە لەو سەردەمەدا هەبووە، بەڵام نارەزایی و یاخبوونی عەشیرەتی یان خێڵەكی لەناوچەكەدا سەری هەڵداوە، بەڵام هەردوو دەوڵەت لەبەر ئەوەی كۆك بوون لەسەر كپكردنەوەی دەنگی كورد، بۆیە هەربەزووی ئەم جوڵانەوە و نارەزایەتیانەیان سەركوت كرد.

## كوردەكان زەرەرمەند بوون

**د.پشكۆ حەمە تایەر ناخجەلەری:** ئەوەی لەپەیماننامەی زەهاو سوود مەندبوو هەم دەستەڵاتدارێتی عوسمانی و هەم دەستەڵاتداری سەفەوی بوو، دەستەڵاتدارێتی عوسمانی بەشێكی زۆری ناوچە كوردییەكانی بەركەوت، ئەمە خاڵێكی گرنگ بوو عوسمانیەكان بتوانن لەرێگەی پەیماننامەیەكەوە سنووری خۆیان لەرۆژهەڵاتدا فراوان بكەن، كە سەفەوییەكان سەدەیەك و سی و هەشت ساڵێك دەبوو سەر ئێشەی بۆ دروستكرد بوون، دەتوانین بڵێین لەڕووی ناوچەوە عوسمانییەكان ناوچەیەكی زۆریان بەركەوت، قازانجی زۆریان كرد، ئیتر خۆی یەكلایی كردەوە بۆ شەڕ لەناوچەكانی رۆژئاوادا، سەفەوییەكانیش هەندێك ناوچەیان بەركەوت بەپێی ئەو پەیماننامەیە جگە لەوەی هەندێك ناوچەی بەركەوت، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لەهێمنی و سەقامگیری دەستەبەربوو، ئیتر خۆیان بۆ شەڕی ئۆزبێكەكان یەكلای كردەوە، دەتوانین بڵێین سوودمەندترین دەستەڵات لەو پەیماننامەیەدا عوسمانییەكان بوو بەپلەی یەك، سەفەویەكان بەپلەی دووەم، ئەوەی زەرەرمەندی گەورەش بوو بێگومان كوردەكان بوون.

## میرنشینە كوردییەكان هەمیشە لەململانێدا بوون

**د. سۆزان كەریم:** كورد لەنێو خۆیدا تەبا نەبوون پێش پەیماننامەی زەهاو كۆمەڵێك میرنشینمان هەبوو، كە پێشتر لە ناوچەكەدا باڵادەست بوون، ئەم میرنشینانە هەمیشە لەململانێدا بوون بۆ ئەوەی دەستەڵاتی خۆیان لەسەر حسابی میرنشینەكەی تر بەهێز بكەن، تەنانەت میرنشینێكی تۆكمە لەناوچەكەدا نەبووە، بەڵكو بەسەر چەند میرنشینێكدا دابەشبوون، ئەمانە هەریەكەیان بۆ فراوانكردنی سنووری دەستەڵاتی خۆیان لەگەڵ میرنشینەكەی تردا شەڕیان دەكرد، بەڵام مۆركردنی پەیماننامەی زەهاو بووە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو میرنشینانە و ئیتر ئەو سەربەخۆییە بچوكەی میرنشینەكان نەما، جگە لەوە ئەم دابەش بوونە ململانێی نێو كوردەكانی زیاتر تۆخ كردەوە بەتایبەتی لەنێو عەشیرەت و خێڵەكاندا،

ململانێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی دروستبوو، لەبەر ئەوە کوردەکان لەنێو خۆشیاندا تەبا نەبوون و هەردوو دەوڵەتەکەش زۆر بەلێزانانە توانیان ئەم جیاوازییە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی کوردەکان بەگژ یەکدا بکەن، زۆر زیرەکانە کاریان لەسەر ئەم سیاسەتە کرد.

## کاریگەری لەسەر پەیماننامەکانی دیکەش هەبوو

**د.پشکۆ حەمە تایەر ئاخجەلەری:** دابەشکردنی کوردستان، دابەشکردنی خاک، دابەشکردنی ئاو، دابەشکردنی هۆزەکان بوو، ئەمە هەم لەڕوانگەی سیاسی هەم لەڕوانگەی ئابووری یاسایی گرفتێکی یەکجار گەورەی بۆ کوردەکان دروست کرد. ئەم پەیماننامەیە دواتر کە دەستەڵاتدارێتی عوسمانی و سەفەوی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ پەیوەست بوون پێوەی، ئەم هەشتا ساڵە هەردوو لایان هەوڵیان داوە بەتوندترین شێوە ڕۆڵی کوردەکان لاواز بکەن، ئەمەش لەڕوانگەی سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتەوە کاریگەری گەورەی هەبووە، ئەو ڕێکەوتننامەیە ماوەی چەند سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕی، بەڵام ئێمە کاتێک لاپەرەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە، دەتوانین بڵێین تا ئێستاش بەجۆرێک لەجۆرەکان کاریگەری بەسەر کوردستانەوە هەیە، چونکە ئەم پەیماننامەیە بوو بەبناغەی هەموو ئەو پەیماننامانەی لەنێوان دەستەڵاتدارێتی سەفەوی و عوسمانی بەسترا. دواتریش هێزەکانی ئیمپریالیزم لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هاتنە ناوچەکە دەوڵەتی عوسمانیان هەڵوەشاندوە و ئەو بەشەی دەوڵەتی عوسمانیان کرد بەچوار پارچەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان کاریگەری پەیمانی زەهاوی لەسەر بووە، بۆ ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکانی دیکە کە لەسەر کوردستان بەستراوە.

## خێڵەکان پابەند نەبوون بەو پەیماننامەوە

**د. سۆزان کەریم:** بەشێکی زۆر لەعەشیرەت و خێڵەکانی ئەم ناوچانە یاخیبوونیان ڕاگەیاند و پابەند نەبوون بەو ڕێکەوتننامەیەوە، زۆرجار سنووری دەوڵەتەکانیان ئەبەزاند، واتە سنووری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وسەفەویان ئەبەزاند، بەڵام هەوڵێکی هێندە گەورە نەبوو بتوانێت کار لەسیاسەتی عوسمانی و سەفەوی بکات، ئەگەرنا ئەم پەیماننامەیە بۆ ماوەی هەشتا ساڵ دەوامی نە ئەکرد، یەکێک لەبەندەکانی پەیماننامەکە ئەوە بوو ڕێکەوتبوون لەسەر سەرکووتکردن وکپکردنی هەر جوڵانەوەیەکی کورد لەناوچەکەدا، بۆیە ئەمە زۆر بەئاسانی وای کرد کورد لەم ناوچەیەدا هەر شتێک بکات زۆر بەئاسانی لەناوببرێت وە بزوتنەوەکەی سەرکوت بکرێت، لەهەمان کاتدا بەندێکی تر لە ڕێکەوتننامەکە ئەوەبوو کە نابێت هیچ یەکێک لەم دوو دەوڵەتە داڵدەی ئەو کەسانە بەدەن کە لەدەوڵەتەکەی تر یاخی ئەبن، ئەمەش وای

کرد کورد لەناوچەکەدا بێ پشتیوان بمێنێتەوە تا ڕادەیەکی زۆر ناچاری ئەو سیاسەتە بوون.

## کورد ململانێی ناوخۆیی تووشی کۆمەڵێک کێشەی کردوە

**د. کەیوان ئازاد:** سێ ڕەهەند هەیە، ڕەهەندێکیان ئەوەیە لەمێژووی ئێمەدا هەمیشە دەستەڵاتدارەکان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە، بۆ نموونە لەمێژووی کۆنی کورد دا، دەوڵەتی ئەکەدی و ئاشوری لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، لەقۆناغی دواتر دەوڵەتی یۆنانی و پارسی و ڕۆمانی و ساسانی و بیزەنتی و عەلەوی و ئیسلامی لەنێو گۆڕەپانی سیاسی تا ئەگاتە سەردەمی سەفەوی و عوسمانی هەبوون، بۆیە هەمیشە لەم ناوچەیەدا دەوڵەتی زلهێز هەبوون ئەو دەوڵەتە زلهێزانە لەناوچەکەدا ڕەگیان داکوتاوە و پێگەیان بەهێزکردووە، کوردستان کەوتە ژێردەستی ئەم دوو دەوڵەتەوە عوسمانی و سەفەوی، کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی لەسەر خاکی خۆی بوونی واقیعی نەبووە، واتە هێزنەبووە نەیویستووە ببێتە هێز، ململانێی ناوخۆی تووشی کۆمەڵێک کێشەی کردوە، لەناو خۆییاندا دووبەرە بوون، ئەمەش وای کردووە بگەڕێنەوە بۆ لای دەوڵەتانی زلهێزی ناوچەکە، بەردەوام هەوڵیان داوە دەوڵەتانی ناوچەکە ڕازی بکەن، هەموو ڕێکەوتننامەکان لەکوردستان مۆرکراوە چ ڕێکەوتننامەی ئەماسیا چ زەهاو چ ئەرزەڕۆم لەسەر خاکی کوردستان واژووکراوە هەموویان لەسەر خاکی کوردستانەوە بڕیاریان لەسەر دابەشکردنی کوردستان داوە، کورد کە ئامادەی ئەم دابەشکردنە بووە ئەبوایە ئەم دابەشکردنەی قبوڵ نەکردایە. خاڵی سێیەم کوردستان وا هەڵکەوتووە هەمیشە چەند زنجیرە چیایەک ڕێگر بووە لەسەربەخۆییەکەیدا بۆ نموونە زنجیرە چیای تۆرۆس باکوور و باشوور لەیەک جیا ئەکاتەوە، زنجیرە چیای زاگرۆس خۆرهەڵات و باشوور لەیەک جیا ئەکاتەوە، ئەم دابڕانە ناوچەییانە وای کردوە کوردستانی باشوور بەلای عێراقدا بکەوێت، کوردستانی خۆرهەڵات بەلای ئێراندا و کوردستانی باکوور بەلای تورکیادا بکەوێت، بەم هۆیەشەوە دابەشکردنی کوردستان زۆر ئاسان بووە، دابەشکردنی چی؟ دابەشکردنی ناوخۆی کورد لەڕووی شێوەزار و لەڕووی سیستمی خێڵایەتی و سیستمی کۆمەڵایەتی هەتا خێزانیش، ئەم سێ خاڵە بەلای منەوە سێ خاڵی سەرەکین ڕۆڵیان لەو دابەشکردنە گێڕاوە بەبڕوای من کورد خۆی کۆک بوایە دەوڵەتانی زلهێز ئەیانەتوانی ئەوکارە بەسەرکورد بێنن.

## هیچ ڕێکەوتننامەیەک نابینین بەسوودی کورد شکابێتەوە

**د. سۆزان کەریم** : بەداخەوە کورد لەدێر زەمانەوە بەحوکمی پێگە جوگرافییەکەی بەناچاری کەوتۆتە ژێر باری قورسی داگیرکەرانەوە هەمیشە لەژێر پێی لەشکری داگیرکەراندابووە، ئەم ناوچە دەوڵەمەندە هەمیشە چاوی داگیرکەرانی لەسەر بووە، بۆیە هیچ ڕێکەوتننامەیەکی نابینین بەسوودی کورد شکابێتەوە، تەنها ڕێکەوتننامەی سیڤەر دانی نابوو



سەرچاوە
Serchawe

بەدروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد، ئەم ڕێکەوتننامەیەش زووهەڵوەشایەوە، ئەگەرنا هەموو ئەو ڕێکەوتننامانەی کراوە بەدژی کورد شکاوەتەوە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی وڵاتانی داگیرکەر وایخواستووە، کوردیش خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی نەبووە و نوێنەری ڕاستەقینەی نەبووە لەم ڕێکەوتننامانە تاوەکو بەرگریی لێ بکات، بۆیە دەوڵەتانی داگیرکەر چی لەبەرژەوەندی خۆیاندا بووە بەو شێوەیە مۆریان کردووە و خستویانەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

**د.پشکۆ حەمە تایەر ئاخجەلەری**: کورد لەناوچەکەدا هێزێکی وای نەبووە تا بتوانێ لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا شەڕ بکات و فشار دروست بکات تا لەبەرژووندی خۆیدا کۆتایی پێ بێت. بەداخەوە خۆخۆری و ململانێی و یەکتر پەسەند نەکردنیش بووەتە هۆی ئەوەی کوردەکان بەتەواوەتی پەرشو بڵاوببنەوە، ئەگەر جۆرە ڕێکەوتنێک و یاخود نزیک بوونەوەیەک وەکو ئەوەی مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەساڵی ١٥١٤ - ١٥١٥ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا کردی لەقازانجی کوردابێت، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم ڕێکەوتننامەیە زیانێکی گەورەی لەکورد داوە، چونکە کورد ١٥٠ ساڵ پەیوەست بوو بەو ڕێکەوتننامەیەوە، بەڵام عوسمانییەکان چوار ساڵیش پێوەی پەیوەست نەبوون، هۆکاری سەرەکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کورد لەڕوانگەی سیاسی، سەربازی، ئابووری، ناتەباییەوە کە نەیتوانی هێزێک دروست بکات و ببێت بەهێزی سێیەم بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری هێزی عوسمانی و سەفەوی یان هەر لایەنێکی دیکە بوەستێتەوە، بەئاڕاستە نەرۆشتنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە هەرێمیەکان بەرامبەر بەکورد، واتە بەرژەوەندیەکانی ئێمە هەمیشە بەئاڕاستەی بەرژەوندیەکانی ئەوان نەڕۆشتووە و زیانی بۆ ئەوان هەبووە، لەبەر ئەوە ئەوانیش نەیانهێشووە کورد ڕۆڵی هەبێ لەناوچەکەدا، جگە لەوەش هێز و هۆزە کوردییەکان دابەشکران، هەندێک لەقەڵا گرنگەکانی ناوچەی کورد، کە بەپێی ڕێکەوتننامەکە نەدەبوو ئەو قەڵایانە بمێنن، عوسمانییەکان و سەفەوییەکان بڕیاریاندا ئەو قەڵایانە بڕوخێنن، ئەمەش زیانێکی گەورەی بۆ کورد دروستکرد، کۆمەڵێک لەقەڵا گرنگەکان بەتەواوەتی رۆخێنرا، ئەمەش جۆرێک لەنائارامی لەناوچە کوردیەکاندا دروستکرد، کە کێشەی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدوادا هات، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کورد ببێتە قوربانی ڕێکەوتننامەی زەهاو.

**د. سۆزان کەریم**: ئێستا کورد دەرفەتێکی گەورەی بۆ هاتۆتە پێش کار لەسەر ئەم پەیماننامانە بکات، ئەبێت چ مێژوونوسان چ ڕۆشنبیران و چ سیاسیەکانی کورد ئەم پەیماننامانە لەئەرشیف بێننەدەرەوە و جارێکی تر قسەی لەسەر بکەنەوە، بەڵام لەمێژوودا تا ئێستا پارێزراوەو لەگەڵ بیرەوەری مێژوودا پارێزراوە ئەبێت جارێکی تر بهێنرێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ و قسەی لەسەر بکرێت و وای لێبکرێ ئەو دەوڵەتانەی بەشداربوون لەمۆرکردنی ئەم پەیماننامەیەدا ناچار بکرێن ئەگەر بەدانپیانێکیش بێت وایان لێبکرێت لەم ڕێکەوتننامانە پاشگەز ببنەوە و بەهەڵەیەکی مێژووی لەقەڵەم بدرێت، هەر هیچ نەبێت بۆ ڕای گشتی جیهان بسلمێنرێ کە ئەم ڕێکەوتننامانە زوڵمێکی گەورە بوو لەکوردکرا، پێویستە

ئێستا قسەی لەسەر بکرێت و جارێکی تر ئێمە بەم مێژووەدا بچینەوە، جا هەموو ئەو پەیماننامانەی هاوشێوەی ئەم پەیماننامەیەن جارێکی تر بهێنرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێت وای لێبکرێت پاشگەز بوونەوەیەک لەم ڕێکەوتننامانە بۆ کورد دەستەبەر بکرێت.

## کورد لەڕێکەوتننامە شومەکاندا

**د.پشکۆ حەمە تایەر ئاخجەلەری**: من پێموایە پەیماننامەکە مردووە، بەڵام گرنگە بۆ ئێمەی کورد ئاگاداری هەموو ئەو ڕێکەوتننامە شومانە بین کە لەنێوان دەستەڵاتدارەکانی عوسمانی و سەفەویدا لەسەر حسابی کورد بەستراوە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، چونکە یەک لەخاڵە گرنگەکانی پەیماننامەی زەهاو بریتی بوو لەوەی هاوکاری هیچ هۆزێک و هیچ لایەنێکی نەیار نەکرێت، کوردەکان هەندێک جار سوودیان لەعوسمانییەکان و هەندێک جار لەسەفەوییەکان بینیوە، بۆیە بۆ ئێمە زۆرگرنگە ئاگاداری مێژوو بین کە ئاگاداری ڕابردوو بووین تا جارێکی ترئەوەی بەسەرمان هاتووە دووبارە نەبێتەوە، چونکە هەر ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان دوژمنانی کوردا لەسەردەمی سەفەوییەکان لەسەردەمی هاتنی ئیمپریالیزم و لەنێوان ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، عێراق و سووریا و تورکیا و ئێران و هەر ڕێکەوتننامەیەک لەنێوانیاندا کرابێت، ئەگەر دوو قۆڵی، ئەگەر سێ قۆڵی و چوار قۆڵیش بێت بۆ مەبەستی خۆشیان بێت خاڵێک دادەنێن لەدژی کورد، چونکە ئەوان دوژمنی سەرەکی کوردن تەنها شتێک ئێمە بمانەوێت سوودی لێ وەربگرین خوێندنەوەیەکی مێژووییە بۆ ئەو ڕێکەوتننامەیە.

## ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆمی یەکەم

ساڵی ١٨٢٣ کێشەی شەڕی لەمێژینەی نێوان عوسمانی و ئێرانی ساڵانێکی زۆری خایاند سەرئەنجام هەردوو دەوڵەتەکە هاتە سەر ئەو بۆچوونەی واز لەشەڕ بهێنن و ڕێکبکەون، بۆ ئەم مەبەستەش گفتوگۆ و دانوسان لەشاری ئەرزرۆم لەباکووری کوردستان لەنێوان هەردوولا دەستی پێکرد و لە٢٨ی تەمموزی ی ١٨٢٣ دا پەیمانێک ئیمزاکرا، ئەم ڕێکەوتنامەیە بەناوبژیوانی بەریتانیا لەنێوان عوسمانییەکان و ئێرانییەکاندا بەڕێوەچوو، بەڕێکەوتنامەی ئەرزرۆمی یەکەم ناودەبرێت، ئەم ڕێکەوتنامەیە بووە هۆی ئاشتی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامەیە دەریخست کە کێشەی نێوانیان سنووری کوردستانە، چونکە کوردستان لەگرنگترین باسەکانی ئەو دوو دەوڵەتە بووە، ئەمەش وای کرد لەڕێکەوتننامەکەدا قسەوباسێکی زۆری لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی وئێرانی دا بکرێت، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش لەحەوت مادەی ڕێکەوتنەکە سێ مادەیان پەیوەندی بەکوردستانەوە هەبووە، ئەوانیش مادەی یەکەم ودووەم وسێیەمن، کە بریتیە لە:

مادەی یەکەم دەست تێوەرنەدان لەکاروباری یەکترەوە، ئێران نابێ دەست وەربداتە کاروباری کوردەکانی ویلایەتی شارەزوور دەوڵەتی عوسمانی بە بەشێک لەویلایەتەکانی خۆی دادەنێت، مادەی دووەم هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن پەنای هەڵهاتووەکانی یەکتری نەدەن، سەبارەت بەعەشیرەتەکانیش هەر بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، مادەی سێیەم پەیوەندی بەهەردوو عەشیرەتی کورد حیدەرانلو و سپتیەوە هەیە کە هۆکاری شەڕی هەردوو دەوڵەتەکە بوون، دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەڵێن دەدات بەر بەهێرشی ئەو دوو عەشیرەتە بگرێت بۆ سەر خاکی ئێران، ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆمی یەکەم نەیتوانی وەک پێویست چارەسەری کێشەکانی سنووری عوسمانی وئێرانی بکات، چونکە کێشەکانی ئەم دوو دەوڵەتە پەیوەندیان بەسنووری کوردستانەوە هەبوو، هەردووکیان بەبێ لەبەر چاوگرتنی جوگرافیا لەنێوان خۆیاندا بەشیان کردبوو، بەچاکیش لەوە حاڵی بوو بوون کوردەکان کۆسپی سەرەکی سەر ڕێگەیانن، بۆیە دەبوایە کێشەی کوردەکان لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دوو ڕێگەیان لەبەر دەستایە یەکەمیان بەگوێرەی ڕێکەوتننامەکە بەهەموو توانایەکەوە بۆ لەناوبردنی هەر چەشنە بزوتنەوە وجولانەوەیەکی کوردەکان لەسەر سنوور هاوکاری یەکتر بکەن، مەودای هاتوچۆکردن لەعەشیرەتە کوردەکان کەم بکەنەوە، دووەم کۆتایی بە دەستەڵات دارێتی میر و دەرەبەگەکان بهێنن، بڕیاری ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆمی یەکەم سیاسەتێکی دارێژراوی عوسمانی و ئێرانی بوو، کە بەڕەزامەندی دوو هێزی گەورەی جیهانی روسیا وئینگلیز دەرهەق بەکوردەکان بەڕێوەچوو، ئەم بڕیارە لەبنەڕەتدا بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەی کوردبوو، لەهەردوو پارچەکەی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی و ئێرانی، ئیتر پەیوەندی کوردەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر کەوتە تەنگەژەی ژیانەوە.

## دەوڵەتی کەعبیش بەشداربوو

**مامۆستا زریان سالار**: پەیماننامەی ئەرزرۆمی یەکەم یەکێکە لەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانەی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاریدا بەسترا، ئەم پەیماننامەیە گرنگی خۆی هەیە، لەمانگی حەوتی ساڵی ١٨٢٣دا بەسترا، لەپاش جەنگی نێوان عوسمانییەکان وقاجارییەکاندا بەسترا، پەیماننامەیەکە سەرلەنوێ دارشتنەوەی سنووری تێدا کراوەتەوە، بۆ یەکەمجار چەند دەوڵەتێکی دیکەش لەم پەیماننامەیەدا بەشداربوون بۆ نموونە بەریتانیا بەشداربووە، دەوڵەتی کەعبیش بەشداربووەن دەوڵەتی کەعبی لەمێژوودا زۆر نەبیستراوە، یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لەئەهواز دامەزرابوو، دەوڵەتێکی عەرەبی سەر بەهۆزی بەنی کەعب بوون، پەیوەندیان بەدەوڵەتی بەریتانیاوە هەبووە، ئەمانیش بەشداری ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆمیان کرد.

**د.ئارام علی**: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە یان چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدە تەماشای مێژووی یان بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران بکەین، دەبینین لەدوو دۆخی جیاوازدا بووە، ڕاستە بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتی



سەرچاوە
Serchawe

عوسمانی بەهێزتربووە لەدەوڵەتی ئێرانی، بەڵام لەسەرەتای سەدەی نۆزدە دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی کێشەی لەگەڵ میللەتان و گەلانی بەلقانەوە بەتایبەت یۆنان، شەڕی زۆر گەورەی لەگەڵ یۆناندا کرد، کێشەی لەگەڵ میسری سەردەمی محەمەد پاشادا هەبووە، لەلایەکی تریشەوە بارودۆخی ناوخۆیی زۆرباش نەبوو، لەگەڵ لەشکری یەنیچەریەکان کێشەی هەبوو، واتە پێویستی بەریفۆرم وگۆڕانکاری هەبوو، وڵاتانی ئەوروپیش بەتایبەت بەریتانیاو تارادەیەکیش فەرەنسا و روسیاش کاریگەریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆی عوسمانی و ئێرانیش هەبوو، هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لاوازبوو بوون، مەسەلەی کوردیش ئەوکاتە هاتبووە پێشەوە بەشێوەیەکی تر میرنشینە کوردییەکان بەتایبەتی بابان لەسەردەمی عەبدول رەحمان پاشادا هەوڵی سەربەخۆیی ئەدا، میرنشینی بابان لەسنووری قەڵەمڕەوی عوسمانیدا بوو، بەڵام عەبدول رەحمان پاشا ئیعترافی بەوە نەدەکرد زۆرجار لەکێشەکانیدا پەنای دەبردەبەر دەوڵەتی ئێران، دەوڵەتی ئێرانی قاجاریش تەدەخولی لەکاروبارەکانیدا دەکرد، ئەم هۆکارانە بوونە هۆی بەرپابوونی ئەو شەڕانە.

## کوردستان بەسەر ئەو دوو دەوڵەتەدا دابەشکرابوو

**مامۆستا زریان سالار**: کاتێک ئێمە بەنێو ڕێکەوتننامەکانی تردا دەگەڕێن زۆرجار لەڕێکەوتننامەکانی تردا بەڕاشکاوی ناوی ناوچەکانی کوردستان هاتووە و باسی ئەوە کراوە ئەو ناوچانەی کوردستان بەر چ لایەنێک ئەکەون، ڕێکەوتننامانەی ئەرزرۆم یەکێکە لەو ڕێکەوتننامانەی وتمان دووبارە بۆ دابەشکردنەوەی سنووربووە لەنێوان ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی قاجاری، لەو سەردەمەدا کوردستان بە تەواوی دابەشکرابوو بەسەر ئەو دوو دەوڵەتەدا، بەشێوەیەکی گشتی دابەشکردنی کوردستانیش بەسەر ئەم دوو دەوڵەتەدا بێگومان هەر ڕێکەوتننامەیەک بکرێت لەنێوانیاندا بەجۆرێک لەجۆرەکان سنوور دابەش بکرێتەوە، بێگومان دەبینین کوردستانیش پشکی خۆی بەردەکەوێتەوە بۆ نموونە لەم ڕێکەوتننامەیە کاتێک دەبەسترێت، ناوچەی حمرا بەکەناراوەکانیەوە و بەزۆرێک لەناوچەکانی دیکەوە بەر ئێران کەوتوون، دەوڵەتی ئێران ئەو زەمانە ئەهوازیشی بەر کەوتووە، دیارە شەڕەکە و دابەشکردنی ناوچەکان لەو مودەتەدا کەمتر پەیوەندی بەکوردستانەوە هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەر ڕێکەوتننامەیەک بەسترابێت و هەر بەندێک هەبێت لەو ڕێکەوتننامانەدا بەسنوورکوردستانیشی تێدا بەشدارکراوە.

**د.ئارام عەلی**: هەموو کێشەکە لەسەر کوردستان وسنووری کوردستان بووە، هەم عەبدولرەحمان پاشا هەوڵی ئەدا پەنا بەرێتە بەریان هەم ئێرانیش نەک هەر تەنیا چاویان بڕیبووە کوردستان، چاویان بڕیبووە ویلایەتی بەغداش، ئەوان ئەیانویست ویلایەتی بەغداش داگیربکەن، کێشەکانی عەبدولرەحمان پاشایان بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی مەرامی خۆیان، من ئەڵێم هەموو بەندەکانی پەیوەندی بەکوردو کوردستانەوە هەیە، چونکە ئەساسەن کێشەکە لەسەر کوردستان بووە،



سەرچاوە
Serchawe

سنووری سروشتی نێوان هەردوو دەوڵەت لەناو کوردستاندا بووە، هەردوو دیوی سنوور خاکی کوردستان بووە، لەبەر ئەوە شەڕەکانیش لەسەر ئەوێ بووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو دوو ڕێکەوتنی پێشتر هەبوون ساڵی ١٨١١ و ساڵی ١٨١٣ کە لەسەر ئاستی هەردوو دەوڵەت نەبووە، بابڵێن لەسەر ئاستی کرماشان و ویلایەتی بەغداد بووە، بیانوەکەشیان زیاتر میرنشینی بابان بووە، والی بەغداد کە دەیەوێت عبدولرەحمان پاشا لەسەر حوکم لاببات، چونکە لەپێناوی سەربەخۆیی پەنای بۆ ئێران بردووە، ئێرانیش ئەمەی کردە بیانو بۆ گێڕانەوەی عەبدولرەحمان پاشا، لەشکری ئێران و لەشکری بابان هەردووکیان تا نزیک بەغدادیان گرت، هەوڵیاندا بەغداش داگیربکەن، لەباکووریش بەهەمان شێوە، بەڵام بڵاوبوونەوەی پەتای کولێرا بوو بە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنی لەشکری ئێرانی، فشاری وڵاتانی ئەورووپیش بەتایبەتی بەریتانیا کە نەیویست ئەم شەڕانە لەنێوانیاندا ڕووبدات، چونکە ئەیزانی لەئەنجامی شەڕەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدە ئێران کەوتبووە ژێر دەستەڵاتی هەژمونی ڕوسیاوە، بەریتانیا ئەزانێ ئێران لەم شەڕانە سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئەو کاتە زیاتر ئەکەوێتە ژێر دەستی ڕوسیاوە، بۆیە پێشنیاری کرد شەڕی ١٨٢٠ - ١٨٢٣ لەنێوان دەوڵەتی ئێران وعوسمانی بوەستێنرێت، تەنانەت بەڵێنیشی بەدەوڵەتی ئێران دابوو هاریکاری مادی بکات بۆ ئەوەی شەڕەکە ڕاگرێت.

## خاکی کوردیان ئەبەخشییە سەرکردە سەربازییەکانیان

**مامۆستا زریان سالار**: وەک ئاماژەمان پێکرد کوردستان لەو کاتانەدا ژێر دەستەی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی بووە، ئەگەر سەیرێکی ئەو ساڵانەش بکەین ناتوانین بڵێن بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی تێدا دەرکەوتبووە کە داوای سەربەخۆیی لەهەردوو دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی قاجاری بکەن، بەڵام ئەوان مەبەستیان بوو لەو کاتەدا مەرکەزیەتێکیان هەبێ، واتە وەک بنەماڵەی عوسمانی یاخود بنەماڵەی قاجارییەکان مەرکەزیەتێکیان لەناوچە کوردستانییەکاندا هەبێ و حوکمی خۆیان بکەن، بەتایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە چەندین باجگر لەو ناوچانەدا دانێن و لەڕووی کشتوکاڵییەوە بتوانن سود لەو شوێنانە ببینن، هەروەها چەندین باجی قورسیان لەسەر دانێن و زەوی و زارەکانیان بەناوی خۆیانەوە بکەن، کە ئێستاش زۆرێک لەناوچەکانی کوردستان ناوەکانیان تورکییە، چەندین شوێنمان هەیە وەک دیاری لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە یاخود لەلایەن دەوڵەتی قاجارییەوە ئەدرا بەسەرکردە سەربازییەکانیان، ئەمەشیان بۆ ئەوە ئەکرد ساڵانە باج و خەراج بۆ خۆیان بێت و ئەو گوندنشین وشارە کوردیانەشی دەچەوساندەوە، لە لایەکی تر بیرمان نەچێت لەو کاتانەدا سەرەتای لاوازبوونی میرنشینە کوردییەکان بوو بۆ نموونە چەند میرنشینێکی بەهێزمان هەبووە لەو سەردەمانەدا، میرنشینی سۆران و میرنشینی بابان و میرنشنی بەدرخان و میرنشینی بۆتان ئەمانە میرنشینی گەورەی کوردین، بەشێک لەومیرانە مەیلی سەربەخۆیی و ئازادیان هەبووە، لەو کاتانەدا هەوڵیان داوە لەو دەستەڵاتە ڕزگاریان بێت، میرمان هەبووە لەو زەمانەدا بیری لەکوردستانێکی یەکگرتووکردوەتەوە، بەتایبەتی لەڕێکەوتننامەی ئەرزڕۆم بەدواوە



سەرچاوە
Serchawe

دەوڵەتانی زلهێز بیریان لەوە کردەوە ئەو هێزە بشکێنن و بیری یەکخوازی و ئاشتی میرنشینەکان لەناوببرێت، قسەیەکی کوردی هەیە کە مانای ئەو ڕێکەوتننامانە ئەپێکێ، ئەویش ئەوەیە ئەبێت لەشتێک بدات و لەشتێکیش بستێنێتەوە، ئەگەر قازانج و بەرژەوەندی خۆیان نەبێ ناتوانن ڕێکەوتننامە ببەستن، لەم ڕێکەوتننامەیەشدا بەهیچ جۆرێک باسی کوردستان نەکراوە، بەڵام ئەگەر بێتو لەناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆم بکۆڵینەوان دەبینین دیسانەوە دیاریکردنەوەی سنوورەکانە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا، ئەو سنوورانەی کە ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

**د.ئارام عەلی**: ئەو شەڕانە لەقازانجی بەریتانیا نەبوو، بەندانەکانی ڕێکەوتننامەکە قازانجی ئێران تێدابوو، زیاتر لەبەر ئەوە فشاریان ئەکرد ئەو بەندانەی لەوێ هەیە جێ بەجێ نەبێ، ئێرانیش بە نابەدڵی ئەم کارەی ئەکرد، ئێران لەشەڕەکانی ١٨٢٠ - ١٨٢٣دا سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا، چونکە وەک وتم دەوڵەتی عوسمانی کێشەی ناوخۆیشی هەبوو، شەڕی دەرەکیشی لەگەڵ یۆنان و گەلانی تری بەلقان بۆ دروست بووبوو، ئێرانیش لەبەرەی شەڕدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، بەڵام فشاری بەریتانیا لەکاتی وتوێژدا ئەو دەسکەوتانەی لێسەندەوە، یەکێک لەو بەڵێنانەی دابووی دەست نەخستنە ناو کاروباری میرنشینی بابان و ناوچە کوردییەکانەوە بوو، بەڵام ئەو بەڵێنەی نەبردە سەر و ئیستغلالی ئەو لاوازییەی کرد، هەر بەردەوام بوو لەدەست خستنە ناو کاروبارەکانەوە.

## لە چ ڕوانگەیەکەوە باسی کوردستان کراوە

**مامۆستا زریان سالار**: کوردستان ئەکەوێتە سنوورەکانی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و دەوڵەتی عوسمانییەوە کە دوو دەوڵەتی سەرەکین یاخود پێکهاتەی سەرەکین لەبەستنی ئەو پەیماننامەیەدا، بۆیە لەمە بەدواوە دەبینین ناوی ناوچەکانی کوردستان نەبراوە، چەند ناوچەیەکی کوردستان دەکەوێتە ژێر سایەی دەوڵەتی قاجارییەکانەوە، ئەمەش وای کرد دووبارە شەڕ هەڵگیرسێتەوە، چونکە بەم پێیە عوسمانییەکانیش ئەیانویست بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانە، چونکە هەندێ میرنشین کە لەکۆتایی میرنشینەکاندا بوون دەستەڵاتەکانیان وردە وردە بەرەو لاوازی ڕۆشتووە، ئەتوانین زانیاری دەربهێنین لەو ڕێکەوتننامەیە وەک مێژوو ناسێک یا وەک کەسێک کە دیراساتی مێژوو بکەین خۆمان شت هەڵێنجێن لەو ڕیکەوتننامانە، یەکێک لەو شتانە، لە چ ڕوانگەیەکەوە باسی کوردستان کراوە؟ ئەتوانین بڵێین لەوەوە باسکراوە کە کوردستان وەک خاک و وەک ناوچە چەند ناوچەیەکی بەش بەشە لەو کاتەدا و لەڕێکەوتننامەیەکی سنووری وەک ئەرزرۆمی یەکەم دابەش ئەکرێتەوە بەسەر هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیدا، بەڵام لەو سەرەوە هێزێکی تازە لەدوای ئەرزرۆمی یەکەم دەرئەکەوێت کە ئەویش بەریتانیایە، بەریتانییەکان چاویان بڕیوەتە خاکی کوردستان و پێیان وایە لەو ناوچەیەدا پێویستە دەستێکی باڵایان هەبێ ئەمیش لەئەنجامی ڕێکەوتننامەکانی ئەرزرۆمی یەکەمەوە ئەکەوێتەوە و لەپاش ئەوە لەساڵی ١٩١٤

بە یەکجاری بەریتانیا پەل ئەهاوێژێتە ناوچەکە و جارێکی تر کوردستان بەرەو داگیرکاری و دابەشکردن ئەڕواتەوە.

## بەربەستێکی سروشت کەوتبوو نێوانیانەوە

**د.ئارام عەلی:** لەمەسەلەی داگیرکاریدا مەسەلەی ئەخلاقی و ئەو شتانە نییە، ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەڕوانن، ئێران هەر لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی سەفەوییەوە لەسەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەویدا دەیانویست رووەو رۆژئاوا بڕۆن و ناوچە کوردییەکان داگیربکەن، تەنانەت دوورتریش بڕۆن لەلایەکی ترەوە مەسەلە ئاینییەکەش هەبوو، بەرەو بەغداد و نەجەف و کەربەلا بڕۆن، دەوڵەتی عوسمانیش بەپێچەوانەوە دوای ئەوەی کە پێگەی خۆی لەئەوروپا قایم کرد، بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئەیویست روو لەوێ بکات. هەرشەیەکی گەورەش لەبەردەمیدابوو، تەنیا بەربەستێکی سروشتی یاخود ناوچەیەکی سروشتی کەتبووە نێوان هەردوو وڵاتەوە.



## پەیماننامەی ئەرزرۆمی دووەم

ساڵی ١٨٤٧ ئەم پەیمانە لەشاری ئەرزرۆم لەباکووری کوردستان لەنێوان دەوڵەتی قاجاری لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی محەمەد شای قاجارو دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان عەبدول مەجیدی یەکەم بەئامادەبوونی نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی ڕوسیای قەیسەری وبەریتانیا مۆرکرا، پەیمانەکە لە ١ی نیسانی ١٨٤٧ دوای سێ ساڵ گفتوگۆی دوولایەنە لە لایەن میرزا ئەحمەد فەقێ خان نوێنەری قاجارییەکان و محەمەد ئەنوەر سەعدوڵڵا ئەفەندی نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی مۆرکرا، هەردوو باڵوێزی روسیا و بەریتانیا وەک ناوبژیوان و شاهید لەجێ بەجێ کردنی ئەم ڕێکەوتنە بەشداربوون، کارگەرییەکی یەکجار زۆریان لەدارشتی بەشەکانی ڕێکەوتنەکەدا هەبووە، کە نۆبەندی لەخۆگرتبوو، بەندی دووەم و سێیەم و پێنجەم و هەشتەم ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەکوردستانەوە هەبوو، لەوانە ناوچەکانی



سەرچاوە Serchawe

سەردەشت و سەقز و بانە و زەهاو تا باشووری کرماشان کە لەپەیمانی زەهاودا بێ چارەنووس مابوونەوە خرانە سەر دەوڵەتی قاجاریی لەگەڵ ناوچەکانی خورەم شار و کەنارەکانی بەری چەپی شەتولعەرەب لەگەڵ ئازادی هاتوچۆی کەشتیوانی دەوڵەتی قاجاری لەشەتولعەرەبدا بەرامبەر بەوە ناوچەکانی شارەزوور بەفەرمی خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانی، دابینکردنی ئاسایش و هێمنی لەسنوورەکانی هەردوو دەوڵەتەوە بەمەرجێک بۆ هیچ لایەک نەبێ یارمەتی جوڵانەوەی یاخی بووەکان بدات، مەبەستیش لەیاخی بووەکان جوڵانەوە شۆڕشگێڕیەکانی هۆز وتیرە و میرنشینە کوردییەکان بوو، ئاسانکردنی ئازادی بازرگانی درا بەبازرگانەکانی هەردوو دەوڵەت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و روسیای قەیسەری لەناوچە سنووریەکان لەبەر چاوبگرن، دوا بەدوای ئەم پەیمانەش هەردوولا لەسەر کۆتایی هێنان بە سەرجەم میرنشینە کوردییەکان ڕێکەوتن، ئەم ڕێکەوتنەش لەلایەن لیژنەیەکەوە بەرێوەچوو پێک هاتبوو لەنوێنەرانی چوار دەوڵەت بەناوی لیژنەی تێکەڵاوەوە بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆمی دووەم هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی سازشێکیان بەکوردستان کردو جارێکی تریش کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردەوە، بەم شێوەیە ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆمی دووەم کۆتایی بەفەرمانڕەوایی ناوخۆی کوردی هێنا و لەساڵی ١٨٤٩ بەدواوەوە ناوچەی شارەزوور ڕاستەوخۆ بەسترایەوە بەئەستەنبوڵەوە، پاش ئەوەی ئاشتی لەنێوان عوسمانی وئێرانی چەسپا ئەمەش وای لەعوسمانییەکان کرد مەترسییەکانیان کەم بێتەوە لەدەستەڵاتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیش ئیشی بەکورد نەما لەو بەڵێنانەی دابووی بەکورد پاشگەزبووەوە.

**مامۆستا هەستیار محەمەد**: ئەم پەیمانە لەساڵی ١٨٤٧ دا لەنێوان بەریتانیا روسیا و دەوڵەتی عوسمانی و قاجارییەکان بەسترا، چەند مەبەستێکی لەپشتەوە بوو، یەک لەو مەبەستانە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا و روسیا بوو، چونکە بەریتانیا لەو کاتەدا پێویستی بەوەبوو ئاسایشی ناوچەکانی ژێر دەستی عوسمانی و ئێرانی بەپارێزێت، روسیاش پێش ئەوەی ئەم پەیمانە ببەسترێت لەساڵانی پێش ١٨٤٠ کانەوە چەندین بەرژەوەندەی هەبووە لەناوچەکاندا بەتایبەتی لەناوچە وشکانییەکان، کە ئەکاتە سنووری نێوان روسیا و عوسمانی سنووری نێوان روسیا و ئێرانی کە سەفەوی تیایدا باڵا دەست بوو و دواتریش قاجاری، لەو کاتەدا روسیا چەندین ئامانجی هەبووە، یەک لەو ئامانجانەی گەیشتبوو بەئاوە گەرمەکان، بۆ ئەوەی بگات بەئاوە گەرمەکان پێویست بوو بەو ناوچە سنووریانەی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی وئێرانی بوو، کە کوردنشین بوون بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر تۆزێک بگەرێینەوە بۆ دواوە روسییەکان بۆ لەساڵی ١٨٤٠ ەوە هەمان بەرژەوەندی لەگەڵ هەموویان دا هەبوو، بۆ ڕاگرتنی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی و ئێرانی ئەبێ لەچەند شتێک شارەزابین روسیا لەساڵانی ١٨٢٦ - ١٨٢٨ چەند شەرێکی لەگەڵ ئێرانیەکاندا کرد، ئەو کاتە قاجارییەکانی لێ بوو لەکاتی شەڕەکەدا سەرکەوتنی دەستەبەرکرد، ئامانجی روسیاش ئەوە بوو چەند ناوچەیەکی وشکانی بگرێت تا نزیک بێتەوە لەئاوی کەنداوی فارس بۆیە لەم کاتەدا و لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، نە بەریتانیا نە فەرنسا ئامادەییان تێدا نەبوو روسیا دەستەڵاتی ئەوەندە بەهێز بێت بگاتە ئاوە گەرمەکان، بۆیە قاجارییەکان ناچارکرد بەپەیمانێک رازی بێت بەناوی پەیمانی

توركمان چای وەكو پێشینەش بە پەیمانێک ڕازیان كردن بەناوی پەیمانی گولستان بەپێی هەردوو پەیماننامەكە چەند ناوچەیەكی كوردنشینیان بەخشیە روسیا بۆ ئەوەی نەچێتە ناوچە ئاوییەكانەوە بەهەمان شێوەش روسیا لەبەرەی باشووری ڕۆژئاوای دەستەڵاتەكەشیەوە لەگەڵا عوسمانیەكان كەوتە ململانێوە، ئەمیش بەهەمان شێوە بۆ ئەوەی جێ پێی هەبێ لەسەر ئاوەكانی دەریای ناوەڕاست بوو، بەرەوە ئاوەكانی دەریای ناوەڕاست بكشێت كە هەمان بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا و فەرەنسا لەو ناوچەیە هەبوو، بۆیە ئەویش كاتێ پەلكێشی ململانێی بوو لەگەڵ عوسمانیدا لەساڵی ١٨٢٨ - ١٨٢٩ شەڕێكی گەورە ڕوویدا بەهەمان شێوازی ئەو جەنگەی لەگەڵ ئێراندا كردی ناوچەی كوردنشینی گرتەوە كە ناوچەی وشكانی بوو، وای لێهات نزیک بووەوە لەناوچە ئاوییەكان ئەمیش هەمان بەرژەوەندیەكانی وەكو پێشینە ساڵی ١٨٢٦ - ١٨٢٨ هەمان شت دووبارە ئەبووەوە لەبەرژەوەندییەكانی بەریتانیادا بۆیە عوسمانییەكانی ئیجباركرد بە بەستنی پەیماننامەیەک بەناوی پەیماننامەی ئەدریانا پۆل بەپێی ئەم پەیماننامەیەش هەندێ ناوچەی كوردنشین درا بەروسیا، ئەمە هەردوو پەیماننامەكە چ توركمان چای و گولستان یاخود ئەدریانا پۆل لەگەڵ عوسمانیدا بەپێی ئەم پەیماننامانە چەند ناوچەیەكی كوردنشین درا بەروسیا، واتە بەشێوازێكی فەرمی بۆ ئەوەی روسیا جێ پێی لەسەر ئاوەكان نەبێت و لەبەرژەوەندییەكانی بەریتانیا نەدا لەناوچە ئاوییەكاندا.

## بەناوبژیوانی ئینگلیز وروس ڕێكەوتننامەی ئەرزەڕۆمی دووەمیان واژكرا

**جەمال لۆلۆ**: ڕێكەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەم لەساڵی ١٨٤٧ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی وئێرانیدا مۆركرا، یەک لەو هۆكارانە پەیوەندی بەخودی دوو دەوڵەتەكەوە هەبوو، هەرچەند ڕێكەوتننامەی ئەرزرۆمی یەكەم گرێبەستی ئەوەی لەگەڵدا كردبوون جەنگ نەكەن، بەڵام ناوەناوە جەنگ لەنێوانیاندا ڕووی ئەدا، یەكێک لەهۆكارەكانی دروستبوونی ڕێكەوتننامەی ئەرزرۆمی دووەم داگیركردنی شاری خوڕەم شاربوو لەلایەن والی دەوڵەتی عوسمانی لەشاری بەغدا، كە ئەو چووە شاری خورەم شار و داگیری كرد لەبەرامبەردا ئێرانییەكان هاتن كەربەلایان داگیركرد، ئەمە چەند ساڵێكی فەرق بوو بۆ نموونە لەساڵی ١٨٣٧دا خوڕەم شار لەلایەن عەلی پاشای والی بەغدادەوە داگیركرا، لەساڵی ١٨٤٢ لەبەرامبەر ئەمەدا ئێرانییەكان هاتن كەربەلایان داگیركرد، ئیتر بەناوبژیوانی ئینگلیز وروس هاتن ڕێكەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەمیان لەساڵی ١٨٤٧ واژۆ كرد، ئێمە لەسەر خودی ڕێكەوتننامەكە قسە دەكەین هۆكارەكانی بۆ خودی ناوچەكە چی بوو؟ هۆكارێكی كوردیانە بوو كە ئەڵێم كوردیانە مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی بەقەزێی كوردەوەبوو، چونكە زۆرجاران سەیری مادەكانی ئەرزەرۆمی یەكەمیش ئەكەیت لەكۆی مادەكان سێ یا چواریان پەیوەندی بەكوردەوە هەیە، بەهەمان شێوە لەم ڕێكەوتننامەیەدا ئەیگەیەنێتی ئەوەی هۆكارەكانی بەستنی ئەم ڕێكەوتننامەیە كوردبووە، بۆیە لەكۆی نۆ مادە پێنج مادەیان پەیوەندی بەكوردەوە هەیە، ئەمە یەكێک بووە لەهۆكارەكانی بەستنی ئەم ڕێكەوتننامەیە، خودی كێشەی سنووری نێوان

دەوڵـەتی عوسمانی و ئێرانی کـە دیـارە سـنووری نێـوان دەوڵـەتی عوسـمانی ئێرانـی خـاکی کوردوسـتانە، کەواتـە یـەک لەهۆکارەکانی بەستنی ڕێکەوتننامەکە دیـارکردنی سنووری نێوانیـان بـووە، کـاتێ سنوری نێوانیشیان دووبـارە دیـاری کردەوە بێشک ئەو خاکە هیچیان خاوەنی نین و دەیانەوێت دابەشیبکەن.

**مامۆستا هەستیار محەمەد**: دەوڵەتانی روسیا و بەریتانیاو ئیرانی قاجاری و عوسمانی هەر چواریان ئەبوایە لەسەر ئەوە ڕێبکەون ئاسایشی ئەو ناوچەیە، واتە ناوچە سنووریەکان کە کوردنشینن بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپیارێزن، ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەوەزیری دەرەوەی روسیا ئەڵێت: پێویستە کاتێک پەیمانێک ئەبەسترێت لەسەر ئەساسی بەرژەوەندییەکانمان بیبەستین و بزانین ئەو سنوورە چۆن پێویستە دابنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش کەسایەتییەکی ئارکۆلیجیستی بەریتانی بەناوی (لیەر) ئەنێرێتە ناوچە سنوورییەکان تا بزانن بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەم ناوچەیە چۆنە، ئەم سنوورە چۆن دابنرێت لەبەرژەوەندییەکانی بەریتانیایە و بەهەمان شێوە روسیاش بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی کەسێکی ناردبووە ناوچەکە ئەیویست بزانێ ئەم سنوورە چۆن دابنرێت لەبەرژەوەندیاندایە، بەڵام لەسەرەوو هەموویەوە بەشێوازێک ئەم سنوورە دابنرێت کە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و روسیای تێدا پێشێل نەکرێت، ئەگەر عوسمانی و قاجاریش ئاسایش لەنێوانیاندا هەبێت ئەوا کێشە لەناوچەکەیاندا دروست نابێ، شەڕ وململانێ لەنێوانیاندا دروست نابێ، بەرژەوەندییەکانی قاجاری و عوسمانی زۆر کەمتر بوو لەچاو بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و روسیا.

## کورد لەنێوان شیعەگەریی ئێرانی و سوننەگەری عوسمانی

**جەمال لۆلۆ**: کورد لەهیچ کام لەو ڕێکەوتنانەدا بۆ دابەشکردنی خاکەکەی نەپرسی پێ دەکرێ و نەحیسابی بۆ دەکرێ، کە ئایا دەچێتە پاڵ دەوڵەتی ئێران یا دەوڵەتی عوسمانی، لەڕاستیدا دیاریکردنی سنووری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی کۆنە لەئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەی ڕێکەوتننامەکان کە چارەسەر نەکراوەبوون و ماوەنەتەوە، ئەم کێشەی سنوورە درێژە ئەکێشێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی یەک لەهۆکارەکانی هۆکارێکی دینی بووە، دەوڵەتی ئێرانی دەوڵەتێکی شیعە مەزهەبە و دەوڵەتی عوسمانیش سوننە مەزهەبە، بەشێک لەکورد سوننە مەزهەب بوون ئەکەوتنە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی ئێرانییەوە، بەشێک دیکەش لەکورد شیعە مەزهەب بوون ئەکەوتنە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیەوە، لەبەر ئەوە لەڕووی دینیەوە نەعوسمانی تەحەمولی ئەوەی ئەکرد و نەدەوڵەتی ئێرانیش تەقەبولی ئەوەیان دەکرد، بەتایبەتی هاتنی شیعەکان بۆ نەجەف و کەربەلا بەشوێنێکی پیرۆزیان دائەنا ئەزیەت ئەدران. هەوڵ درا ئەو سنوورە پڕ کێشەو ململانێیە لەنێوانیاندا چارەسەر بکەن، بۆیە لەڕێکەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەمدا ساڵی ١٨٤٧ دووبارە هێنرانەوە بەرباس، هەموو جارێک کێشەکانی ئەوان لەهەموو پەیماننامەکاندا چ لەشەڕی چاڵدێران چ لەڕێکەوتننامەی ئەماسیا لەساڵی ١٥٥٥ یەکێک لەخاڵە گرنگەکان دیاریکردنی سنوورە چ ڕێکەوتننامەی زەهاو ساڵی ١٦٣٩ یەکێک لەخاڵەکان و چ ئەرزەرۆمی



سەرچاوە
Serchawe

یەکەم ١٨٢٣ چ ئەم ئەرزەرۆمی دووەمە کە باسی لێوە دەکەین ئەویش یەکێک لەخاڵە هەرە بەهێزەکان ناکۆکییەکەی سازکردبوو دیاری کردنی سنوورە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا.

**ماموستا هەستیار محەمەد**: هەریەک لەم میرنشینە کوردیانە لەناوچەکەدا کە ئەکاتە ناوچە سنوورییەکان یاخود نەک ناوچە سنووریەکان هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستان لەژێر دەستەڵاتی قاجاریدا بێت یاخود لەژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا بێت، ئەمانە ئەگەر داوای سەربەخۆییان بکردایە یان داوای مافی خۆیان بکردایە ئەو سەردەمە سەردەمی سیستمی دەرەبەگایەتی بوو کێشە وململانێ بۆ دەستەڵات دروست ئەبوو، مەرکەزیەت واتە دەستەڵاتی مەرکەزی چ لای قاجارییەکان لەنێو ئێراندا چ لای عوسمانیەکان کەم بووەوە بۆ ئەوەی دەستەڵاتی مەرکەزیەت بەهێز بێت، بۆیە بڕیارێکیان دەرکرد بۆ لەناو بردنی میرنشینە کوردییەکان، یەک لەو میرنشینانەی کە زۆر زیانی پێگەشت میرنشینی بابان بوو لەدوای پەیمانی ١٨٤٧زیانی زۆری پێگەیشت و کۆتایی پێهات.

## عوسمانییەکان کتێبخانەی مزگەوتی گەورەیان سووتاند

**جەمال لۆلۆ**: ئەگەر سەرنج بدەین یەک لەو نۆ مادەی لەڕێکەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەمدا لەساڵی ١٨٤٧ یەک لەمادەکان دیاری کردنی سنوورە لەبەشی رۆژئاوای زەهاو و بەشی رۆژهەلاتی زەهاو، بەشی رۆژئاوا بدرێت بەدەوڵەتی عوسمانی واتە قەسری شیرین و سەرپێڵی زەهاو و ئەو شوێنانە، کە شیعەنشینن ئەوانە بدرێت بەئێران، لەوە ترازا بەدیوی ئەودیو شارەزوور وگەرمیان بدرێت بەدەوڵەتی عوسمانی لێرەوە دەبینین هەر رووبەڕوو بونەوەیەک، ڕاچەنینێک لەلایەن خەڵکی ئەم ناوچەیەوە دەستی پێکرد، زۆر لەو هۆز و عەشیرەتانە ئەتوانین بڵێین لەبۆتەی حیزبێک یان ڕێکخراو یان کۆمەڵێکی سیاسیدا نەبووە، ئێمە پارت یان ڕێکخراوێکمان نەبووە خەڵکی هەمەجۆر لەخۆی کۆبکاتەوە ئەوەی کە هەبوو عەشیرەت وخێڵ بووە، ئەم عەشیرەت وخێڵانەش کوردبوونی خۆیان سەلماندبوو لەبەر ئەوە ئامادە نەبوون بچنە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئەم خێڵ و عەشیرەتانە بەپانتاییەکی فراوانتر و یەکگرتنی چەند خێڵ و عەشیرەتێک چەند میرنشینێکیان دامەزراند، خودی ئەم میرنشینانە بووبوو بەچقڵ بۆ چاوی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی، لەبەر ئەوە ڕێکەوتننامەی دەوڵەتی عوسمانی ودەوڵەتی ئێرانی لەئەرزەرۆمی ١٨٤٧ دا یەکێک لەخاڵەکانیان هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکان بوو، بەلام با ئەوەش بڵێن ڕاستە لەهەردوو دەوڵەتەکەدا کار بۆ هەڵوەشانەوەی میرنشینەکان کرا، بەڵام لەدەوڵەتی عوسمانیدا زیاتر ئەمە توندتربوو، بۆ؟ لەبەر دوو هۆکار یەک ئەو میرنشینانەی لەژێر دەستی دەوڵەتی ئێراندا بوون تەنها میرنشینی ئەردەڵان چەند میرنشینێک بوو، زۆرینەی میرنشینەکان لەسنووری دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، میرنشینی بۆتان و میرنشینی سۆران و میرنشینی ئامێدی، هەکاری هەموو ئەمانە لەژێر دەستەڵاتی



سەرچاوە Serchawe

دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، ئەمە هۆکارێک بوو، هۆکاری دووەمی هاتنی کۆمەڵێک لەو سوڵتانانە بۆ دەوڵەتی عوسمانی بڕوایان بەمەرکەزیەتی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، ئەبێ خودی دەستەڵاتی مەرکەز حوکمی ناوچەکان بکات، نەک لەهەر ناوچەیەکدا میرنشینێک قوت بێتەوە و حوکمی ناوچەکەی خۆی بکات، ڕاستە میرنشینێکی خۆماڵی بۆ ئەوان بۆ ناوچەکەو خودی خەڵکەکە قبوڵ بوو دەستەڵاتێکی کوردی هەبێ، بەڵام خودی دەستەڵاتی مەرکەز کە ئەستەنبوڵ بوو بەهیچ شێوەیەک قبوڵی ئەوەی نەبوو جگە لەخۆی کەس حوکمی ئەو ناوچەیە بکات، لەکاتێکیشدا ئەیویست لەژێر دەستەڵاتیدا بێت وەکو پێویست هیچ ئاوڕدانەوەیەک نە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە نەلەڕووی بەڕێوەبردن وکارگێڕییەوە نەیوو، لەڕووی سیاسیشەوە دەستەڵاتێ کە زەبر و زەنگی بەسەر ئەم ناوچانەدا سەپاندووە کە خودی سوڵتان خۆی بەخەلیفەو جێنشینی و پێغەمبەران ئەزانی لەسەر زەویدا ئاوڕی نەئەدایەوە لەو خەڵکە زوڵم لێکراوە نە ئەدایەوە، لەبەرامبەر ئەم هەموو زوڵم و زۆرەشدا بێدەنگ ئەبوو لەکاتێکیشدا ڕازی نە ئەبوو میرنشینێک قەوارەیەک دەوڵەتۆکەیەکیان هەبێ بۆ بەرگریی کردن لەخۆیانی، ئەمانە ئەبێت بەهۆکار سوڵتان مەحمود یەکێک لەو سوڵتانانەبوو کە زۆرجەختی لەوە کردبووەوە و توانیشی ئەو کارە بکات، زۆرێک لەمیرنشینەکان لەناوبرد، میرنشینی سۆران لەساڵی ١٨٤٢دا کۆتایی پێهێنا، میرنشینی بابان لەساڵی ١٨٤٧ کۆتایی پێهێنا، یەکێک لەوکارانەی کە ئەم میرنشینانە ئەیکەن بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونە کە لە پڕۆتۆکۆڵەکانیان دا هاتووە بۆ نموونە کاتێک دەوڵەتی عوسمانی میرنشینی بابان لەناو ئەبات و هێرش دەکاتە سەر شاری سلێمانی و کتێبخانەی مزگەوتی گەورە کە یەکێک لەکتێبخانە گەورەکانی شار و کتێبخانەی کاک ئەحمەدی شێخ کە باری ٢٧ ئێستر کتێبی تێدابووە، هەموو ئەو کتێبانەیان بردووە لەدۆڵێکی دەرەوەی سلێمانیدا سووتاندوویانن، ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی لەو ڕێکەوتننامەدا لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا هەبوون بۆ سڕینەوەی کولتوور و عادات وتەقالیدی خەڵکی ئەم ناوچەیە، کە ئەیانویست ئەمانە لەبۆتەی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا بتوێنەوە بۆ ئەوەی لەم ناوچەیەدا کێشەیەک نەبێ ناوی کێشەی کورد بێت، بۆیە دەبینین چ دەوڵەتی عوسمانی چ دەوڵەتی ئێرانی ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەم هەیکەلانەی ئێستا هەن شەحنکراوی ئەو سەردەمەن لەکەوڵێکی تردا حوکم ئەکەن کە دەبینین چ ئێستای تورک و چ ئێستای عەرەب و چ ئێستای فارس هەموویان بەو عەقڵییەتەی کۆن بیر ئەکەنەوە، بەڵام لەسەردەمێکی تازەدا، دیقەت بدە چەند پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی توندبێت لەسەر مەسەلەی سیاسی و کێشەکانی دیکە، بەڵام کاتێ هاتوونەتە سەر کێشەی کورد هەموو ئەو ململانێ وکێشانەی خۆیان وەلاخستووە و لەسەر ئەو خاڵە کۆک بوون کە چۆن ئەو بزوتنەوە کوردیانە و هەستی نەتەوەیی کوردی کە سەری هەڵداوە خامۆش بکەن یا نەهێڵن جۆرە یەکگرتنەوەیەک لەنێوانیاندا دروست بێت.

**مامۆستا هەستیار محەمەد**: لەبەر ئەوەی ڕاگرتنی ئاسایشی ژێر دەستەڵاتی قاجاری و عوسمانیدا و گەڕانەوەی دەستەڵات بۆ مەرکەزیەت پێویست بوو لەناوچە سنوریەکاندا کێشەو ململانێ نەبێ ناوچە سنووریەکانیش زیاتر ناوچەی کوردنشین بوون.



سەرچاوە
Serchawe

## پەیماننامەی سایکس پیکۆ

ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرەتا لەلایەن مارک سایکس خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزی فرانسۆ جۆرج پیکۆی باڵیۆزی پێشووی فەڕەنسا لەبەیروت ساڵی ١٩١٦ ئامادە دەکرا، دواتر سازانۆفی وەزیری دەرەوەی روسیای لێ ئاگادارکرایەوە و بووە لایەنێکی ڕێککەوتننامەکە، دواجار لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئینگلیزی و باڵیۆزی فەرەنسا لەبەریتانیا لەرۆژی ١٦ی مایسی ١٩١٦دا ئیمزا کرا کە لەیانزە بەند پێکهاتبوون بەشێکی کوردستانیش لەم ڕێککەوتننامەیەدا بەم شێوەیە دابەشکرابوو یەک؛

١- لەناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستانی باکوور درا بەدەوڵەتی روسیای قەیسەری،

٢- ویلایەتی موسڵ کە بەشێک بوو لەکوردستانی باشوور لەگەڵ خۆرئاوای کوردستان درا بەدەوڵەتی فەرەنسا،

٣- چەند ناوچەیەیەکی کوردستانی باشوور درا بە بەریتانیا، بەم شێوازە کوردستانی یەکپارچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرا بەچوار پارچەوە، بێگومان پەیمانی سایکس پیکۆ بۆ چارەنووسی گەلی کورد بەشێوەیەکی زۆر خراپ کەوتەوە، چونکە ئەگەر لەپێش جەنگی جیهانی یەکەمدا کوردستان تەنها لەنێوان ئێران و تورکیا و بەشێک لەروسیادا دابەشکرابوو، بەتایبەتیش زۆربەی زۆری کورد بەچڕی لەژێر دەستی تورکدابوون، ئەوا لەدوای جەنگەکە بەسەر چوار وڵاتی سەرەکیدا دابەشکرا و ئەو بەشەشی کەوتبووە بن دەستی روسیا لەتوکوت کرا و بەسەر ئازربایجان و ئەرمینیا و گورجستاندا دابەشکران و پەرتەوازەکران، ئەمەش زیانێکی زۆری بە کورد گەیاند بەتایبەت کوردی بن دەستی روسیا، چونکە کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد و لەیەکدابڕانی جوگرافیا وای کرد کورد وەکو کەمینەیەکی پەرشوبڵاو دوور لەیەک بژین، بەپێی پەیماننامەکە بەشێکی باکووری کوردستان لەدەریاچەی وان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی باکووری کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ئەرمەنستان بۆ روسیا دانران، باشووری کوردستانیش بەپێی پەیماننامەکە لەگەڵ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی میزوپۆتامیا تا باکووری بەغداد و سلێمانی بەر فەرنسا کەوت، بەڵام بەریتانیا زانیاری زۆری لەسەر کانگای ژێر زەوی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی دەستکەوتبوو، بۆی دەرکەوتبوو کوردستانی باشوور بەتایبەتی لەنەوتدا دەوڵەمەندە، چوار رۆژ پاش ئاگربەست و کۆتایی هاتنی شەڕ ئینگلیز تاک لایەنە ناوچەی موسڵی داگیرکرد، کە بەپێی سایکس پیکۆ بەرفرەنسا کەوتبوو، کوردستان لەم دابەشکردنەدا بایەخێکی گەلێک گەورەی پێدرابوو، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکی گرنگەوە کە بریتی بوون لە: دۆزینەوەی نەوت و بەهای ئابووری وڵاتەکە، وەک بەربەستێکی لەبەردەم تەماع و هەڵپەی دەوڵەتی روسیا کە بەردەوام چاوی بڕیبووە ئەو رۆژەی کە دەستی ئەگاتە ناوچە ئاوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دابین کردنی گەیشتن بەوڵاتی هیند و خۆرئاوای رۆژهەڵاتی ئاسیا لەرێگایەکی دوور لەمەترسی و زامن کردنی بەردەوامی هاتووچۆ، دیارە ئەم خاڵانە هەر لەلای ئینگلیزەکان بایەخدار نەبوون، هەر یەک لەروسیا و فەرەنسا پاساوی خۆیان هەبوو بۆ گرنگیدان بەم وڵاتە تا بەشێکی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتیانەوە، بەڵام ئەم بایەخپێدان و هەوڵدانە لەگەڵ دانانی نەخشەی

دابەشکردنەکە و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە وەک خۆیان نەمانەوە. ڕوداوە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان بوونە هۆکاری ئاڵۆگۆڕ لەو پلانەدا و بایەخی کوردستانی گەلێک زۆرتر کرد، بۆ ئەم مەبەستە، مارک سایکس کە نوێنەری ئینگلیز بوو لەکارەکەیدا لەسەرەتای چەرخی بیستەوە گەشتێکی دووروودرێژی بەکوردستانی باکووردا کردبوو، سەرنجی وردی باری ژیان و پەیوەندی نێوان هۆزە کوردییەکان و چۆنێتی هەڵکەوتنی ناوچەکە و بایەخی لەڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە خوێندبووەوە، بەدرێژایی قۆناغەکانی وتوێژ پێی لەسەر دەسەڵاتی خۆی داگرت لەویلایەتی موسڵ و بەشێک لەکوردستانی ئێران، ئینگلیز ئەوەندەی لەسەر ئەم دوو ناوچەیە لەلایەن هاوپەیمانەکانیەوە بەربەرەکانێی کرا، لەسەر ناوچەکانی تر نیو ئەوەندەی بەسەر نەهات. خاڵێکی گرنگی تر کە لەبەندەکانی ڕێککەوتننامەکەدا بوو، ئەوەیە بەهیچ جۆرێک ئاماژە نەکراوە بەدامەزراندنی دەوڵەت یان ئیدارەیەکی کوردی لەناوچەکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهەموو شێوەیەک هەوڵی ئەوەی ئەدا دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێ و خۆی لەناوچەکەدا قایم بکات تا چاڵە نەوتەکان بپارێزێ و بەهێمنی کاری بۆ بکات و بەرهەمی بهێنێ.



دابەشکردنی ناوچەکە بەسەر دەوڵەتانی زلهێزدا

**د. دلێر ئەحمەد حەمەد:** پەیمانی سایکس پیکۆ یاخود ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لەبەر ئەوەی لەنێوان هەردوو دیبلۆماتی گەورەی بەریتانی و فەرەنسی ئەنجامدراوە، لەنێوان سایکسی بەریتانی و پیکۆی فەرەنسی دواتر لەکۆبوونەوەکاندا سازانۆف دیبلۆماتی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا، ئەویش بەشدار بوو لە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لەنێوان هاوپەیمانان ئەنجامدران، واتە لەنێوان ڕوسیا و بەریتانیا و فەرەنسا، ئامانجی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بوو لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لەنێو ئەو زلهێزە جیهانییانە کە ئەو سەردەمە باڵادەست بوون لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، دیارە ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک، ناوچەی عیراق و ئوردن وسوریا و فەلەستین و تاڕادەیەک ڕۆژهەڵاتی تورکیا و کوردستانی تورکیای ئێستا هەموو ئەوانەی گرتبووە، دەبوایە بەپێی نەخشەوپلانێکی فراوان ئەو ناوچانە دابەش بکرێ و ببێتە نفوزی بەریتانی و ڕوسی و فەرەنسی.



سەرچاوە
Serchawe

**حوسێن عەزیز**: پەیمانی سایکس پیکۆ لەئەنجامی رەوشێکی تایبەتی رامیاری و ئابووری دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی وەکو فەرەنسا و بەریتانیا هاتەکایەوە لەو سەردەمەدا ئەوان بیریان لێ کردەوە کۆتایی ساڵەکانی ١٩١٤ بۆ ١٩١٥ شتێک دروست بکەن، بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی زۆر لاواز بووبوو، دژی بەرەکەی تر وەک هاوپەیمانی ئەڵمانیا بەشداری شەڕی کردبوو، بیریان لەوە کردبووەوە کە ناوچەکە بەشبکەن، سەرەتا تەنها ئەو دوو لایەنە بوون، پاشان لەگەڵ سازانۆف وەزیری دەرەوەی روسیای قەیسەری لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە رێککەوتن، دواتر ئیتاڵیاش هاتە ناوەوە، بەگوێرەی ئابووری تایبەتی خۆیان ناوچەکەسان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، لەو سەردەمەدا شتێک نەبوو ناوی دەوڵەتی کوردی بێت تاوەکو باس بکرێت و یان دەوڵەتیان بۆ دروستبکەن، عەرەبیش دەوڵەتی نەبوو، هەموو لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، هەندێک بەشی کوردستان، لەژێر دەسەڵاتی سەفەویدابوون، ئەوان بیریان لەوە نەدەکردەوە شتێک بۆ کورد یان بۆ عەرەب دامەزرێنن، بەڵام وتیان ئەگەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی عەرەبی دروستبوو، یاخود ئێمە نەمانتوانی شەڕی تورکەکان ببەینەوە، ئەوە دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامیان بۆ دروستدەکەین کە ببن بەهێزێکی گەورە لەناوچەکەدا، ئەگینا بەڵێنیان پێنەدابوون، لەبەر ئەوە کورد خوێ دەوڵەت نەبوو، سەرکردایەتییەکی نەبوو پەیوەندی بەو شوێنانەوە بکات لەکوێ ئەبێت دەوڵەتی بۆ دروست بکەن؟ ئەمە یەک، دووەمین بەندەکانی سایکس پیکۆ هەمووی نهێنی بووە کەس نەیزانیوە چین و چۆنن، هەتاوەکو شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەیەکێتی سۆڤیەت رویداوە ئەو کاتە لینین پاشەکشێی کردووە و وتویەتی ئێمە بەشداری تێدا ناکەین، چونکە ئەمە دژی بەرژەوەندی گەلانە. ئینجا بۆ خەڵک ئاشکرابووە، ئەوە ساڵی ١٩١٧ بەڵام ئەوان کاتێ جەنگەکەیان بردەوە بەکردەوە بەندەکانی سایکس پیکۆیان جێبەجێ کرد، لەگەڵ هەندێ ئاڵوگۆڕکردندا بۆ نموونە ئەبوایە موسڵ بەر فەرەنسا بکەوتایە، بەڵام ئینگلیزەکان وەریانگرت بەکورتییەکەی کە باسی کوردستان ئەکرێ لەناو پەیماننامەی سایکس پیکۆدا وەکو دەوڵەت باس ناکرێ، وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو باس ناکرێ، وەکو چەند شار و ناوچەیەک باس ئەکرێ، هەندێکیان ئەکەونە ژێر دەستی فەرنسییەکانەوە و هەندێکیان ئەکەونە ژێر دەستی ئینگلیزەوە و هەندێکیان ئەکەوێتە ژێر دەستی روسیای قەیسەرییەوە، ئیتر دەوڵەت لەکوێ دروستبکەن؟ کوردستان لەدوای یەکەم دابەشکردنی شەڕی چاڵدێرانەوە ئەوان بەنهێنی دابەشیانکردووە لەنێوان سێ ئیمبراتۆریەتی گەورەدا، ئیتر چۆن بیر لەوە بکرێتەوە دەوڵەت دروست بکەن؟ دواییش یەکەم دەوڵەتی عەرەبستانی سعودییەیان دروست کرد ئەوە لەبەرژەوەندی خۆیاندا بوو، ئەوە نەبێ لەبەرچاوی عەرەب بێ، چونکە هەر ئەوان بوون هاتن عیراقیان داگیرکرد و فەرەنسییەکان چوون لوبنان و سوریایان داگیرکرد.

## ئەگەر بمزانیبایە ویلایەتی موسڵ نەوتی تێدایە تەنازولمان بۆ بەریتانیا نەدەکرد

**د. دلێر ئەحمەد حەمەد**: ئەم رێکەوتننامەی سایکس پیکۆیە نزیکەی دە بۆ دوانزە خاڵ لەخۆ دەگرێ، دەستنیشانی ئەو

خاکانە دەکات کە چۆن لەنێوان روسیاو فەرەنسا و بەریتانیا دابەشکراوە، دەتوانم بڵێم رێککەوتننامەیەکی شوم و رەش بوو بەزیانی میللەتی کورد تەواو بوو، کوردستان بەگشتی دابەشکرابوو، باکووری کوردستان بخرێتە چوارچێوەی ئەرمینیای گەورە و ئەرمینیاش ببێتە بەشێک لەدەوڵەتی روسیای قەیسەری، واتە ئێمە ئەو وەختە دووجار دەچەوسێنراینەوە بەپێی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ ئەگەر بهاتبایە ئەو پلانە سەری بگرتایە، چونکە ویلایەتی موسڵ کە باشووری کوردستانە بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە درابوو بەفەرەنسا، لوبنان و سوریا و ناوچەی ئەسکەندەرۆنە کە ئێستا سەر بەتورکیایە لەگەڵ کوردستانی عیراق کە ئەو وەختە ویلایەتی موسڵی پێدەوترا ئەو وەختە هەموو درابوون بەفەرەنسا، کەواتە ئێمە راستەوخۆ دەکەوتینە ژێر دەستی داگیرکەری فەرەنسی گەر ئەو شتە سەری بگرتایە، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لەدوای ساڵی ۱۹۱۷ کودەتا یان شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەروسیا بەرپابوو، یەکەم وەزیفەیان ئەوە بوو ئەو رێکەوتنە نهێنییانەیان ئاشکرا کرد، لەرۆژنامەکاندا بڵاویانکردەوە کە چۆن میللەتانی رۆژهەڵات و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە بابەتی دابەشکردن لەلایەن داگیرکەری بەریتانی و فەرەنسی و روسیای قەیسەری، ویلایەتی موسڵ درابوو بەفەرەنسا، فەرەنسا نەیدەزانی نەوت لەناوچەی ویلایەتی موسڵ دۆزراوەتەوە، دیارە زانیارییان نەبووە وەکو دواتر جۆرج کلیمەنسو سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا لەبیرەوەرییەکانی خۆی نووسیویێتی من ئەگەر بمزانیبایە ویلایەتی موسڵ نەوتی تێدایە تەنازولمان نەدەکرد بۆ بەریتانیا. بەهۆی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆوە دوای ساڵی ۱۹۱۷ کە روسیای شۆڤیەتی بەفەرمی پاشەکشێی کرد و بێلایەنی خۆی دەرخست لەرێککەوتننامەی سایکس پیکۆ کە هیچ شتێکی ناوێ و تەماعی لەو خاکانەدا نییە، بارودۆخەکە گۆرانێکی وای بەسەردا هات تورکیای عوسمانی شکستی هێنا و کەمال ئەتاتورک کە ئەفسەرێکی سوپا بوو یەک لەجەنەراڵەکانی سوپای عوسمانی بوو، بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی وعەلمانی پەیرەو دەکرد، هێزێکی گەورەی لەتورکیا کۆکردەوە، هەندێک لەهۆزە کوردییەکانیش هاوکاریان کرد، بەو شێوەیە توانی بووی ئەو خاکەی کە ئێستا لەتورکیا هەیە و پێی دەوترێ تورکیا بیپارێزێ، کوردی بەوە ڕازی کرد کە لەدوای سەرکەوتنی جەنگی رزگاریخوازی تورکیا بەسەرۆکایەتی ئەتاتورک لەدژی یۆنانییەکان و لەدژی هێز و سوپای بێگانە، ئەو وەختە سەربەخۆیی بەکوردەکان دەدات و تەواوی مافەکانی دەسەلمێنێ. کورد بەوە هەڵخەڵەتا، بەشێکی زۆری کورد بەشداری جوڵەی رزگاریخوازی تورک بەسەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورک بوون، کاتێکیش تورکیا بەهێز بوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ئەستەنبوڵیان گرتەوە ئیتر بەهیچ شێوەیەک دانیان بەو رێککەوتنەدانەنا، هەر بۆیەش لەساڵی ۱۹۱۷ کە ئینگلیزەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەم زانیارییەکی یەکجار وردیان هەبووە و دووسێ کۆمپانیای پەترۆڵ و نەوت لەویلایەتی موسڵ کاری دەکرد و بەدوای نەوتدا دەگەڕا، لەوانە بریتیش پترۆڵ کۆمپەنی، تورکیش پترۆڵ کۆمپەنی، دۆچ بانک، و چەندین دامەزراوەی دیکە کە بەدوای نەوتدا دەگەڕان، بەریتانیا زۆر باش دەیزانی لەویلایەتی موسڵ و لەکەرکوک نەوت هەیە، لەبەر ئەوە بە پەلە و یەک لایەنانە هاتووە بەسوپاوە ناوچەی ویلایەتی موسڵی داگیر کردووە و پێشتریش زۆر بەوردی کاری بۆ ئەوەکردوە، لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکان و هەموو دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پەیوەندی هەبووە بۆ ئەوەی پشتگیری لەهاتنی ئینگلیز بکەن، بەو شێوەیە دەبینین لەسەرەتای

جەنگی یەکەمی جیهانیدا روسیای قەیسەری تا ناوچەی خانەقین و رەواندوز و ناوچەی پێنجوێن و پشدەر هاتووە و شەڕی کردووە و پاشان پاشەکشێی کردوە، لەدوای شکستی حکومەتی قەیسەری لەبەرانبەر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەو سوپایەی روسیا لەتەواوی بەرەکاندا پاشەکشێی کرد، تەنانەت لەرۆژئاوای روسیاش بەپێی پەیماننامەی بریخ کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، ئەو وەختە خاکێکی یەکجار زۆریان بەئەڵمانیا بەخشی لەبری ئەوە پەیماننامەی ئاشتیان لەگەڵ مۆرکردبوو، چونکە روسیا لەدۆخێکی زۆر سەختدابوو، لەتوانایدا نەبوو بەرنگاری وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوایی بێتەوە بەتایبەتی ئەڵمانیا، چونکە توشی برسێتی و نەهامەتی و کێشە بووبوو. عەرەبەکانیش بەریتانیا بەوە تاوانبار دەکەن کە بەڵێیان بە بنەماڵەی هاشمییەکان دابوو دەوڵەتێکی عەرەبی گەورەیان بۆ دروستبکەن، وەک تاجی مەلەکی بنەماڵەی هاشمی، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی سایکس پیکۆ ئەوانیش چوونە لای ئینگلیزەکان و پێیان وابوو ئەوە پروپاگەندەی شیوعییەکانە، ئیتر مەلیک فەیسەڵیان هێنا و کردیان بەمەلیکی سوریا و دواتر لەگەڵ فەرەنسییەکان تێکیاندا لەساڵی ١٩٢١ ئەوەبوو کردیان بەمەلیکی عیراق، ئیتر بەم شێوەیە عیراق دروستکرا و رێککەوتننامەی سایکس پیکۆش دابەشکردنی کوردستانی لێکەوتەوە.

**حوسێن عەزیز:** لەکاتی پەیمانی سایکس پیکۆدا ئینگلیزەکان کەسیان بەلای خۆیاندا رانەکێشا دوایی کە عیراقیان داگیرکرد و دوایی کوردستانیشیان داگیرکردووە، بەڵام پێش ئەوە چەندین گەڕیدەی ئینگلیزی و فەرەنسی هاتوونەتە کوردستان، بۆ نموونە ریچ، یان ئەوانەی بەناوی ئاینی فەلەوە هاتوون گەلێک زانیارییان لەسەر کوردستان کۆکردوەتەوە، دەربارەی کۆمەڵایەتی و تیرە وهۆز و سامان وکشتوکاڵ و جیوپۆلۆتیکیان زانیارییان وەرگرتووە، ئەمانەیان لەسەر کوردستان کۆکردوەتەوەو نووسیویانەتەوە و بردویانەتەوە بۆ ئەوێ و کەڵکیان لێ وەرگرتووە، لەو ڕووەوە توانیویان شارەزاییەکی باشی ناوچەکە ببن، بەڵام نەیانتوانیوە پەیوەندی بەتیرەو هۆزە کوردییەکانەوە بکەن، تەنها دوای ئەوەی ناوچەکەیان داگیرکردووە و دابەشیانکردووە.

## سایکس پیکۆش پەیوەندی بەئێرانەوە نەبوو

**د. دلێر ئەحمەد حەمەد:** بەپێی رێککەوتننامەی ئیستراتیژی سایکس پیکۆ کوردستان لەنێوان فەرەنسا و روسیا دابەشکرابوو، ئەوە پارچەکەی تری رۆژهەڵات هەر لەژێر دەستی ئێران بوو، سایکس پیکۆش پەیوەندی بەئێرانەوە نەبوو تا ئەندازەیەکی زۆر دووربوون لەو دابەشکردنە، لەدوای رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لەکۆنگرەی سان ریمۆ نوێنەرایەتی فەرەنسی و تورکی و بەریتانی هەموو ئەوانە کۆدەبنەوە رێگا خۆش دەکەن کۆنگرەیەکی تر ببەسترێ و ئیتر سێ و چوار کۆنگرە لەسویسرا و شوێنەکانی تر دەبەسترێ.



سەرچاوە
Serchawe

**حوسێن عەزیز**: یەکەم شت ئەوە بوو کە خۆیان باسی دەکەن، ئەوان لەسەر بەرنامە و فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای مارکسیزم ئەرۆیشتن پێیان باش نەبوو لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی سەرمایەداردا بێن دەستبخەنە ناوجەرگی گەلانی ناوچەکە وەکو بانگەشەیان بۆ ئەکرد، دووەمین شت ئەوان تازە شۆڕشیان دروست کردبوو ئەیانویست بەهەموو هێز وتوانای خۆیانەوە قورسایی خۆیان بخەنە سەرچاککردنی باری ناوخۆیی یەکێتی سۆڤیەت، دوژمنێکی زۆریان هەبوو هێشتا دەسەڵاتی پرۆلیتاریا نەچەسپابوو، سێیەم شت ئەوە بوو کۆمەڵی روسیا هەمیشە چاویان بڕیبووە ئەو تەنگە ئاوانەی دەوروبەری وڵاتەکەیان، هەمیشە دەیانویست ئەستەنبوڵ داگیربکەن، لەو سەردەمەشدا لینین نەیدەویست خۆی لەجەنگێکی ئاواوە بئاڵێنێ، هەرچەند لەپەیماننامەکەدا ئەو شوێنانە بۆ روسیا دانرابوو، بەڵام ئەوان پێیان باش نەبوو ئەوە بکەن، وەک دەوڵەتێک کە بانگەشەی مافی مرۆڤ و مافی چارەنووسی گەلانیان دەکرد. پەیمانی سایکس پیکۆ بەئاشکرا و روونی باسی کورد ناکات، باسی ناوچەکان دەکات، ئەو ناوچانەی کە هەیە بۆن موونە دەڵێ: قونیە، دەڵێ: ماردین، سلێمانی، سەردەشت، ورمێ، .. ئەمانە هەموو هەیە هەتا لەسەر ورمێ ناکۆکییەکی زۆر لەنێوانی روسیا و فەرەنسا و ئینگلیزەکاندا هەبووە، چونکە نزیکی ئەوانە نزیکی سنووری روسیایە، لەبەر ئەوە ئەوان وەکو ناوچە لەنێوانی خۆیاندا دابەشیانکردووە، وەک کوردستانی گەورە نەیانوتووە ئەم بەشە بۆ ئەوان دەبێ، بۆ نموونە ئەڵێی لەباشووری کوردستاندا لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بووە، هەموو کوردستان نەکەوتوەتە بندەستی لایەکیانەوە بەڵکو بەگوێرەی ناوچە دابەشکراوە، بەشێکی بەر فەرەنسییەکان کەوتووە، بەشێکی بەر ئینگلیزەکان کەوتووە، لەناو باکووری کوردستان. خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەویش سەرەتا گرنگەکانی ویلسۆنە ئەوەی کە لەچواردە خاڵ پێکهاتووە، خاڵێکیان زۆر گرنگە بۆ کورد و ئەرمەنییەکان کە ئەڵێ لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگەوە دوو دەوڵەت دروست دەکرێ یەکێکیان بۆ ئەرمەن و ئەوی تریان بۆ کورد، بەڵام سایکس پیکۆ ئەوەی سڕیبیەوە، خاڵێکی تر ئەگەر بێینە سەری رێککەوتننامەی سیڤەر کە دوایی بوو بەلۆزان، ئەویش لەبەندەکانی شەست و دوو وسێ و چواردا باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە پێشتر لەسایکس پیکۆدا رێککەوتبوون بەهیچ شێوەیەک نەیانهێشت ئەوە سەربگرێ، لەوگۆشە نیگایەوە ئەتوانین بڵێن سایکس پیکۆ رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی نەبوو بەتایبەتی دژی کوردبێ، ئەمە زۆر بەهەڵە لەناو کوردا بڵاوبووەتەوە، سایکس پیکۆ بۆ دابەشکردنی ناوچەکە بوو بەکورد وعەرەب وتورک و فارسەوە، ئەمە لەپێناوی بەرژەوەندی ئابووری دەوڵەتە زلهێزەکانی سەرمایەداریدا بوو، کوردستان بەگشتی جگە لەخۆرهەڵاتی کوردستان کە بەشێکی لەو رێککەوتننامەدایە بەسەر فەرەنسا و بەریتانیا و روسیادا دابەشبووە، روسیا بەشی خۆی هەر برد ئەو بەشەی کە دەکەوێتە بندەستی روسیای ئێستاوە پێیان دەگوت کوردستانی سور، لەشەڕی قرمدا لەگەڵ عوسمانییەکانەوە هەتا ئێستاش هەر لەژێر دەستی ئەواندایە وەکو لاچین کەلەبجار و نەخچەوان و.. ئەمانە ئازەرییەکان ئەڵێن هی ئێمەیە، بەڵام ناوچەی کوردستانە.

**د. دلێر ئەحمەد حەمەد**: لەکۆتایی ساڵی ١٩١٥دا لەئاکامی ئەو گۆڕانکارییە سەربازی و سیاسیانەی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



سەرچاوە Serchawe

ڕوویدا جارێکی تر پرسی دابەشکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی هاتە ئاراوە، بەریتانیاو فەرەنسا زۆر لەوە ئەترسان روسیا سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەی لەسەر حسابی داگیرکردنی ئەرمینیا و کوردوستان دەست بەسەرا گرتنی تەنگە ئاوییەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەستەنبوڵ  فراوان بکات بۆ ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورە بوو لەبەرژەوەندیەکانی ئەو وڵاتانە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شایەنی باسە لەشکری روسی لەچەند بەرەیەکی شەڕەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هەر لەتراپزۆنەوە تا ئەگاتە ئازەربایجان و دەریاچەی وان بەشێک لەخاکی دەوڵەتی بندەستی عوسمانی داگیرکردو چەند ناوچەیەکی لەڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا و کوردوستان لە لەشکری تورک پاککردەوە لەسەرتادا لە لەندەن لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٥ لەنێوان فرانسا جۆرج پیکۆ کونسوڵی گشتی پێشوی فەرەنسا لە بەیرووت و ئارتۆل نیکۆڵ سۆن یاریدەدەری هەمیشەیی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەستی پێکرد، بەڵام هەر زوو سایکس پسپۆڕی کاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەی گرتەوە هەردوولا پرۆژەی ڕێکەوتنێکیان ئامادەکرد، دواتر بەشێوەی کۆتایی لە لەندەن لە ٩ تا ١٦ ئایاری ١٩١٦دا لەلایەن پێڵ کەمبۆن باڵیۆزی فەرەنسی ئێگریم وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەشێوەی ئاڵوگۆڕی یاداشتی دیپلۆماتیدا مۆرکرا، بەڵام بەم پێیەیەی پرۆژەی پەیمانەکە لەلایەن هەردوو دیپلۆمات سایکس و فرانسا جۆرج پیکۆ ئامادەکرابوو ناونرا پەیمانی سایکس پیکۆ ئەم پەیمانە لەیانزە بەند پێکهاتبوو، ڕەچاوی ئەوەی کردبوو هەردوو دەوڵەتی فەرەنسا و ئینگلیز ڕاستەوخۆ ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەکانی  عێراق و سوریای ئەمڕۆدا داگیر بکەن، بەناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیانەوە بلکێنن بەپێی پەیماننامەکە ئەبوو پێنج ناوچە دروست بکرێت، کە بریتی بوون لەناوچەی شین ، واتە هەرێمەکانی ڕۆژئاوای سوریا و لوبنان لەگەڵ عەنتاب و ئۆرفە و ماردین و دیاربکر و چەند شوێنێکی تر، هەردوو لا ڕێکەوتبوون بەفەرەنسا بدرێت و دەستەڵاتی تەواوی تێیاندا هەبێت، ناوچەی سوور بریتی بوو لەبەشی خواروی ویلایەتی بەغداد لەگەڵ ویلایەتی بەسرەو هەردوو بەندەری حەیفا و عەکا ئەمەش بۆ ئینگلیز، ناوچەی قاوەیی پێکهاتبوو لەپاشماوەی خاکی فەلەستین کە ئەکەوێتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەمەش روسیا لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاوایەکاندا پێکدێت ناوچەی ئەی پێک هاتبوو لەبەشی ڕۆژهەڵاتی سوریاو باکووری عێراق ناوچەکانی باشووری کوردوستان کە هەرێمێکی ژێر دەستی فەرەنسا بوون ناوچەی ئەی پێک هاتبوو لەئوردون و ناوەڕاستی عێراق کە ناوچەیەکی ژێر دەستی ئینگلیز دەبێت هەر لەڕێکەوتنەکەدا هەردوولا ئامادەن دان بەسەربەخۆیی پاراستنی دەوڵەتە عەرەبییەکە یا یەکتێتیەکی فیدرالی لەهەردە ناوچەی ئەی و بیدا پێک بهێنرێت و ئینگلیز پەیمانی ئەوەیدا ڕێگەبدرێت بەشێک لەئاوی دیجلە و فورات لەناوچەی ئەیەوە ببرێت بۆ ناوچەی بی، لەبەندی شەش و حەوتدا هاتبوو ئینگلیز هێڵێکی شەمەندەفەر لەحەیفاوە بەرەو بەغداد ببات فەرەنسیەکانیش بەهەمان دەستوور لەحەلەبەوە هێڵێک ڕابکێشن بەو مەرجەی ئەوەی بۆ بەغداد ئەبرێت نابێت بەخوار موسڵدا بڕوات لەناوچەی ئەیدا لەسەروو سامەڕاوە بۆ ناوچەی بی.



سەرچاوە
Serchawe

## دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان

**ئارام عەلی**: ئێمە ئەگەربێتو باسی پەیمانی سایکس پیکۆ بکەین یا باسی ئەو پەیماننانە بکەین لەڕووی نێو دەوڵەتیەوە یان لەڕووی هەرێمیەوە لەناوچەکەدا بووە و پەیوەندی بە کوردەوە هەیە ناتوانین نەگەڕێینەوە بۆ ئەو پاشخانە مێژووییە، ئەو ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتیانەیە پەیوەندی بەنەتەوەی کوردەوە هەیە، لەڕاستیدا کوردستان بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٥١٤ لەشەڕی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانیدا لەڕووی تیۆرییەوە دابەشکرا، واتە ئەمە زەمینەیەکی مێژووی بوو پارچەکانی کوردستانی بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان دوو هێز و دوو ئاینزای جیاوازدا دابەش کرد، بەڵام لەساڵی ١٦٣٩ بەپێی پەیمانی زەهاو یان بابڵێین پەیمانی قەسری شیرین لەڕووی کردەییەوە کوردستان لەنێوان ئەم دوو هێزەدا دابەشکرا، واتە ئەمە بۆ یەکەمین جار دابەشکردنی کوردستان بوو لەنێوان دوو هێز و دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئیمبراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی بوو، بەڵام لەڕووی نێو دەوڵەتیەوە لەساڵی ١٩١٦ لەدوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵئەگرسێ لەساڵی ١٩١٤ دوای ساڵی ١٩١٦ بەهۆی دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانییەوە لەناوچەکەدا و هەروەها بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی کاتێک ئیتر وورده وورده بەرەو کەنارەکانی ڕووخان ئەچوون لێرەدا وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا بەرژەوەندییەکانیان لەوەدا یەکی ئەگرتەوە کە میراتەکەی دەوڵەتی عوسمانی بەشکەن لەنێوان هەردووولادا، ئەوەبوو نوێنەرانی هەردوو وڵات لەسەرەتادا مارک سایکس کە نوێنەری بەریتانیا بوو لەگەڵ جۆرج پیکۆ نوێنەری فەرەنسا بوو بڕیاریاندا بە دابەشکردنی ناوچە کە پێیان دەوت هیلالی خەسیب، هیلالی خەسیب ئەو ناوچانە بوون کە ئەکەوتە بەشەکانی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، ئەم دووانە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بەپێی ئەو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانە کە بۆ ئەمان بەجێماوە لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا یا لەوەزارەتانەکانیان، وەزارەتە کۆڵۆنیالەکانیان ئەو زانیاریانەی بەجێیان هێشتووە ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی زۆربەی ئەو ناوچانەی میراتی دەوڵەتی عوسمانی بوون بۆ دوو نفوزی جیاواز (بەریتانیا و فەرەنسا) دابەشیبکەن دواتر ئەوەبوو روسیا هاتە ناوەوە و مسادەقەیەکی کرد، نوێنەری روسیا سازانۆڤ بوو لەبەر ئەوە ئێمە زۆرجار ئەڵێین ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ ئەکرێ بشڵێین ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ سازانۆڤ، چونکە روسیاش بەشێک بوو لەوە تا ساڵی ١٩١٧ کاتێک شۆرشی بەلشەوی لەروسیا سەری هەڵدا و شیوعیییەکان هاتنە سەرکارو دەستەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتەیان وەرگرت، ئەوەبوو روسیا لەئیتفاقیەکە کشایەوە و بەقسەی خۆیان وتیان لەڕێکەوتننامەیەکدا نابین کە دەست بەسەر میللەتانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێ، ئەوەبوو کشانەوە، کەواتە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو لەساڵی ١٩١٦ لەنێوان بەریتانیا و فەرەنساو روسیادا بەسترا بۆ دابەشکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەخشینەوەیان لەژێر نفوسی یەکتریدا، هەروەها بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردوستان بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە کەوتە ژێر هەژموون وژێر کاریگەری

ئەم وڵاتە زلهێزانەوە.

**سدیق ساڵح**: بەریتانیا کەوتە لێکۆڵینەوە لیژنەیەکی دانا لیژنەکە مۆریزدی بۆنسن سەرۆکایەتی ئەکرد لەبەر ئەوە لیژنەکە بەناوی لیژنەی بۆنسن ناسراوە ئەم لیژنەیە کەوتە لێکۆڵینەوە لەسەر دارو بارو وەزعی دەوڵەتی عوسمانی و دیاریکردنی ئەو سیاستە کە پێویستە بەریتانیا لەدوای هەڵئاوسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بیگرێتە بەر بەرامبەر بەو دەوڵەتە لەبەر ئەوە ئەم لیژنەیە کۆمەڵێک پێشنیاری خستە بەردەم حکومەتەکەی خۆی، ئەم لیژنەیە لەنوێنەری وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی دەریایی وکۆمەڵێک لە وەزارەتە گرنگەکانی بەریتانیا پێکهاتبوو، مارک سایکس بۆ خۆی وەک دەوڵەتی شارەزا یەکێک بوو لەئەندامە سەرەکیەکانی ئەو لیژنەیە و دەوری زۆر سەرەکی لەگەڵاڵەکردنی ئەو پێشنیارانەدا بینی کە خرایە بەردەمی حکومەتەکەی. لێرەدا ئەمانە چوار پرسیاریان خستۆتە بەردەمی حکومەتەکەیان یەکەمیان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەشبکرێت و بەپێی ئەو دابەشکردنە ئەوان دیاریيان کردبوو ئەتوانین بڵێین بەشی زۆری کوردستانی ژێر دەوڵەتی عوسمانی ئەبوو بە بەشی بەریتانیا، واتە ئەمان لەگەڵ ئەوەدا بوون دەوڵەتی عوسمانی پێویستە بکرێت بەکۆمەڵێک ناوچەی نفوس و بەشی زۆریشی بەتایبەتی ناوچە کوردییەکان بوون، پێشنیارێکی تریان ئەوەبوو هەرێمەکانی ئەم دەوڵەتانە بدرێنە دەوڵەتانی هاوپەیمانان کە بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمیان کردبوو، پێشنیارێکی تریان ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ملکەچی دەوڵەتی هاوپەیمانان بکرێت و بەپێی سیاسەتی ئەوان بجوڵێتەوە و پێشنیارێکی تریان ئەوەبوو لیژنەکە ئەمەی زیاتر پێ پەسەند بوو ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی وای لێبکرێت ئەو دەستەڵاتە مەرکەزییەی نەهێڵرێت و دەستەڵاتێکی ئیدارەی حوکمی دەوڵەتی عوسمانی بەئیدارەیەکی نا ناوەندی بکات، واتە بڵێین لامەرکەزی، هەوڵ بدرێت هەر یەکێک لەهەرێمەکان واتە ویلایەتەکان جۆرێک لەسەربەخۆی ئۆتۆنۆمی دیارییکرا دەستەڵاتی خۆیانیان هەبێ، وەختێک ئێمە ئێستا بە بەڵگەنامەکان و ڕاپۆرتەکانی ئینگلیز ئەچینەوە بۆمان دەردەکەوێت ئینگلیز پێشوەخت بەرنامەیەکی ئامادەکراوی نەبووە، جگە لەو ڕێکەوتنانەی لەڕێکەوتنەکەی سایکس پیکۆدا هەبووە لەنێوان ئەو سێ زلهێزەی ئەو زەمانە ئینگلیزدوای داگیرکردنی ویلایەتی بەسرە و بەغدا هەر لەدوا دواییەکانی یەکەم جەنگی جیهانیدا بەبێ شەڕ توانی ویلایەتی موسڵ کە کوردستانی باشوورە داگیر بکات، لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کوردە کورد خۆیشی یارمەتی دەربوو لەڕاکێشانی ئینگلیز بۆناوچەکە بەئومێدی ئەوەی بتوانێ لەسایەی دەستەڵاتی ئینگلیزدا لەم ناوچەیە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکات، چونکە بیرمان نەچێت فەرەنسا و ئینگلیز لەدوا دواییەکانی ساڵی ١٩١٨دا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە بەپێی ئەو ڕاگەیاندنە، ڕایانگەیاند کە ئەم دوو دەوڵەتە جیهانییە هاتونەتە ئەم ناوچەیە بۆ ڕزگارکردنی میللەتانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی تا لەژێر میروبیری دەوڵەتی عوسمانی ڕزگاریان بکەین، لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین کورد بۆ خۆشی لەم ناوچەیەی خۆی واتە ویلایەتی موسڵ هاوکاری هێزەکانی ئینگلیز بوون و ناوچەکەیان تەسلیم کردن، ئەتوانین بڵێین دوو کەس دەوری زۆر



سەرچاوە
Serchawe

سەرەکیان هەبوو لەجێ بەجێ کردنی ئەو نەخشەیە کە دواتر دەوڵەتی عێراقی لێ دروست بوو، ئەوانیش ویڵسن و سەرپێکیکۆکس بوون هەر دووکیان لەدوو ماوەی جیا جیادا حاکمی سیاسی و عەسکەری ئینگلیز بوون لەبەغدا، ئەمانە ئەتوانین بڵێین دوای هەوڵێکی لێبڕاوانە قەناعەت بە حوکمەتەکەی خۆیان ئەکەن کە ئینگلیز بەتەمایە بۆ عەرەبی سوونە لەعێراقدا دەوڵەتی: دروست بکات، پێویست نەک هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغدا بگرێتەوە بەڵکە ویلایەتی موسڵیشی بخرێتە سەر، ئەگەر ویلایەتی موسڵی نەخرێتە سەر وەکو جەستەیەکی بێ سەر وایە، چونکە ویلایەتی موسڵ هەم دەوڵەمەندە بە نەوت هەم ئەتوانێت پێویستییەکانی ئەو دەوڵەتە تازەیە لەرووی دانەوێڵەوزۆر بەرووبوومی کشتوکاڵی تر دابین بکات، لەبەر ئەوە ئەوانە توانییان قەناعەت بەدەوڵەتەکەی خۆیان بکەن لیژنەیەک بۆ ئەمە پێکهێنرا لیژنەکە لەسەرەتاوە نوێنەری فەرەنسا جۆرج پیکۆ بوو نوێنەری بەریتانیاش ئارتل لیکنسل بوو کە سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بوو، ئەم لیژنەیە دەستی کرد بەکۆبوونەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئارتل لیکنسل لەو لیژنەیە کێشرایەوە و مارک سایکس بوو بە نوێنەری بەریتانیا لە لیژنەکەدا، ئەم لیژنەیە دوای کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی یاداشتی دیبلۆماسی هاتنە سەرئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی دابەشکردنەکانی لەپاش بڕانەوەی جەنگ بەم شێوەیە بێت کە خۆیان دیاریانکردووە.



## پرسی کورد بێت لەساحەیەکی گەورەتردا

**د.ئارام عەلی**: ئەناسولەکە ئەوەبوو کورد لەمەحەفەلێکی نێودەوڵەتیدا لەناو سەرۆک و سەرۆک وەزیر و وەزیرەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتانەدا بتوانێ دەنگی هەبێ، لەوانەیە ئەوەبێ یاخود ناساندنی مەسەلەی پرسی کورد بێت لەساحەیەکی گەورەتردا، بەندی شەست و دوو و شەست و سێ و شەست وچوار باسی پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی تێدابوو کە دوای ساڵێک کورد بتوانێ سەربەخۆیی بدەستبهێنێ، ئەو سێ چوار خاڵە زیاتر پەیوەندی بەکوردەوە هەبوو، بەڵام من خۆم پێموایە زۆر کەمتربوو لەخواستی کورد بەحساب ئەو مافانەی کە دەدرا بەکورد بەشێکی زۆر کەمی کوردستان بوو، ئەوەی کە پێی ئەوترێ



سەرچاوە
Serchawe

كوردستانی ناوەند، ئەكەوێتە نێوان باشووری كوردستان و باكووری كوردستانەوە، مەبەستم پارچەی عیراق و پارچەی نزیک توركیا هەر ئەو ناوچەیەی گرتەوە، بەشی زۆری كوردستان درا بە ئەرمینیا كە بەحیساب بۆ ئەرمینیاش دەوڵەتێک دروست بكرێت، بەڵام لەوانەیە هەر شتێكی خراپ نەبووبێ كورد لەژێر دەستەیی رزگاری ببێت، كە لەدوای نەمانی میرنشینەكانەوە هەر ژێر دەستەی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بتوانێ حسابێكی بۆ بكرێ و قەوارەیەكی هەبێ، ئەوە دەستكەوتێكی خراپ نەبوو، بەڵام ئێمە زیاد لەپێویست شتەكەمان گەورە كردووە.

## ئەم كۆنگرەیە بەشێوەیەكی گشتی لەقازانجی وڵاتە زلهێزەكاندا بوو

**د.سۆزان كەریم**: بە پلەی یەكەم قازانجی ئەم كۆنگرەیە بۆ دەوڵەتە زلهێزەكان بوو، چونكە لەم كۆنگرەیەدا كۆمەڵەی گەلان دروستكرا بۆ چەسپاندنی ئاشتی بەسەر وڵاتاندا هەروەها چارەسەركردنی كێشەی وڵاتەكان بەتایبەتی وڵاتە داگیركراوەكان، بەڵام دەبینین ئەم كۆمەڵەیە دواتر شكست ئەهێنێ و ناتوانێ هیچ یەكێک لەو كێشانەی كە خرایە بەردەمی ئەم كۆمەڵەیە چارەسەری بكات، بەپێچەوانەوە یەكێک لەو كێشانەی كە خرایە بەردەمی ئەم كۆمەڵەیە كێشەی ویلایەتی موسڵ بوو لەساڵی ١٩٢٥دا، كە بەزەرەری كورد كۆتایی هات، ویلایەتی موسڵ لەساڵی ١٩٢٥ دا ئەخرێتە سەر عێراق، ئەم كۆنگرەیە لەچارەسەر كردنی ویلایەتی موسڵدا شكستی هێنا، ئەتوانین بڵێین ئەم كۆنگرەیە بەشێوەیەكی گشتی لەقازانجی وڵاتە زلهێزەكاندا بوو، جا ئەم كۆنگرەیە نەک هەر لەچارەسەركردنی مافی نەتەوە ژێر دەستەكان شكستی هێنا، بەڵكە لەرازی كردنی دەوڵەت زلهێزەكانیش شكستی هێنا، واتە پێش ئەوەی كۆنگرەكە ببەسترێ ئەمان چارەنووسی ئەو ناوچانەیان بۆ خۆیان یەكلایی كردبووەوە و بەسەرخۆیاندا دابەشیانكردبوو، بۆیە بەستنی كۆنگرە هیچ شتێكی لەو راستییە مێژووییە نەگۆڕی و لەدوای كۆنگرەكەش ئەوان بەردەوام بوون، ئینتیدابی خۆیان سەپاند بەسەر ناوچە داگیركراوەكانی دەوڵەتی عوسمانی.

**د.ئارام عەلی**: زۆرجار وا باس دەكرێ كە ئەم دابەشكردنەی كوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەراست لەسەر بناغەی سایكس پیكۆیە، ئەگەرچی پەیمانی سێڤەر لەسەر بناغەی سایكس پیكۆیە، بەڵام دەكرێ بڵێین زیاتر دابەشكردنەی كوردستان بووە، وڵاتانی سەركەوتووی جەنگ بەفیعلی كەوتنە دابەشكردنی دەوڵەتی عوسمانی كە كوردستانیشی گرتبووە، دەكرێت بڵێین لەئەنجامی كۆنفرانسی پاریس بوو نەک سایكس پیكۆ، ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و ئەو دیكۆمێنتانە بەكاربهێنین، چونكە سیفەتێكی فەرمی و نێودەوڵەتی هەیە، سیاسیەكانی ئێمە دەوانن سوود لەو مەسەلەیە وەربگرن، بەس بەڕای من تا ئێستا لەسەر ئەو مەسەلەیە توێژینەوەی زۆر گەورە نەكراوە، پێویستە مێژوونووسەكان لەوبوارەدا توێژینەوەی زیاتر بكەن و هەموو دیكۆمێنتەكان بخەنە بەر دەست. بەگشتی ئێمە تا ئێستا مێژووی خۆمان نەنووسیوەتەوە، واتە ئەوەی تا ئێستا

هەیە لەسەرچاوە بیانییەکانەوە وەرمانگرتووە، خۆمان راستەوخۆ کارمان لەسەری نەکردووە، ئیتر ئەمە کەمتەرخەمی خۆمان بێت یان لەناهۆشیاری بێت، زۆر بایەخمان بەمێژووی نووسراوی خۆمان نەداوە.

## پەیماننامەی سیڤەر

سیڤەر شارۆچکەیەکی نزیک پاریسی پایتەختی فەرەنسایە، سەرانی چەندین دەوڵەتی زلهێزی جیهانی ئەو کاتەی لەخۆی کۆکردەوە، تا رێگا چارەیەک بۆ دەرئەنجام و دەستکەوتەکانی چوار ساڵی جەنگی یەکەم بدۆزنەوە، ئەو شارۆچکەیەش بووە پێگەی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، کە هەر بەو ناوەوە ناونرا پەیمانی سیڤەر. بەمەش نەک هەر شارۆچکەی سیڤەر بەڵکو پەیمانی سیڤەریش چووە لاپەڕەکانی مێژووەوە، کە یەکێک بووە لەو پەیماننامانەی لەلای کورد بیرەوەرییەکی خۆشی دروست کردووە، بێ ئەوەی هیچ لەبەرهەمەکانی بخوات، پەیمانی سیڤەر خۆی لەخۆیدا رێککەوتننامەیەک بوو، لە ١٠ ئابی ١٩٢٠ لەلایەن دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ژاپۆن و ئەرمەنستان و بەلجیکا و یۆنان و پۆڵەندا و پرتوگال و رۆمانیا و سیبریا و کرواتیا و سلۆڤینیا و چیکسلۆڤاکیا و تورکیای عوسمانی و ویلایەتەیەگرتووەکانی ئەمریکا وەک چاودێر واژۆکرا، لەکاتی کۆبوونەوەی سەران و نوێنەرانی ئەو وڵاتانەش، نوێنەرانی هەر یەک لەعەرەبەکانی حیجاز بەسەرۆکایەتی فەیسەڵی کوڕی حوسێن و کوردەکانیش بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان ئامادەبوون و هەر یەکەیان راپۆرتێکیان لەسەر بارودۆخی نەتەوە و وڵاتەکەیان و داواکاری لەسەرانی وڵاتان بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانیان پێشکەش کرد. لەو پەیمانەدا کە چوار سەد و سی و دوو بەندی لەخۆ گرتبوو زۆربەی خواست و داواکاری و بەرنامەی کاری دەوڵەتانی هاوپەیمانانی تێدا بەدی کرا، لەسەر ئەو بڕوایەی دوای چوار ساڵ شەڕ لەجەنگی جیهانی یەکەمدا ١٩١٤ تا ١٩١٨ بەسەرکەوتوویی کۆتاییان بەدەسەڵاتداریێتی ئیمبراتۆریەتی ئەڵمانیا و ئیمبراتۆریەتی نەمسا و مەجڕ و ئیمبراتۆری عوسمانی هێنا و خۆیان پێکەوە بوونە تاکە زلهێزی و میراتگری زەوی و سامانی ئەو دەوڵەتە تێکشکاوانەی جەنگ، کۆبوونەوە و کێشە و خواستی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە چوارسەد و سی مادەدا زۆر زۆر دەهێنێ قسەی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەوەی جێگای خواست و مەبەستی ئەم بەرنامەیەیە کە تاچەند پەیمانی سیڤەر خواستەکانی کوردی جێبەجێ کرد یان تاچەند ئاوڕی لەکورد دایەوەو خاکە دابەشکراو و داگیرکراوەکانی بۆ ئازاد کرد، لەپەیمانی سیڤەردا سێ مادە تایبەت بوو بەکوردستان و گەلی کورد، ئەوانەش مادەکانی شەست و دوو و شەست و سێ و شەست و چوار بوون بریتین لەمادەی شەست و دوو، لیژنەیەک لەسێ ئەندام پێک دەهێنرێ لەبەریتانییەک و فەڕەنساییەک و ئیتاڵییەک کە حکومەتەکانیان دیارییان دەکەن، مەڵبەندی لیژنەکەش شاری ئەستەنبوڵ بوو، کە لەماوەی شەش مانگدا کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن، تا ڕاپۆرتێک سەبارەت بەمافی فەرمانڕەوایەتی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانەی زۆرترین دانیشتوانی کوردن ئامادە بکەن، ئەویش ناوچەیەکە کەوتووەتە خۆرهەڵاتی فورات و باشووری ئەرمینیا و باکووری سنووری عیراق و سوریا، کە لەبەندی بیستوحەوتی مادەکانی



سەرچاوە
Serchawe

سێ سەد و بیست و دوودا هاتووە، هەروەها ئەگەر هەریەک لەئەندامانی لیژنەکە بڕیاریان لەسەر کێشەیەک لەکێشەکان نەدا، ئەوە بۆیان هەیە کێشەکە بەرەو ڕووی حکومەتەکەیان بکەنەوە، هەر لەم پرۆژەیەشدا پێویستە مافی پاراستی ئاشووری و کلدانییەکان وکەمە نەتەوەکان و ئاینە کەمینەکان زامن بکرێت، کە لەخاکی کوردستاندا دەژین، هەروەها لیژنەیەکیش لە بەریتانییەک و فەرەنسایەک و ئیتاڵی و ئێرانی و کوردێک دەنێردرێنە ناوچەکە بۆ مەبەستی پێشوو، ئەو لیژنەیەش لەتوانایاندایە گۆڕانکاری لەسنووری تورکیادا بکەن ، بەمەرجێک لەگەڵ بەندەکانی پەیماننامەکە و سنووری ئێراندا بگونجێ، مادەی شەست و سێ دەوڵەتی عوسمانی پەیمان ئەدا لەماوەی سێ مانگدا سەرجەم بڕیارەکانی مادەی شەست و دوو لەبەرنامەی کاری لیژنەکان دوای دەرچوونی بریارەکانی لیژنەی تایبەت بەمادەکە جێبەجێ بکات. مادەی شەست وچوار ئەگەر گەلی کورد کە لەمادەی شەست ودوو دا دیاری کراوە لەماوەی ساڵێکدا ڕووی کردە کۆمەڵەی گەلان و زۆرترین دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزووی جیابوونەوەیان لەتورکیا کرد و ئەگەر کۆمەڵەی گەلان زانیان ئەو گەلە شایەنی ئەو سەربەخۆییەن، ئەوا ئامۆژگاری تورکیا دەکەن و تورکیاش پەیمان ئەدا واز لەهەموو مافەکان لەناوچەی ناوبراودا بهێنێ و لەهەمان کاتدا هێزە هاوپەیمانەکان هیچ کۆسپێک نەخەنە بەردەمیان، تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەتە کوردییە ئارەزوومەندی یەکگرتنی کرد لەبەشی ویلایەتی موسڵ یان بەپێچەوانەوە لەکاتێکدا کۆمەڵێک هیوا و ئامانج وخواستی کورد لەخاکە داگیرکرا و دابەشکراوەکەی هاتەدی، بەڵام تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش نهێنی جێبەجێ نەکردنی ئەو مادانە پرسیارن، ئەگەرچی پەیمانی سیڤەر تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بووە خەونی کورد و بەدی نەهات، بەڵام بێگومان ئەگەر ئەو کات ئەو پەیمانە و بەندەکانی بۆ کورد بچوایەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئێستا واقیعی کوردو کوردستان شتێکی تر دەبوو.

## لایەنی دۆڕاو ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بوو

**د. پێشڕەو حەمە جان**: بێگومان لەئەنجامی ململانێیەک چەندین ڕێککەوتننامەی نێوان ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دواجار بەشێکی زۆری کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەوە، بەم شێوەیە کوردستان بەشێکی زۆری لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا مایەوە تاوەکو هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم، لەجەنگی جیهانی یەکەمدا ئیمبراتۆریەتی عوسمانی چووە پاڵ ئەڵمانیا و ڕووبەڕووی هاوپەیمانان بووە، ساڵی ١٩١٤ کاتێ کە جەنگی جیهانی دەستی پێکرد، یەکێک لەلایەنەکانی جەنگی جیهانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بوو، لەکۆتاییدا بێگومان لایەنی دۆڕاو ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بوو، بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ڕوسیا ئەمانە براوەی جەنگی جیهانی یەکەم بوون و لەئەنجامدا کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی ئاشتیان بەست کە لەرێگەی ڕێکەوتننامەکانی ئاشتییەوە ئیرادە و ستراتیژی خۆیان بەسەر دەوڵەتانی دۆڕاودا فەرزکرد، بەسەر ئیمبراتۆریەتی عوسمانیدا، بۆیە لەئەنجامدا یەکێک لەو ڕێککەوتننامانەی ئاشتی بریتی بوو لەرێکەوتننامەی سیڤەر کە بەسترا لەنێوان ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتانی تر، بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا و

ئیتاڵیا.

## کورد نەیتوانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە

**مامۆستا گۆران برایم**: بێگومان پەیمانی سیڤەر یەکێک لەئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە لەو کاتەدا دوای سیلسیلەیەک پەیمان، دوای کۆنگرەی ئاشتی پاریس، دوای پەیمانی سانریمۆ، یەکێک لەو پەیمانە گرنگانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتەکیایەوە مەسەلەی پەیمانی سیڤەرە، بێگومان پەیمانی سیڤەر وەرچەرخانێکی بڕیارە نێو دەوڵەتییەکان بوو سەبارەت بەکورد، چونکە یەکەم جاربوو لەسەر ئاستی جیهان بڕیارێکی نێودەوڵەتی ئاوا دەرچێت سەبارەت بەمافی کوردو دروستکردنی دەوڵەتێک کیانێک لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێگومان ئەم بڕیارە لەڕووی یاسایی هێزێکی گەورەی هەبوو، ئەو کاتە کورد نەیتوانی ئەو هەلە بۆ خۆی بقۆزێتەوە، هەروەکو جولەکەکان مەسەلەی بڕیاری بەلفۆریان بۆ خۆیان قۆستەوە، بەلام کورد لەوکاتەدا نەیتوانی ئەو هەلە بۆخۆی بقۆزێتەوە و دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆخۆی دروست بکات.

## قسە لەسەر بچوکبوونەوەی هێزی چەکداری دەوڵەتی عوسمانی دەکرا

**د. پێشڕەو حەمە جان**: بێگومان کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری و گرنگی لەخۆگرتبوو، تەنها پەیوەندی دار نەبوو بەکوردەوە، بەڵکو قسە لەسەر سەربەخۆیی عێراق وسوریا ئەکرا تا بخرێتە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا و فەرەنسا، قسە لەسەر سەربەخۆیی ئەرمەنەکان دەکرا، قسە لەسەر بچوکبوونەوەی هێزی چەکداری دەوڵەتی عوسمانی دەکرا، قسە لەسەر هەندێ ناوچەی وەک جەزیرە و دەریاچەکانی نێوانی یۆنان و تورکیا دەکرا کە بدرێتە دەست یۆنان، و هەندێک ناوچە لەچەک دابماڵێ، شتێک کە گرنگی خۆی هەبوو بەنیسبەت کوردەوە لەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەدا دانرابوو بەدروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد کە لەهەندێک لەبڕگەکانیدا، بەتایبەت لەمادەکانی شەست و دوو و شەست و سێ و شەست وچواردا جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە کە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا پێکەوە لیژنەیەک دروستبکەن، ئەم لیژنەیە جۆرێک لەحوکمی زاتی بەکوردەکان بدات، تاوەکو بگاتە ئاستێک کوردەکان بتوانن ممارەسەی جۆرێک لەسەربەخۆیی بکەن، دواجار ئەگەر هاتوو زۆرینەی ئەو ناوچانەی کە کورد تێیدا نیشتەجێ بووە، بەتایبەتی کوردستانی باکوور، ئەگەر زۆرینە بڕیاریان لەسەر دەوڵەتێکی کوردیدا لەڕێگەی لیژنەکەوە بدرێتە دەست کۆمەڵەی گەلان کە ئەوکاتە عوسبەتوئومەم بوو، ئەوانیش راسپاردەی خۆیان بدەن بەدروستبونی دەوڵەتێکی کوردی ولەرێککەوتننامەدا لەرێگەی ئەم مادانەوە جەخت لەسەر

ئەوە کرابووەوە دواجار ئەبێ ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بەدەرئەنجامی راپرسییەکەی خەڵکی کوردستان رازی بێت ئەگەر داوای سەربەخۆیان کرد ئەبێ ئیمبراتۆریەتی عوسمانی دان بەدەوڵەتی سەربەخۆیی کوردا بنێ، لەرێگەی رێکەوتننامەی سیڤەرەوە و پاشان تەنازول لەمافەکانی خۆی بکات، لەناوچە کوردنشین دانرابوو بەتایبەت ناوچەی کوردستانی باکووری بەتەواوەتی ئەگەرتەوە، لەرێگەی ئەو رێکەوتننامەیەوە جەخت لەسەر ئەوە کرابووە کە ئەگەر هاتوو ویلایەتی موسڵ کە کوردستانی باشوور یان کوردستانی عێراق ئەگرێتەوە ئەگەر ئەمانیش مەبەستیان بوو ئارەزوومەندان بچنە پاڵ دەوڵەتەکە. واتە دواجار ئەوەی کە بەنیسبەت ئێمەوە گرنگە لەرێکەوتننامەی سیڤەردا بەتەواوەتی جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە کورد مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتێکی کوردی بۆ دروستبکەن، لەژێر چاودێری عوسبەت وئومەمدا.

**مامۆستا گۆران برایم**: ئەوە بۆ کەمالییەکان وەک پەتی سێدارە لەقەڵەمیان ئەدا، دوا بەدوای ئەوە سەیر دەکەیت تورکەکان کەوتنە گڕ بۆ ئەوەی ئەو پەیماننامەیە شکست پێبهێنن، بەفیعلی شکستی هێنا و سەرکەوتووش بوون تێیدا. دوای سەرکوت کردنی کوردەکان و دوای رازی کردنی بەشێکی تریان سەیر دەکەیت ئەرمەنەکانیشیان سەرکوت کرد، لەلایەکی دیکەوە هەموو هەوڵەکانیان خستە گڕ بۆ رازی کردنی وڵاتانی رۆژئاوا ئیتر بەرێکەتن بێت لەگەڵیاندا بەبەڵێنی دوای پەیماننامەکە بێت، یاخود بەئاگر بەست بێت، هەر چۆنێ بوو هەموو وڵاتانی رۆژئاواشیان رازی کرد بۆ ئەوەی ئەو پەیمانە شکست پێ بێنێنن، و بەفیعلی توانیان شکستی پێبهێنێ.

**د. پێشڕەو حەمە جان**: ئەگەر ئێمە لەڕوانگەی یاسایی و دوور لەهەستی نەتەوایەتی سەیری بکەین پێمان وایە کاتێ رێکەوتننامەیەکی نێو دەوڵەتی لەبەینی ژمارەیەک دەوڵەتدا ئەبەسترێ وەکو رێکەوتننامەی سیڤەر، تەنها ئیمزاکردن ئەم رێکەوتننامەیە ناخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە رێکەوتننامەکان لەڕووی یاساییەوە بۆ ئەوەی بتوانن جۆرێک لەسیفەتی میزانی لەسەر دەوڵەتانی ئەندام دروستبکەن و دەوڵەتانی ئەندام ناچار بکرێ بە پابەند بوونیان بەم رێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەوە، بێگومان ئەبێ رێکەوتننامەکان پاش ئیمزاکردنیان ببرێنەوە لە وڵاتەکانی خۆیان پەسەند بکرێن، بێگومان بەڵگە یاسایی و مێژووییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنها دەوڵەتێک تەسدیقی ئەم پەیماننامەیەی کردبوو دەوڵەتی ئیتاڵیا بوو، بەڵام دواجار ئیتاڵیاش تەسدیقەکەی کێشایەوە کردەوە، بۆیە ئەتوانین بڵێین هیچ دەوڵەتێک نەمایەوە لەئەندامانی ناو رێککەوتننامەکە پەسەندی کردبێ و کە پەسەندیش نەکرێ لەروانگەی یاسایی و نێودەوڵەتییەوە هیچ ئیلتیزامێک لەسەر دەوڵەتانی ئەندام دروست ناکات، بۆیە من پێم وایە بەتەواوەتی نەبوو بەرێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی وا کە بتوانێت لەڕووی یاساییەوە ئیلتیزام لەسەر دەوڵەتانی ئەندام دروست بکات، تاوەکو پابەند بن بەو رێکەوتننامەوە، لەبەر ئەوە تەنها وەکو شتێکی سیاسی مایەوە لەنێوانیاندا بۆ ئەوەی ئەو سیفەتی ئیلتیزمی وەربگرتایە پێویستی بەپرۆسەیەکی تر هەبوو کە بێگومان نەچوو بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە من باوەڕم وایە لەروانگە یاساییەکەوە

بەتەواوی نەبووە رێکەوتننامەیەکی مولزەم تاوەکو قسە لەسەر ئەوە بکەین کە هەڵوەشاوەتەوە.

## دەوڵەتی تورکیا ناچار دەکات دان بەو کیانە کوردییەدا بنێ

**مامۆستا گۆران برایم**: مەسەلەکە یەک لایی بوو بووەوە بەشێوەیەکی یاسایی بڕیارەکە درابوو، لەمادەی شەست ودوو وشەست و سێ و شەست و چوار کە دەوڵەتێک بۆ کورد دروست بکرێ، سەرەتا بەپێی مادەی شەست و دوو دروستکردنی کیانێکی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردەکان، بەشێکی زۆری ئەو ناوچە کوردییانەی ئەگرتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، بێگومان ئەمە بڕیارێک بوو لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە دەرچووبوو بۆ ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، دوای ئەوە مادەی شەست و دوو دەوڵەتی تورکیای ئەو کاتە ناچار دەکات دان بنێت بەو کیانە ئۆتۆنۆمییەی کە بۆ کوردەکان دائەمەزرێت، مادەی شەست و چوار جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە ئەو کیانەی دامەزراوە لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە ئەگەر دوای ساڵێک بەزۆرینەی دەنگ رازی بوون بەجیابوونەوە لەتورکیا ئەو کاتە عوسبەت و ئوممەم پشتگیریان ئەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## گومانی تێدا نییە بەڵگەنامەیەکی مێژووی گرنگە

**د. پێشڕەو حەمە جان**: ئەگەر بەموجەرەد نەڵێین لەڕووی یاساییەوە بەتەواوەتی نەبووە رێکەوتننامەیەکی مولزەم، بەڵام گومانی تێدا نییە بەڵگەنامەیەکی مێژووی و سیاسی گرنگە، جۆرێک لەدانپێدانانی نێودەوڵەتییە کە ناوچەیەک هەیە ئەکەوێتە نێوان تورکیا و عێراق و سوریا و ئێرانەوە پێی ئەوترێ کوردستان و خەڵکێکی تێدا نیشتەجێن پێیان ئەوترێ گەلی کورد. دانپێدانانێکی تری تێدایە کە ئەم خەڵکە لەڕووی مێژووییەوە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دانی پێدا نراوە مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، بۆیە ئەتوانین ئەم مافانە لەرێگەی ئەم رێککەوتننامانەوە کە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە هەڵهێنجانێکی تێدا بکەین و سوودی لێ ببینین وەک بەڵگە نامەیەکی مێژوویی و سیاسی بەوەی گەلێک هەبووە پێیان وتراوە کورد و لەکوردستاندا نیشتەجێ بوون و مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، ئێمە لەو ڕوانگەیەوە و لەڕووانگەی سیاسییەوە ئەتوانین سودیان لێ ببینین.

## ئەمریکا رۆڵی هەبوو لەهەمووارکردنەوەی ئەو بەندانە

**مامۆستا گۆران برایم**: واژۆکردنی پەیماننامەی سیڤەر لەلایەن گەلێک لەدەوڵەتانی تری وەک فەرەنسا و ئیتالیا و یەکێتی سۆڤیەت و بێگومان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کە لەو کاتەدا چاودێرێک بوو، بەڵام دواتر رۆڵێکی گەورەی هەبوو

لەهەمووارکردنەوەی ئەو بەندانەی کە تایبەتن بەدروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد. بێگومان تورکیای کەمالی وەک هێزێکی ناسیۆنالیستی گەورە لەگۆڕەپانەکەدا دەرکەوتبوو، سەرەتا تورکیا یەکێک لەو هەلانەی قۆستییەوە ئەوەبوو پاش چەند مانگێک لەواژۆکردنی بەندەکانی پەیماننامەکە هەمووارکرایەوە لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە، چونکە ئێمە دەبێ ئەو حەقیقەتەش بڵێن هێشتا موسادەقە نەکرابوو، مەجالی دەستکاری کردنی تێدا بوو، دوای ئەوە وەڵاتێکی وەک یەکێتی سۆڤیەت بەلای خۆیدا ڕاکێشێ بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت بۆ هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سیڤەر، چونکە لەو کاتەدا تورکیا وای لەیەکێتی سۆڤیەت گەیاندبوو کە ئەمە پلانێکی ئیمپریالیستی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە دژ بەتورکیا، هەر لەبەر ئەوە بوو یەکێتی سۆڤیەت پشتگیرییەکی گەورەی تورکیای کرد، لەلایەکی دیکەوە و ساڵانێک پێشتر تورکیا بەڵێنی بەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابوو تورکیا بکەوێتە ژێر مانداتی ئەمریکاوە، لەپاڵ ئەوە دا چەندین بەڵێنی تری بەویلایەتە یەکگرتووەکان دابوو. ئەمانەش پاڵی بەویلایەتە یەکگرتووەکانەوە نا بۆ ئەوەی پشتگیری لەتورکیا بکات، بێجگە لەو بەڵێنانەی بەکۆمپانیا پترۆڵییەکانی ئەمریکای دابوو، لەلایەکی دیکەوە فەرەنسا لەگەڵ تورکیا ڕێککەوت و دوای ئاگر بەستێک پاشەکشێی لەو خاکانە کرد کە لەتورکیایە داگیری کردووبوو، ئیتاڵیاش لەلایەن خۆیەوە ئاگربەستی لەگەڵ تورکیادا واژۆ کرد، دوای ئەمە بەریتانیا کاتێ بەهەموو ئەمانەی زانی ئەویش بەناچاری لەتورکیا چووە پێشەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت و ڕێکیشکەوت، بەڵام ڕێکەوتنەکە لەسەر حیسابی کوردبوو، ئەوەشمان بیرنەچێ تورکیا توانی لەسەر ئاستی ناوخۆشدا کوردەکان بەکار بهێنێ چ بۆ بەرژەوەندی خۆی، چ دژ بەداواکارییەکانی بەریتانیا لەناو خاکی تورکیادا، چونکە لەو کاتەدا کوردەکان بەشێک بوون لەئەنجومەنی نەتەوەیی تورک کە پێشتر دامەزرابوو، توانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە چ بۆ بەرژەوەندی خۆی و چ بەدژی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان.

د. **پێشڕەو حەمە جان**: بێگومان لەڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دواجار پرۆسەی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی سیڤەری پرۆسەی پەسەند کردنە، یاخود تەسدیق کردنە، هەر بۆخۆی پرۆسەکە پرۆسەیەکی ئارەزوومەندانەیە، واتە پرۆسەی پەسەندکردن جۆرێک لە ئارەزوومەندانەی داوەتە دەست دەوڵەتان. دەوڵەتان ئەو ڕێککەوتننامانەی لەسەرەتادا واژۆیان کردووە، دەتوانن ئارەزوومەندانە لەڕوانگەی یاساییەوە پەسەندی نەکەن، بۆ؟ چونکە ئەمە جۆرێک لەئازادی داوە بەدەوڵەتەکان بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامە یەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیمزا ئەکەن، کە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان بەپێی بەرنامە و ستراتیژ و سیاسەتی خۆیان لەیەکدانەوەیەک بکەن ئایا تا چ رادەیەک ئەو ڕێکەوتننامەیە لەگەڵ بەرنامە و بەرژەوەندییەکانی ئەماندا یەک دەگرێتەوە، واتە بۆ خۆی ڕێکەوتننامەیەک ئیمزاش کرابێت ئارەزوومەندانەش ئیمزا کرابێت، دواجار ئارەزوومەندانە ئەتوانی پەسەندی نەکەیت و نەیخەیتە بواری جێبەجێ کردنەوە. راستە ئەم دەوڵەتانە ئیمزایان لەسەر کرد، بەڵام دواجار بەرژەوەندی ئەمانی تێدا نەبووە ئەم ڕێکەوتننامەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆیە دواجار لەڕوانگەی یاساییەوە پەسەندیان نەکرد بەبێ ئەوەی بەرپرسیارێتیان لەسەر دروست بێت،

بەڵام ئەتوانین بڵێین لەروانگەی سیاسی و ئەخلاقییەوە جۆرێک لەبەرپرسیارێتیان لەسەر دروست بووە لەبەرانبەر ئەو بەڵێنانەی کە داویانە و ئەو ڕێکەوتننامەیەی ئیمزایان کردووە. زۆرجار بەڵگەنامە مێژوویەکان جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم ڕێکەوتننامەیەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانتی بەستی بێگومان دۆڕاوی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، دواجار لەناو تورکیادا بزوتنەوەیەکی نیشتمانی تورکی بەسەرپەرشتی ئەتاتورک سەری هەڵدا، کە زیاتر بزوتنەوەیەکی نیشتمانی تورکی بوو، گومانی تێدا نییە ئەم بزوتنەوەیە کە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی گۆڕی بۆ کۆماری هەر لەسەرەتاوە کاری لەسەر ئەوە دەکرد ڕێکەوتننامەی سیڤەرە نەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، دواجار کە کۆماری تورکیاش دروستبوو جۆرێک لەئیستیغلالی کردنی ئەو ململانێ نێودەوڵەتییەی کرد بەتایبەت لەنێوانی بەریتانیا و روسیا کە زیاتر ئەو کاتە بزوتنەوەیەکی ئیشتراکی تێدا دەرکەوت بەسەر پەرشتی لینین، جۆرێک لەململانێی نێوان ئەوانیان ئیستیغلال کرد، جۆرێک لەدیبلۆماسیەت و سیاسەتی خۆی بەکابرهێنا تا ئەم ڕێکەوتننامەیە نەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بەتایبەتی لەسەرەتادا بزوتنەوەکەی ئەتاتورک خۆی وادەردەخست کە نوێنەرایەتی تورک و کورد دەکات و کوردەکان لەچوارچێوەی تورکیادا پارێزراون، لەلایەکی ترەوە فەرەنساش هەرچەند ئەندام بووە و قسە لەسەر ئەوە ئەکرێت هەر لەسەرەتاوە رازی نەبووە بەرێکەوتننامەی سیڤەر بەشێوەیک کە دەوڵەتێکی کوردی دروست بکات بۆ کوردەکانی کوردستان لەلایەکی ترەوە لەئەنجامی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا و دواجار سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئەتاتورک لەناوتورکیادا ئەمانە بۆ خۆی کۆمەڵێک هۆکار بوون دواجار گەیشتە ئەوەی واقیعی کۆمەڵی دەولی بەئاراستەیەکدا ڕۆیشت ڕێکەوتننامەکە لەرووی یاساییەوە پەسەند نەکرا، ئیتالیا تەسدیقی کرد و ئەویش دواجار تەسدیقەکەی کێشایەوە، لەئەنجامدا بەرژەوەندییەکانی ئەو کاتی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بێگومان بەو ئاڕاستەیەدا ڕۆیشت ئەم ڕێکەوتننامەیە نەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

## کورد سەرکردەی نەبوو

**مامۆستا گۆران برایم**: لەو کاتەدا کورد لەسەر ئاستی نێوخۆیی خاوەنی سەرکردەیەک نەبوو کە سەرکردایەتی بزوتنەوەیکی رزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد بکات، ئەمە بەپێچەوانەی فارسەوە بەنموونە لەئێران رەزا شای پەهلەوی توانی سەرکردایەتی ئێران بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتە کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی ئێراندا هەیە، لەتورکیا ئەتاتورک هەبوو، عەرەبەکان لەلایەکی دیکەوە خاوەنی سەرکردایەتی خۆیان بوون بۆ دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی، بەڵام کورد خاوەنی سەرکردایەتییەک نەبوو کە هەموو کورد لەژێر ئاڵایەکدا کۆبکاتەوە، و سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی بکات بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، دوای ئەوە ئەو ڕێکخراو و ئەو کۆمەڵانەی لەو کاتەدا هەبوون راستە لەهەوڵێکی گەورە زۆردابوون بۆ ئەوەی تواناکانی کورد یەکبخەن، چ ڕۆشنبیرەکان و چ عەشیرەتەکان، چ کەسایەتییە نوخبەکان، بەڵام ئەوانیش هێشتا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئەو ڕێکخراوانەی لەو کاتەدا هەبوون بەتایبەتی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و

کۆمەڵەی تەعالی کورد، جەعیەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعی و پارتی میللی کورد هەموو ئەمانە کە لەوکاتەدا هەبوون بەراستی یەکەم پەیوەندییەکی پتەو و تەنسیقێکی بەهێز لەنێوانی خۆیاندا نەبوو، دوای ئەوە تەنسیقێکی بەهێز لەنێوانی ئەوان و خەڵکی خوارەوەدا نەبوو، یەکێک لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا لەدوای پەیمانی سیڤەرەوە باسی لەوە کردووە کورد نەیتوانیوە پەیمانی سیڤەر بۆ خۆی بقۆزێتەوە، یەکێک لەهۆکارەکانی ئەوە بوو کە سەرکردایەتییەک لەکوردا نەبووە هەموو کورد لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، ئینجا ئاماژەشی بەوە کردووە کوردەکان خۆشیان لەناوخۆیاندا ناکۆکن، ئەم عەشیرەت لەگەڵ ئەو عەشیرەت ڕێکناکەوێ، ئەگەر دەسەلات بدرێ بەهەر لایەنێک لایەنەکەی تر قبوڵی ناکات.

**د. پێشڕەو حەمە جان**: وەکو ئەوەی بتوانین لەڕوانگەیەکی یاساییەوە تورکیا ناچاربکەین، بێگومان ناتوانین، بەڵام گومانی تێدا نییە وەک بەڵگەنامەیەکی سیاسی و مێژوویی کە ڕۆژگارێک هەبووە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی دانی ناوە بەوەی ناوچەیەک هەیە پێی دەوترێ کوردستان و کوردی تێدا نیشتەجێیە، ئەتوانین لەم ڕێگەیەوە کاری لەسەر بکەین، بەڵام ئەمە بەزۆرە ملێ نابێ بەتایبەتی ئەمڕۆ دەوڵەتێک هەیە ناوی دەوڵەتی تورکیایە، بەڵام ئەگونجێ لەگەڵ یەکانگیرکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی زلهێز، بێگومان هیچ ڕێگرییەکی یاسایی نییە ئێمە ئەگەر بتوانین کاری لەسەر بکەین.

## هەنگاوێکی تربۆ سەربەخۆیی

**مامۆستا گۆران برایم**: ئەگەر سەیر بکەیت ئەو ئۆتۆنۆمییە کە بەو ناوچانە ئەبەخشرا زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێک بوو بەرەو سەربەخۆیی، ئەگەر ئەو ئۆتۆنۆمییە بەکورد ببەخشرایە لەوکاتەدا و ساڵی دوای ئەوە لەڕێگەی ریفراندۆمێکەوە زۆرینەی کورد دەنگی بدایە بەسەربەخۆیی ئەو کاتە ئەیتوانی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێ و لەگەڵ ویلایەتی موسڵ و ئەو سنوورەی دیاریشکراوە.

## لەئاستی دروستبوونی دەوڵەتی کورددیدا ڕێگر هەبوو

**د. پێشڕەو حەمە جان**: من ئەمەوێت بە چەند خاڵێک وەڵام بدەمەوە یەکێک لەو خاڵانە ئەوەیە ئێمە پێمان وانەبێت کە هەموو ئەو نەخشە سیاسییانەی دەوڵەتانی پێدروست بوون لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم هەمووی لەئەنجامی ڕێکەوتننامەی سیڤەر دروست بووبێ، چونکە لەناوەڕاست و کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیماندا چەندین

ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەسترا لەوانە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ، ڕێکەوتننامەی سانڕیمۆ و چەندین ڕێکەوتننامەیان بەستبوو کە هەندێکیان تایبەت بوون بەدابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، واتە لەم ڕێکەوتننامانەدا کاری زۆریان لەسەر کردبوو نەک تەنها لەڕێکەوتننامەی سیڤەردا، بێگومان خاڵێکی تریش کە دەمەوێت لەسەری بدوێم، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەوکاتەدا دۆڕاوی جەنگی جیهانی بوو بۆیە دەوڵەتانی هاوپەیمان هەرچییەکیان بویستایە ئیرادەی خۆیان زۆر بەئاسانی فەرز ئەکرد بەسەر ئەم دەوڵەتەدا، بۆیە نیازیان وابوو چەندین دەوڵەت دروست بکەن، یەکێکیش لەو دەوڵەتانە دەوڵەتی کوردی بوو، بەڵام دواجار ئەم ئیرادەیە وەکو خۆی نەمایەوە، دەوڵەتەکانی تر دروستبوون، بەڵام ئیرادەی دەوڵەتە کوردییەکە نەمایەوە. خاڵێکی تر ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەو دەوڵەتەی کە بووە جێگرەوەی دەوڵەتی عوسمانی کۆماری تورکیا بوو کە بەسەرپەرشتی ئەتاتورک ئیشی تێدا ئەکرا، بێگومان هەندێ شوێنی وەک عێراق و سوریا و حیجاز ئیشیان بۆ دەکرا تا ببن بەخاوەنی دەوڵەتی خۆیان، ئەگەر ڕێگرێک نەبووبێ، بەڵام لەئاستی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا ڕێگر هەبوو، بەتایبەتی کۆماری ئەو کاتی تورکیا کاری لەسەر ئەوە کرد ئەم دەوڵەتی کوردییە نەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە ئەوانی تر چوونە بواری جێبەجێکردنەوە و کورد نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە، خاڵێکی تر فەرەنسا هەر لەسەرەتاوە ڕازی نەبوو بەدروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەم ناوچەیەدا، بەڵام بەرانبەر شوێنەکانی تر ڕازی بوو، خاڵێکی تر کە ئەمەوێت ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم، ئەو کاتە واقیعی دەوڵەتانی زلهێز و بەرژەوەندییەکانیان نەیانویستووە دەوڵەتی کوردی دروست ببێ، بەڵام لەڕووی واقیعییەوە بەلایانەوە مەبەست بووە، ویست و ئیرادەیان لەسەر ئەوە بووە کە دەوڵەتانی سوریا و عێراق و حیجاز دروست بکەن. بەتایبەتی کە کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەتیان هەبوو کە دواجار سوریا لەژێر ئینتیدابی فەرەنسا بوو، عێراق لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، کەواتە کۆمەڵێک بەرژەوەندیان هەبوو لەم ناوچانە، بەڵام پێدەچێ بەرژەوەندیان لەدەوڵەتی کوردیدا نەبووبێ.

**مامۆستا گۆران برایم**: مەسەلەی کورد لەوکاتەدا خۆی لاوازبوو، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد کورد سەرکردایەتییەکی وای نەبووە، کە هەموو کورد لەبزوتنەوەیەکی نەتەواتیدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەلە بقۆزێتەوە، عەشیرەتەکان لەناوخۆیاندا ناڕێک بوون، ئەو ڕێکخراوانە کوردییانەی لەو کاتەدا هەبوون نەیانتوانی هەلەکە بقۆزنەوە بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتە، بەڵام تۆ نابێ لەوکاتەدا چاوەڕێی دەستی وڵاتە هاوپەیمانەکان بیت بۆ ئەوەی دەوڵەتێکت بۆ دروست بکات، ئەگەر تورکیای کەمالی چاوەڕێی وڵاتانی هاوپەیمان بوایە ئەوە کوردستان کرا بەچوار پارچەوە، تورکیا ئەکرا بەپێنج بەشەوە، ئەو چاوەڕێی ئەوەی نەکرد، بەڵکو ئەوان دوای ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی ئەوان هەرچەندە بەشێکی گەورەی لەسەر حیسابی کوردبوو و زەرەرێکی گەورەشی لەبزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی دا لەو کاتەدا، بەڵام ئەوان توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنن، بەڵام هەڵوێستی وڵاتانی هاوپەیمانیش هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەموویان پاشەکشێیان لەپەیماننامەکە کرد دوای ئەوە یەکێتی سۆڤیەت دژایەتی پەیماننامەکەی کرد، دوای ئەوەی ئەرمەنەکان و

یۆنانییەکان ئەوانەی لەناو خاکی تورکیادا مابوون ئاگادارکران بۆ ئەوەی پاشەکشە بکەن لەخاکی تورکیادا، دوای ئەوەش مەسەلەی کوردیان بەلاوە خست، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری بکەیت ئەو بارودۆخەی لەنێوانی پەیماننامەی سیڤەر و لۆزاندا هاتووەتە کایەوە زۆرینەی زۆری لەبەرژەوەندی تورکدایە، بەریتانیاش ئەویست کورد بەکاربهێنێ بۆ بەرژەوەندی خۆی دژ بەتورکیا.



**بەغیابی کورد ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق**

**د. کامەران محەمەد**: بێگومان ئێمە ناتوانین باس لەپەیمانی لۆزان بکەین ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ سیڤەر، کە لەسیڤەردا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەشێوەیەکی یەک لاکەرەوە ئەیانویست دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز و پەرتەوازەی بکەن تەنانەت ئەو دەوڵەتە لەسنوری ئەستەنبوڵدا بهێڵنەوە، واتە بەشێوازێک پەرتی بکەن، هەموو ناوچەکانی لێ جیابکەنەوە، ئەمەش بەتایبەتی لەلایەن ئەو هێزەی کە تازە دروست بوو پێشتر بزوتنەوەی کەمالی بوو و تازە دەوڵەتی تورکیایان پێکهێنابوو بەسەرۆکایەتی ئەتاتورک، قبوڵ نەدەکرا، لەبەر ئەوە بە بەردەوامی هەوڵی یەک لایی کردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئیتاڵیا و لەگەڵ فەرەنسادا، ئەوە بوو جەنگی یۆنانی دەست پێکرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بێگومان هەموو ئەمانە وایان کرد بەریتانیا بەخۆیدا بچێتەوە و ئەوە بوو ئەو پەیماننامەیە هاتە ئاراوە و سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە پەیماننامەی سیڤەردا کرا و بەوکارانەی پێشتر لەگەڵ دەوڵەتی ئەستەنبوڵ کە دەوڵەتی سوڵتان بوو ئەو زەمانە کرابوو، بۆیە دەتوانین بڵێین نوێنەری دەوڵەتی تورکیا عیسمەت ئینیونۆ وەک نوێنەری تورکی لە لۆزان ئامادە کە ساڵی ۱۹۲۲بەسترا بۆ یەکەم جار، لۆرد کریزۆنیش وەک نوێنەری بەریتانی، بێگومان کێشەیەکی سەرەکی لەم پەیماننامەیەدا بریتی بوو لەکێشەی ویلایەتی موسڵ، ئایا موسڵ ئەبێ بخرێتە سەر تورکیا یاخود ئەبێ سەربەو دەوڵەتە نوێیە بێت کە ناوی عێراقە لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا؟ تورکیا کۆمەڵێک پاساوەی گرنگی خۆی هەبوو لەڕووی دیموگرافیاوە، لەڕووی

دانیشتوانەوە تورکەکان پێیان وابوو زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ بریتین لەکورد و تورک بۆیە ئەمە پاساوێکی بەهێزە تا بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا، هەروەها پاساوێکی تری ئابووریشیان هەبوو کە بریتی بوو لەوەی بازرگانی و ئابووری ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدایە، واتە لەگەڵ باکووری کوردستاندایە ئەمەش خاڵێکی تر بوو کە کاریان لەسەر ئەکرد، پاساوێکی تری یاساییان هەبوو تورکەکان ئەویش ئەوە بوو ئەیانوت ویلایەتی موسڵ لەکاتی جەنگدا داگیرنەکراوە، بەڵکە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانییەوە، واتە ئاگربەستی مۆندۆرس لەو کاتەوە ئەو ویلایەتە خراوەتە سەر عێراق واتە بەریتانیا هاتووە داگیری کردووە کە ئەمە پێشتر ویلایەتێکی عوسمانی بووە، لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە پاساوێکی تریان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە کوردەکان هاوسۆزی ئاینیان لەگەڵ تورکەکاندا هەیە. بۆیە عیسمەت ئینۆنۆ هەموو ئەمانەی خستە بەردەم کریزون کە لەو کاتەدا نوێنەری دەوڵەتی بەریتانی بوو، هەموو ئەمانە پاڵپشتن بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا، بەڵام لەبەرانبەر ئەوە پاش دوو مانگ کریزۆن وەڵامی ئەم پاساوانەی دایەوە سەبارەت بەدیموگرافیا ئەوەی ڕاگەیاند زۆرینەی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ کوردن نەک تورک، هیندوئەورپین ئەمەش لەڕووی نەژادەوە لەگەڵ تورکەکاندا بێگومان جیاوازن، لەڕووی ئابووریشەوە ئەوەی خستیبووەڕوو ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عێراقدایە واتە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدایە کە بەریتانیا ئەیەوێت، لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە تورکیا ئاماژەی پێکردبوو کوردەکان ئەیانەوێت لەگەڵ تورکیادابن، ئەم ئەوەی ڕاگەیاند کە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە کوردەکان بەبەردەوامی لەشۆڕشدابوون بەرانبەر بەدەووڵەتی عوسمانی تاجەنگی جیهانی، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە وا لە بەریتانیا ئەکات دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ نەبێت، چونکە کوردەکان بەکرداری نایانەوێت بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە نوێیەی کە پێی ئەوترێت تورکیا، بەڵکە ئەیانەوێت لەگەڵ عێراقدا بژین، لەڕووی یاساییشەوە پاساوێکی تری تورکەکان بوو، دەوڵەتی بەریتانی پێی وابوو ئەبێ بخرێتە سەر عێراق، چونکە بەفەرمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوکاتە بەفەرمی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، هەر کاتێکیش هەر هەنگاوێک ئەنرێت ئەبێ بەرەزامەندی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێت بۆیە ئەمە گرنگترین ئەو پاساوانە بوون هەریەک لەدەوڵەتی تورکیا و بەریتانیا بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کێشەی ویلایەتی موسڵ ئەیانخستە ڕوو، ئێمە لێرەدا ئەوە بەدی ئەکەین، ئەوەی غیابی هەیە، ئەوەی هەژماری بۆ ناکرێ بریتییە لەکورد.

## گەلەکۆمەکییەک بوو لەکورد کرا

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە زۆرتر جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەکەین کە زۆرتر پەیوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەیە، ئەمە گەلەکۆمەکییەک بوو لەکورد کرا، بەڵام ئەمە بەشێکی بچوکی پەیمانەکەیە، پەیمانەکە زادەی گۆڕانی ڕەوشی نێودەوڵەتی بوو لەو زەمەنەدا، چونکە لە ١٩٢٠ کە پەیمانی سیڤەر واژۆکرا هەلومەرجێکی تازە هاتەکایەوە، دەوڵەتی تازەی تورکیا



سەرچاوە
Serchawe

دەوڵەتێکی بەزیو بوو، شکابوو، بەشێکی زۆری شوێنەکانی داگیرکرابوو، لەسەر کاغەز پارچە پارچە کرابوو، نیاز وابوو دوو دەوڵەتی تازە بۆ ئەرمەن و کورد لەسەر خاکی ئێستای تورکیا دابمەزرێ، وڵاتەکانی تری وەک سوریا و عێراق و لوبنان وئوردوون ئەمانەی دوایی بوون بەدەوڵەت، هەموویان لەتورکیا سەندرابوونەوە. ئەمە هەلومەرجی ١٩٢٠ بوو ١٩٢٣ هەلومەرجێکی تر هاتبووە کایەوە، ئەویش ئەوە بوو هێزێکی تر لەتورکیا پەیدابووبوو مستەفا کەمال رابەرایەتی ئەکرد، تورکیا توانی بووی هەستێتەوە سەرپێ و توانی بووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی باکووردا بەهێز بکات، کارێکی وای کردبوو کوردی باکوور ببن بەهاوپەیمانی خۆی، توانی بووی رووبەرووی بەریتانیا ببێتەوە، هەروەها توانیبووی هاوپەیمانێتییەکی بەهێز لەگەڵ روسیای سۆڤیەت دابمەزرێنێ، جگە لەوەی پاشان توانی هێزە داگیرکەرەکانی یۆنان لەئەزمیر دەربکات و سەرکەوتنێکی گەورە لەشەڕی سەقاریا بەدەست بهێنێت. ئەمە هەمووی هەلومەرجی تازەبوو هاتبووە کایەوە، بەهۆی ئەمەوە لایەنەکانی تریش بیریان لەوە کردبووەوە مادەم هەلومەرجێکی تازەهاتوەتە کایەوە، باڵانسی هێزەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەوانەیە نەتوانن سیڤەر بەو جۆرەی هەیە جێبەجێ بکەن، بیریان لەئەلتەرناتیفێک کردەوە، ئەوەش بریتی بوو لە پەیمانی لۆزان کە بەشێکی زۆری بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا و بەرژەوەندییەکانی تورکیای دابین ئەکرد، یەکێک لەمەرجە سەرەکییەکانی بریتی بوو لەهەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر کە تورکیای پارچە پارچە ئەکرد، کارێکی وای کردبوو تورکیا وەکو هێزێکی گەورە و بەهێز لەناوچەکەدا نەمێنێت، جگە لەوە ئەوروپییەکان هەندێک مەرجیان هەبوو لەوانەیە لە لۆزاندا باس نەکرابێ، بەڵام ئەمان بەسەرزارەکی لەسەری رێککەوتبوون، یەکێ لەوانە ئەوە بوو لەباتی ئەوەی دوو حکومەت لە تورکیا هەبێت، یەکێکیان لە ئەنقەرە و ئەوی تریان لەئەستەنبوڵ، ئەوان بیریان لەوە کردەوە پێویستە حکومەتی خەلافەتی عوسمانی لەناوببرێ و دانی پێدانەنرێت و کاربۆ ئەوە برکێت یەک حکومەت هەبێ، ئەو کاتە لەئەنقەرە حکومەتێکی تازە دامەزرابوو. ئەمان بیریان لەوە کردبووەوە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی رزگاریان بێت لەبیروباوەڕی پانئیسلامیزم ئەو وەختە هێزێکی زۆری لەناوچەکەدا هەبوو، هەروەها گەلانی موسڵمان ئیتر لەمەولا یەک مەرجەعیەتیان نابێت بەشێوەی خەلیفەی عوسمانی، تورکیا وردە وردە ئەبێت بەبەشێک لەئەوروپا یاخود نزیک ئەبێتەوە لەئەروپا، یاخود ئەبێ بەدەوڵەتێک پشت لەکەلەپوری عوسمانیانەی ئەکات، ئەمە هەمووی قازانج بوو بۆ بەریتانیا و ئەوروپاو بەهۆی ئەمەشەوە پشتگیری جێبەجێ کردنی پەیمانی سیڤەریان نەکرد و چوونە سەر ئەو پەیمانەی لەلۆزان ئیمزاکرا لەبەرژەوەندی هەموولایەکیان بوو.

## بەریتانیا مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو

**د. کامەران محەمەد**: حەز دەکەم بەقسەیەکی دکتۆر کەمال مەزهەر مێژوونووسی گەورەی کورد دەستپێبکەم، ئەڵێت لەکاتی بەستنی پەیمانی سیڤەریشدا کە مافی کوردی بەشێوەیەکی زۆرباش تێدا رەچاوکرابوو لەبەندەکانی شەست و دوو و شەست و



سەرچاوە
Serchawe

سێ و شەست و چوار دا باس لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کرابوو، و دواتر ویلایەتی موسڵ ئەگەر ویستیان بچنە سەر ئەو دەوڵەتە دەتوانن، ئەڵێ لەو کاتەشدا بەریتانیا مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو، چونکە بەنهێنی لەگەڵ فەرەنسا و ئیتاڵیا ڕێکەوتننامەیەکیان هەیە بۆ ئەوەی لەژێرەوە ئەم پەیماننامەیە لەبار ببەن، ئەوەمان لەبیربێت لەساڵی ١٩١٦دا کۆمەڵێک نامە لەنێوان شەریفی مەکە حوسێن و مەکماهون لەقاهیرە ئاڵوگۆڕکراون، لەوێدا بەئاشکرا بەڵێن بەعەرەبەکان ئەدەن دەوڵەتێکی عەرەبی دابمەزرێنرێت و دواتریش لەکۆنگرەی ئاشتیدا بەڵێن بەمەلیک فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێنی مەکە ئەدرێت بیکەن بەسەرۆکی ئەو دەوڵەتە، لەساڵی ١٩٢٢شدا بەهەمان شێوە بەڵێنی پاراستنی خاکی عێراق ئەدا بەویلایەتی موسڵەوە بەمەلیک حوسێن ئەدات، ئەوکاتە پەیماننامەی لۆزان لەسەرەتاکانیدا بوو، واتە بەریتانیا لەسەرەتاوە لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیدا نەبووە، چونکە خۆی بەستوەتەوە بە کۆمەڵە شتێکەوە بەرژەوەندی خۆی تێدابووە، حەز دەکەم قسەیەکی وینستۆن چەرچڵ بەنموونە بهێنمەوە هەر لەو سەروبەندەدا لەسەر کوردو ئەفغان وتویەتی زۆر دروستە گازی ژەهراوی بەرانبەر بەنەتەوە ناشارستانییەکان بەکاربهێنرێ بەتایبەتیش کورد و ئەفغان ئەو کاتە وەزیری موستەعمراتی بەریتانی بووە، واتە زۆر بەباشی ئاگای لەکێشەکان بووە، بۆیە لەسەرەتاوە بەریتانیا لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو، هەر بۆیە دواتر لەرێکەوتننامەکەدا کریزۆن ئامادەیی خۆی و دەوڵەتی بەریتانی دەردەبڕێ بۆ پاشەکشەکردن لەبەندەکانی سیڤەر بەمەرجێک تورکیا ببێتە ئەندام لەکۆمەڵەی نەتەوەکاندا، بەریتانیا ئەمەی بۆچی کرد؟ بەریتانیا ئەمەی بۆ ئەوە کرد ئەگەر تورکیا ببێت بەئەندام لەکۆمەڵەی نەتەوەکاندا لەروسیا دووری ئەخاتەوە کە لەروسیا دووری خستەوە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەناوچەکانی کەنداو وعێراقدا سەلامەت ئەبێ، بۆیە بەشێوەیکی گشتی لەکۆتاییدا ئەتوانین بڵێین بەریتانیا لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووە و کاری بۆ ئەوە کردووە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتەی کە پێکی هێنابوو و پێشتریش بەڵێنی بەهەر یەک لەعەرەب و مەلیک فەیسەڵ دابوو.

## تورکیا نەیویست لەپرۆژەی دەوڵەتی کوردستان و ئەرمەنستان رزگاری بێت

**فەرید ئەسەسەرد**: ئەمە پەیمانێک بوو پەیوەندییەکانی ئەوانی سەرلەنوێ ڕێکخستەوە، بەڵام ئەم پەیمانە زۆرتر لەنێوان چەند دەوڵەتێکی بەشداربوودا بوو، هەندێک دەوڵەت بەشداربوون لەوانەیە ئێستا وجودیان نەمابێت، بەڵام ئەمە پەیمانێک بوو بۆ کۆتایی هێنان بەسەر ئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، پەیمانێک بوو بۆ دانان و چەسپاندنی نەخشەیەکی سیاسی تازە، پێویستی بەوە ئەکرد تورکیا بەشداربێت لەدانانی بەسەر ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، تورکیا ئامادەیی ئەوەی دەربڕی سنوری ئێستای بۆ بهێڵنەوە بەرانبەر بەوەی دان بەسیستمە تازەکەدا بنێ، بەرانبەر بەوەی وازی لێبێنن و ئیتر هەوڵی روخاندن و داگیرکردنی نەدەن، ئەم پەیمانە بەدڵنیاییەوە قازانجی تورکیاشی تێدابوو،

بۆ نموونە ئەوەی کە پەیوەندی بەفەرەنساوە هەبوو، فەرەنسا داگیرکەری سوریا و لوبنان بوو، ئەو پێویستی بەوە هەبوو بەفەرمی بەشێوەیەکی یاسایی دەستبەرداری وڵاتی سوریا بێت ئەم ئەوەی بەدەستهێنا، بەریتانیا پێویستی بەوە هەبوو سنورێک دەستنیشان بکرێت لەنێوان عێراق و تورکیا و مەسەلەی ویلایەتی موسڵ یەکلابکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ نەوتەکەی دەربکات، تورکیا ئەیویست خاکەکەی پارچە پارچە نەکرێت و رزگاری بێت لە پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان و پرۆژەی دەوڵەتی ئەرمەنستان، ئەوەشی بۆهاتە دی. لایەنە سەرەکییەکان ئەوانە بوون، جگە لەوەش کێشەیەکی تریش هەبوو لەنێوان تورکیا و یۆنان سەبارەت بە مەسەلەی دوورگەکان، ژمارەیەکی زۆر دوورگە لەدەریای ئیجە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە تورکیا بەوە رازی بوو سنوورەکان دەستنیشان بکرێن بەقازانجی یۆنان بەرانبەر بەوەی یۆنان واز لە ئیزمیر بێنێت و دان بەوەدا بنێت ئیتر هیچ داوایەکی نییە لەخاکی تورکیا لەبەر ئەوە هەموو لایەنەکان هەر یەکە بەقەد توانای خۆی قازانجی لەم پەیمانەکرد ئەوەی زەرەری تێدا کرد کورد و ئەرمەنەکان بوون، نەیانتوانی دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن.

**د. کامەران محەمەد**: هەر یەک لەتورکیا و بەریتانیاش کاریان لەسەر ئەوە ئەکرد کورد وەکو کارتێکی فشار کارتێکی تری یەکلایی کردنەوەی کێشەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن، ئەو پاساوانەی باسمان کرد وای لەتورکیا کرد هەمیشە خەون بەویلایەتی موسڵەوە ببینێ و بەبەشێک لەخۆی بزانێ و بانگەشەی ئەوەشی ئەکرد تا بەرژاییەکانی حەمرین ئەبێ بخرێتە سەر تورکیا بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەبوو سوپایەکی نارد، مێژوونووسان زۆر ئاماژەیان پێکردووە، لەمێژووی کوردیشدا دیارە لەناوچەی رەواندوز نیشتەجێ بوون، ئەویش سوپای ئۆزدەمیر بوو، لەوکاتەدا هەوڵیدا بەشێوازێکی زۆر لێزانانە هەست و سۆزی کوردەکان بەلای خۆیاندا رابکێشێ و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنێ، بۆیە دەستی کرد بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحمود و سەرۆک هۆزەکان و پیاوە ناودارەکان، هەوڵی ئەدا زەمینەسازی بکات بۆ راپەرینێکی هۆزەکی لەگەڵ شێخ مەحمود دا، لەم سەروبەندەشدا سوپایەکی زۆر هاتە سەر سنوورەکان، کە ئەمە لەرووی دەرونییەوە وای لەکوردەکان کرد وێنەیەکی دیکەیان بۆ تورکیا بکێشن، وێنەیەک کە لەزەینی ئەواندا تورکیا لەوانەیە بتوانێ سەرکەوتن بەسەر بەریتانیا بهێنێ، وەک ئیدمۆنز لەبەرهەمەکەی خۆیدا ئاماژەی پێدەکات هەموو هەوادارانی ئینگلیز لەناوچەکەدا واتە لەسلێمانی و هەولێر و کەرکوک کەوتنە مەترسییەوە و لەدڵەڕاوکێدا بوون. بۆیە تورکیا بە بەردەوامی کاری لەسەر ئەم خاڵە ئەکرد بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێ واتە کوردەکان وەکو وەرەقەیەک بەکار بهێنێ.

**فەرید ئەسەسەرد**: تورکەکان و کوردەکان لەو سەردەمەدا بووبوون بەهاوپەیمانی یەکتری لەو روانگەیەوە کە هەر دووکیان موسڵمان و بەریتانیا دوژمنی هەر دووکیانە و دەوڵەتێکی ئەوروپی ناموسڵمانە و رقی لە موسڵمانانە لەبەر ئەوە پێویستە کورد و تورک هەر دووکیان دژایەتی بکەن، جگە لەوەی لەو سەردەمەدا دوو مەسەلە هەبوو کوردی ورژاندبوو، یەکێکیان دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنستان بوو کورد زۆر دژی بوو، پێی وابوو ئەگەر دەوڵەتێکی مەسیحی بەتەنیش کوردەوە

دابمەزرێ لەبەرژەوەندی کوردا نییە، بەتایبەتی کە مەسەلەیەکی تریش هەیە پاش ئەوەی ئەرمەن تووشی جینۆساید بوو لەسەردەستی دەوڵەتی عوسمانی بەشێکی زۆری ماڵو موڵکی ئەرمەنەکان بەر کوردەکان کەوتبوو، لەبەر ئەوە ئەگەر دەوڵەتی ئەرمەن دروست بوایە ئەم موڵک و سامان و ماڵە هەمووی لەکورد ئەسەندرایەوە، لەبەر ئەوە کورد دژی ئەوە بوو دەوڵەتی ئەرمەنستان دابمەزرێت، کەمالیستەکانیش هەر دژی ئەوەبوون دەوڵەتی ئەرمەنستان دامەزرێ، ئەمە کورد و کەمالیستەکانی لەیەک نزیک کردەوە لەم لاشەوە بەهۆی هەستی ئاینییەوە یۆنان بەشێک لەخاکی تورکیای داگیرکردبوو بەتایبەتی شاری ئیزمیر و دەوروبەری، کوردیش پێی ناخۆش بوو گەلێکی مەسیحی بێت دەوڵەتی عوسمانی و خاکە عوسمانی داگیربکات، جا بۆیە کاتێک لەشکری مستەفا کەمال بەرێکەوت بۆ شەڕ بۆ دەرپەڕاندنی یۆنانەکان لەوانەیە نیوەی ئەم لەشکرە لەکوردەکان پێکهاتبێت.

**د. کامەران محەمەد:** تەنانەت ئۆزدەمیر ئەوەندە بەهێز بوو توانی قەناعەت بەشێخ مەحمود بکات دوو نوێنەری کورد لەویلایەتی موسڵەوە بنێرێ وەکو ئەندامی پەرلەمانی نیشتمانی گەورەی تورکیا بەشداربن و لەدانیشتنەکاندا هەڵویستی خۆی پێ بەهێز بکات، لەبەرانبەر بەریتانیا کە کوردەکان ئامادەییان هەیە لەپەرلەماندا و مافیان پارێزراوە و بەشێوەیەکی خۆویستانە ئەیانەوێت بێنە تورکیا و کۆمەڵێک پەیوەندی زۆر بەهێز کوردەکان و تورکەکان بەیەکەوە ئەبەستێتەوە.

## کورد وەک خەڵکی تر چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکرد

**فەرید ئەسەسەرد:** شاندەکان هەموو لەوێ کۆبووبوونەوە کورد وەکو خەڵکی تر چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکرد، بەپەرۆشەوە بوو بزانێ مافی دەوڵەتی لێ ئەسەندرێتەوە یاخود لێی ناسەندرێتەوە تەنانەت ئەوکاتەی شاندەکان لە لۆزان کۆبووبوونەوە، شاندی کوردی کە لەسلێمانییەوە بەناوی شێخ مەحمودەوە نێردرابوو بۆ تورکیا لەئەنقەرەبوو، لەوێ نوێنەرانی تورکیشیان بینی بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکەن لەدژایەتی کردنی بەریتانیا کە پشتگیری لە پەیمانی سیڤەر دەکات، لەوێ باس لەوەکرا ئەوان شاندیان ناردووەتە لۆزان ئێستا پێویست ناکات باس لەم مەسەلەیە بکەین، ئەبێ چاوەڕێی ئەنجامەکانی بکەین، ئەو شاندەش کە نێردرابوو بۆ ئەنقەرە هیچی بەهیچ نەکرد، چونکە ئەویش هەر پاش لۆزان هەواڵەکەی پێگەیشت وایانزانی مەسەلەکە کۆتایی پێهاتووە لەم لاوە گەڕانەوە بۆ سلێمانی، کاتێ گەڕانەوە بۆ سلێمانی دەسەڵاتی شێخ مەحمودیش نەمابوو بەریتانیا هەموو شوێنەکانی گرتبوو، شێخ مەحمود سلێمانی بەجێهێشتبوو، دەوڵەتی شێخ مەحمود کۆتایی هابوو.

## كوردەكان خاوەنی گوتارێكی یەكگرتوو نەبوون

**د. كامەران محەمەد:** دەوڵەتی توركی چەند ئەندام پەرلەمانێكی كوردی سەر بەدەوڵەتی توركیا بۆ كۆنگرەكە ناردبوو بۆ ئەوەی پیشانی بدەن ئەمانە نوێنەری كوردن هاتوون بۆ ئەوەی لەكۆنگرەكەدا بەرەزامەندی خۆیان، ئەوەمان پێڕائەگەیەنن كە بخرێنە سەردەوڵەتی توركیا، بەڵام هەر لەوێدا كریزۆن ئاماژە بەوە ئەكات ئەمانە هیچ دەسەڵاتێكیان نییە، بەتەواوەتی گوزارشت لەسیاسەتی كەمالییەكان دەكەن، ئەگینا ئەمانە تەعبیر لەخواستی سروشتی گەلی كوردناكەن بەتایبەتی لەویلایەتی موسڵ. رۆڵی كورد لەكوێدایە؟ ئاماژەمان بەوە كرد توركیا وبەریتانیا هەمیشە ئەیانویست كورد وەك كارتێك بەكار بهێنن. بەڵام ئایا كورد نەیدەتوانی سوود لەناكۆكییەكانی هەریەكە لەم دوو هێزە وەربگرێ؟ كە لەكاتێكدا ناكۆكییەكان بەئەندازەیەك بوو بۆماوەی یەك ساڵ یەكلایی كردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ بەس لەپەیمان نامەی لۆزاندا دواخرا، بێگومان ئەمە ڕەنگە پەیوەندی بە پەرتەوازەیی ونەبوونی یەكێتی نێو ماڵی كوردیدا هەبووبێ واتە كوردەكان خاوەنی گوتارێكی یەكگرتوو نەبوون بۆ روو بەروو بوونەوەی ئەم ڕەوشە. حەز دەكەم ئاماژە بە بەرهەمێكی ئەدەبی گرنگ بدەم كە بەدیدێكی رەخنەیی لەو سەردەمەدا نووسراوە و ئەتوانین بڵێین وەڵامی ئەم پرسیارەی تێدایە كە ئەویش لەخەومای جەمیل سائیبە كە رەخنە لەعەقڵییەتی سیاسی ئەوكاتەی كورد ئەگرێ، رەخنە لەسەركردایەتی كورد ئەگرێت، باس لەوە ئەكات لەنێو شاری سلێمانیدا سێ گروپ هەبوون گروپێكیان ئینگلیز خوازەكان بوون و گروپێكی تریان نەتەوەییەكان بوون و گروپێكی تریان توركچییەكان بوون، ئەوانەی سەر بە ئینگلیز بوون ئەیانویست قەناعەت بە سەركردایەتی كوردی بكەن لەو سەردەمەدا بەرژەوەندی كورد لەوەدایە بچێتە پاڵ دەوڵەتی عێراقی و ئەوەی ئینگلیز ئەیەوێت جێبەجێی بكات، چونكە ئەمڕۆ ئینگلیز گەورەی دنیایە و ئەویش بەڵێنی پێدان بەقسەیان بكات، لەدوای ئەمانەوە توركچییەكان هاتن ئەوانەی كە بانگەشەیان ئەكرد پێویستە ئێمە پەیوەندییەكی ئاینی و مێژووی بەهێز لەگەڵ توركیادا ئەمان بەستێتەوە ئەبێ بخرێینە سەر دەوڵەتی توركیا وە قەناعەتیان بەسەركردایەتی ئەوكاتە ئەكرد بەرژەوەندی ئێمە لەوەدایە كە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر توركیا، هاوكات لەوە نەتەوەییەكانیش ئەوانەی خەونی سەربەخۆیی كوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی كوردیان هەبوو، باسیان لەسەربەخۆیی كورد و دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئەكرد و باسیان لە یەكگرتنی كورد ئەكرد بەدڵنیاییەوە قەناعەتی بەوانیش هەبووە لەو كاتەدا ئەیوت ئەوەی ئێوە دەیڵێن زۆر راستە و پێویستە ئێمە وابكەین، واتە سەركردایەتی كورد ئەوكاتە خاوەنی پلانێك یان بڕیارێكی یەگرتوو نەبووە. دەتوانین بڵێین هەمیشە پاشكۆ بووە، واتە چاوەڕێی روداوەكانی ئەكرد بزانێ چی لەتوركیا ئەگوزەرێ و چی لەعێراقدا ئەگوزەرێ و دواتریش بزانن چی لەپەیماننامەی لۆزاندا ئەگوزەرێ، ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد لەپەیماننامەی لۆزاندا چۆن بڕیار لەچارەنووسی كورد ئەدرێ و ئەمان دوایی كاری بۆ بكەن، واتە ئەمە یەكێكە لەگەورەترین خاڵە لاوازەكانی



سەرچاوە
Serchawe

کورد لەو کۆنگرەیەدا ئامادەیی نەبوو.

**فەرید ئەسەسەرد**: پەیمانی لۆزان بەهیچ شێوەیەک ناوی کوردو کوردستانی تێدا نەهاتووە، ناوی ئەرمەنی تێدا نەهاتووە، تەنانەت باس لەسیڤەریش ناکات، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەڵوەشانەوەی پەیمانی سیڤەرە، تەنانەت لەو ڕێکەوتننامەیە ئەوەندەی کە قازانجی گروپە ناموسڵمانەکانی تێدبوو ئەوەندە قازانجی کەمینە موسڵمانەکانی تێدا نەبووە بۆ نموونە لە پەیمانی لۆزاندا کورد جگە لەوەی وەکو نەتەوە ناوی نەهاتووە و دانیشی پێدا نەنراوە، تەنانەت وەکو کەمینەیەکی بچوکیش لەتورکیا دانی پێدانەنراوە، چونکە یەکێک لەخاڵەکان ئەوەیە کە ئەبێت تورکیا مافی زمانەوانی و مافی کەمینە ناموسڵمانەکان دابین بکات، لەبەر ئەوە کورد موسڵمانە ئەم خاڵە نایگرێتەوە تەنانەت خوێندنی زمانی کوردیشی بۆ کورد نەسەلماندووە، هیچ بۆچوونێکی دیاری کراو سەبارەت بەمافە سیاسییەکان بۆ کورد بەرجەستە نەبووە، لۆزان وەک ئەوە باسی کوردی کردووە وەک ئەوەی کە نەبێت، تەنانەت ئەرمەنەکان هەلومەرجیان باشتربووە، چونکە ئەوان وەکو کەمینەیەکی ئاینی لەتورکیا دانیان پێدانراوە و ناویان نەهاتووە، بەڵام وەکو کەمینەیەک دانیانپێدانراوە. ئەگەر هەلومەرجی ئەو سەردەمە لەیەک بدەینەوە ئێستا زۆرکەس باسی ئەوە دەکات کە کورد بۆ هیچی نەکردووە دژی پەیمانی لۆزان؟ پرسیارەکەش لەوەوە هاتووە ئەگەر ئەمڕۆ شتێک ڕوویدات وەکو پەیمانی لۆزان ئێمە هەموو مان ڕاپەرین ئەکەین و چەک هەڵدەگرین و شەڕ ئەکەین و پەلاماری داگیرکەر ئەدەین، لانی کەم خۆ پیشاندان ئەکەین یاداشت ئەنووسین هەرواناوەستین.

---

**ئەم بابەتە وەک بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لەلایەن خاک-ەوە ئامادەکراوە. لەچوارچێوەی هەماهەنگیەکانی کوردستانی نوێو خاکدا بەچەند ئەڵقەیەک لە کوردستانی نوێشدا بڵاودەبێتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ**

ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی، ٤ی و ٢٢ی ئەپریلی، ٥ی و ١٩ی مای ٢٠١٧

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی**: ڕەحمان نەقشی

**خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی = مارچی ٢٠٢٢ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe